**هەڵوێستی ( حزبی توده ) لەئاست كێشەی نەتەوایەتی گەلی كورد لە ئێران ( 1983-1941)**

**پێشەكی:**

**حیزبی توده، یەكێكە لە گرنگترین رێكخراوە چەپە ئۆپۆزیسیۆنەكانی ئێران، كە لە نێو ڕوداوە سیاسییە گرنگ و چارەنووسسازەكانی مێژووی هاوچەرخی ئێراندا، ڕۆڵی دیاری هەبوە و وە ك جیزبێكی جەماوەری مۆدێرن و پێشەنگی جوڵانەوەی دیموكراسی ئێرانی دەركەوتووە، هەر بۆیە هەڵوێستی ئەم حیزبە سەبارەت بە كێشە سیاسی و دیموكراتیەكانی نێو كۆمەڵگای ئێرانی بایەخی تایبەت و گرنگی خۆی هەیە.**

**ئەم لێكۆڵینەوەی بەردەست ئامانجی خوێندنەوەیەكی رەخنەگرانەیە لە هەڵوێستی حیزبی توده لە حاست جوڵانەوەی نەتەوایەتی گەلی كورد لە كوردستانی ئێران مەسەلەیەكی وا كە وەك ئاگاداربین پێشتر بە شێوەیەكی بابەتیانە و سەربەخۆ كاری لە سەر نەكراوە و لێی نەكۆڵێراوەتەوە، هەر بۆیە لێرەدا بە پشتبەستن بە چەندین سەرچاوەی مێژوویی رەسەن و دكۆمێنتی بنەرەتی و لە رێگای بە كارهێنانی شێوازێكی ئەكادیمی لێكۆڵینەوە، هەوڵدراوە وێنەیەكی راستەقینە لە هەڵوێستی مەزنترین هێزی ئۆپۆزیسیۆن و رێكخراوی چەپ لە ئێراندا سەبارەت بە كێشەی كورد لەو وڵاتەدا بخرێتە بەرچاو، هەروەها بنەما و سەرچاوەكانی گرتنەبەری هەڵوێستێكی بەو چەشنە، كە بە گشتی سەلبی بوە، لە بەر تیشكی سەرچاوە و ڕوداوەكان لێكداتەوە.**

**شایەنی باسە، لێكۆڵینەوە كە لە پێشەكی و دووبەش و لیستی سەرچاوەكان پێكهاتووە.**
**لە بەشی یەكەمدا، هەوڵدراوە بە كورتی باس لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەكانی ژیانی حزبی توده بكرێت .هەر لە دامەزراندنییەوە تا لە ناو چونی، جگە لەوە هەڵدراوە هەرلەم بەشەدا باسێك بۆ گرنگترین كەم و كورتییەكانی ئەو حزبە و بەشێك لەو رەخنانە تەرخان بكرێت كە لە توده گیراون، ئەوەش بێگومان بایەخی خۆی هەیە، چونكە زانینی ئەو ڕەخنە و كەم و كورتییانە پێویستن بۆ تێگەیشتن لە چۆنێتی هەڵوێست وەرگرتنی ئەو حزبە لە كێشەی نەتەوایەتی گەلی كورد لە ئێران، مەسەلەیەكی وا كە تەواوی بەشی دووەمی بۆ تەرخانكراوە.**

**پێویستە بگوترێت، كە لە بەشی دووەمدا كەمتر لە سەر خودی كێشە نەتەوەییەكەی كورد لە ئێراندا و زیاتر لە سەر هەڵوێستی توده لەو كێشە قسە كراوە، جگە لەوەی باسێكی سەربەخۆ لەم بەشەدا بۆ ئەو بنەما و سەرچاوانە تەرخانكراوە كە هەڵوێستی سەلبی حزبی تودەیان لە مەر كێشە نەتەوایەتییەكەی كورد لە ئێران وێنا كردووە.**

**دیارە بابەتی ئەم لێكۆڵینەوەیە دەهێنی زیاتر قسەی لە سەر بكرێت و جێگای سەرنج و بیروڕای جیاوازە .هەر بۆیە ئومێد دەكەم كەسانێك كە زانیاری گرنگ و پڕبایەخیان لایە لە ڕێگای بڵاوكردنەوەی بۆچوون و سەرنجەكانیان، نێوەرۆكی ئەم لێكۆڵینەوە دەوڵەمەندتر بكەن و لە خزمەتی روونكردنەوەی راستییە مێژووییەكاندا بن .**
**لەگەڵ هیوای سەرفرازی و تەندروستی بۆ هەمووان.**

**د .یاسین سەردەشتی**
**نەورۆزی 2704**


www.pertwk.com

**سلێمانی**

**بەشی یەکەم:**

**سەرنجێکی گشتی لە مێژووی حزبی تودەی ئێران و گرنگترین کەم و کورتییەکانی**

**باسی یەکەم:سەبارەت بە قۆناغە مێژووییەکانی حزبی تودەی ئێران.**

**ئاشکرایە کە داگیر کردنی ئێران لە لایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە لە بەرواری 25ی ئابی ساڵی 1941دا، بە خاڵێکی وەرچەرخان و قۆناغێکی نوێ وچارەنووسساز لە مێژووی ئێرانی هاوچەرخ دادەنرێت کە گرنگترین دەرهاویشتەکانی هەڵوەشاندنەوەی کوتوپڕی لەشکری شاهەنشاهی ئێران و روخانی دیکتاتۆری بیست ساڵەی رەزاشا پەهلەوی بوو، لە بەرامبەریشدا ئازادبونی زیندانیە سیاسییەکان، گەڕانەوەی دوورخراوەکان لە دەرەوەی وڵات، دەستپێکردنەوەی ژیانی پارتایەتی و پەرلەمانتاری، پەرەگرتنی جوڵانەوەی دیموکراتی سەرانسەری و تێکۆشانی نەتەوایەتی ئازادیخوازانەی گەلانی غەیرە فارس، روخساری سەرەکی قۆناغە مێژووییە نوێیە کە بوون.**(1)

**لە هەل و مەرجێکی بەو جۆرەدا، ژمارەیەك لە ڕۆشنبیرە مارکسی و کۆمۆنیست و سۆسیال دیموکراتەکان و کەسانی میللی و ئازادیخوازی وەك :میرزا سلێمان اسکندری، ایرج اسکندری، رچا روستە،ادشیر ێونسیان، د .مرتچی یزدی، د <رادمنش، محمود بقراگی و خلیل ملکی...هتد، لە تشرینی یەکەمی ساڵی 1941دا حیزبێکیان بە نێوی )حزب تودە ایران / پارتی گەلی ئێران (لە تاران دامەزراند .**(2)

**شایەنی باسە حزبی تودە بە یەکێك لە گرنگترین حیزبە مارکسیستە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێرانی دادەنرێت کە بۆ ماوەی چوار دەیە لە مێژووی ئێرانی هاوچەرخدا، لە نێو رووداوە سیاسییە گرنگ و چارە نووسسازەکاندا هەڵسووڕاوە، و وەك حیزبێکی جەماوەری مۆدێڕن کاریگەری خۆی لە سەر ئەو رووداوانە هەبووە و قامکی لە سەر خەباتی دژی دیکتاتۆری و کۆنە پەرستی نێو خۆ و ئیمپریالیزم لەو وڵاتە دا دیارە، ئەوەش راستییەکە نابێ چاوی لێ بنوقێنرێت، چونکە ئەو حیزبە توانی بۆ یەکەمین جار لە مێژووی جوڵانەوەی ئازادیخوازی ئێرانیدا، خەباتی چین و توێژە ئازادیخوزەکان و زەحمەتکێشانی ئێرانی دژی دیکتاتۆری لە ڕێکخراوی جیاجیادا بە ناوی ڕێکخراوی :کرێکاری، جوتیاری، ژنان، خوێندکاران، نوسەران، مامۆستایان...هتد، کۆبکاتەوە و تێکەڵ بە سیاسەتیان بکات و رایانبهێنێت کە بە چ شێوازێك بۆ وەدەستهێنانی خواستە دیموکراتییەکانیان تێبکۆشن و جگە لەوەی سەروەری وە دەرخستنی تاوانەکانی ئەڵەمانیای نازی لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا، نێوەرۆکی سیاسەتی ئیستیخلالی دەوڵەتە زلهێزە سەرمایەدارەکان لە هەمبەر ئێران، برەو پێدان و زەقکردنەوەی خەباتی چینایەتی لەو وڵاتە و ئاراستە کردنی دژی چینە ستەمکار و کۆنە پارێزەکان، ڕەخنە گرتنی بێ پەروا و هەمە لایەنە لە گەندەڵی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە کانی وڵات لە سایەی دیکتاتۆری شاهەنشاهی پەهلەویدا، تێکڕایان بۆ حیزبی تودەی ئێران دەگەڕێتەوە، بە جۆرێکی ئەوتۆ کە ئەو حیزبە بە درێژایی تەمەنی نەوەیەکی نوێ و بەرجەستەی لە نووسەران و ڕەخنە گران و هۆنەران پێشکەش بە کۆمەڵگای ئێرانی کردووە .سەربارى ئەوەی ژمارەیەکی زۆری ئەندام و لایەنگرانی بونەتە قوربانی سیاسەتی سەرکوت و دایڵۆسینی رژێمی شاهەنشاهی و لەو لایەنەوە زێدەتر لە هێز و لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیکەی ئێران بەر شاڵاوی ڤین و تۆڵەی دام و دەزگا سەرکوتگەرەکانی حکوومەتی تاران کەوتووە.**

**هەر حاڵ، لە ڕووی مێژووییەوە دەتوانرێت بە گشتی تەمەنی پڕ لە هەوراز و نشێوی زیاتر لە چل ساڵی حیزبی تودە بە سەر چەند قۆناغی جیاوازی یەك بە دوای یەکدا دابەشبکرێت:**

:/1/1/1**لە سەرەتای دامەزراندنەوە تا رووخانی دەسەڵاتە میللیەکانی کوردستان و ئازەربایجان تشرینی یەکەمی** 1941**ــ کانوونی یەکەمی** .1946

**ئەم قۆناغە بە قۆناغی لە دایك بوون و گەشەکردنی پلە بە پلە، و بەڵام خێرای حیزبی تودە دادەنرێت، بە شێوەیەك لە کۆتایی ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا ئەو حیزبە لە کۆڕێکی رۆشنبیرانی بێ ئەزموونەوە گۆڕدرا بۆ مەزنترین حیزبی جەماوەری و کاریگەرترین هێزی سیاسی سەرشانۆی وڵات و بە هێزترین حیزبی چەپ ، نەك هەر لە ئێراندا بگرە لە تەواوی خۆرهەڵاتی ناوەندا، بێگومان رووخانی دیکتاتۆری و پەرەگرتنی جوڵانەوەی دیموکراتی گەلانی ئێران لە لایەك و پاشەکشەی فاشیزم و سەرکەوتنەکانی یەکێتی شورەوی و بوونی**



www.pertwk.com

سوپای سوور لە ناوچەکە لە لایەکی ترەوە، زەمینە خۆشکەری ئەم هەڵتۆقینەی حیزبی تودە بوون، ئەو حیزبەی لەم قۆناغەدا سەرەتا لەلایەن سلیمان اسکندری و پاش مردنی ئەویش لە ساڵی 1942وەو ایرج اسکندری رێبەرایەتییەکەی گرتە ئەستۆ.(3)

پێویستە بگوترێت حیزبی تودە سەرەتا وەك حیزبێکی دیموکراتیکی لیبراڵی ریفۆرمیست، نەك شۆڕشگێری رادیکاڵ و کۆمۆنیست هاتە مەیدان و خۆی بە نوێنەری تاقە چینێکی کۆمەڵایەتی دانەدەنا، بەڵکو ناوی )تودە/گەل(ی لە خۆناو وەك حیزبی تێکڕای چین و توێژە ئازادیخوازو پێشکەوتوخوازەکان خۆی ڕاگەیاند، لێرەشەوە سیاسەتەکانی لە مەڕ مەسەلەکانی نێو خۆو دەرەوەی ئەو قۆناغە دارِشت کە لە سەر ئاستی نێوخۆ، بەرگریکردن بوو لە بەرژەوەندی نیشتمانی و یاسای بنەڕەتی و وەدیهێنانی دیموکراسی و ریفۆرەی کۆمەڵایەتی و ئابووری، لە سەر ئاستی دەرەوەش، خەبات دژی فاشیزم و کۆلۆنیاڵیزم بوو، ئامانجەکانیشی لە :چەسپاندنی دیموکراسی، پتەوکردنی سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری ئێران، دانانی یاسای کار و گرانتی کۆمەڵایەتی، پاکسازی دەزگاکانی دەوڵەت لە پیاوانی رەزاشاهی و فاشیستەکان و پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ بەرەی دیموکراتیك بوو .(4)

شایەنی باسە پێ بە پێی گەشە کردنی حیزب و دوای بەستنی کۆنفرانسی یەکەمی لە تشرینی یەکەمی 1942دا، خواست و دروشمەکانی حیزب شێوازێکی کامڵتری و ئاشکراتریان گرتە خۆ، و خواستە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی چینە زەحمەتکێشەکانی وەك :بیمەی بێکاری، بایەخدان بە خانەنشینان، قەدەغە کردنی کاری منداڵان، دابەشکردنی زەوی بە سەر وەرزێران و هەشت سەعات کار...هتد، لە بەرنامەدا جێگیر کران(5)، ئەو بەرنامەیەی لەم قۆناغەدا بەرجەستەی تەواوی خواستەکانی ئازادیخوازان و تێکڕای چین و توێژە زەحمەتکێشەکانی کۆمەڵگای ئێرانی دەکرد، ئەوەش ڕۆڵی مەزنی لە فراوانبوونی پێگەی جەماوەری حیزب، ژمارەی ئەندامانی، فراوانبوونی رێکخستنەکانی و کردنەوەی لق و بارەگاکانی لە زۆربەی شارە گەورەکانی باکوور و دواتر باشووری ئێران دا بینی، ئەو شارانەی شوێنی ژیانی هەزارەها خوێندکار، کارمەند، رۆشنبیر و کرێکار بوون و حیزبی تودە بایەخێکی زۆری پێدەدان و هەوڵی دەدا لە ڕێگای ئۆرگانەکانی وە )رهبر(، )مردم /خەڵك(، )رزم /خەبات ( و )سیاست(ەوە، کە لە تاران دەردەچوون، و بە هۆی بڵاوکردنەوەی هەرێمییەکانی دیکەوە، سیاسەت و ئامانجەکانی حیزبی تودەیان بۆ ڕوون بکاتەوە و لە دەوری حیزبیان گرد کاتەوە و لە ڕیزەکانی خۆیدا رێکیان بخات.(6)

لێرەوە پێویستە ئاماژە بە داهێنانی ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانی وەك :لاوان، ژنان، پیشەوەران، نووسەران...هتد، بدرێت، کە حیزبی تودە بۆ یەکەمجار مۆدێرنانە دایمەزراندن و چالاکی و کارەکانیانی لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەو وەختی حیزبدا ئاراستە دەکرد(7)، بەوەش یەکەمین جارە لە مێژووی ئێراندا حیزبێکی رادیکاڵی غەیرە مەزهەبی وەك تودە، ببێتە حیزبێکی جەماوەری و لایەنگری گشتی کۆمەڵانی خەڵك مسۆگەر بکات.

لە نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا، کرێکاران لە لایەن تودە وە بایەخێکی زیاتریان پێدەدرا، هەر وەك گرنگی دان بە خەباتی کرێکاری و سەندیکا کانیش، لە سەرەتای ساڵی 1944دا ئە نجومەنێکی ناوەندی بۆ یەکێتی سەندیکاکانی ئێران بە نێوی )شورای متحد مرکزی (دامەزراند بە ڕێبەرایەتی کەسایەتی سەندیکایی ناسراوی ئێران )رچا روستە(،ئەو شورایەی زیاتر لە 300هەزار لە کرێکارانی ئێرانی لە ریزەکانی خۆیدا کۆکردبونەوە و بۆ داکۆکیکردن لە خواستەکانیان و پشتەگیری کردنی سیاسەتەکانی حیزبی تودە جاروبار دەرژانە سەر شەقامەکانی ئێران (8).

هەروەها حیزبی تودە لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، هەوڵی دابوو ڕێکخراوێکی سەربازی نهێنی لە ئەفسەرە ئازادیخواز و چەپەکانی نێو لەشکری ئێراندا بە نێوی )سازمانی نظامی جزب تودە (دابمەرزێنێت، کە بەرجەستەترین ئەندامەکانی )سرهنگ عزت الله سیامك، سرهنگ محمد علی یۆزر ، سرگرد علی یکبر اسحندانی و سیروان خسرو روزبە(بوون، و لە ڕێگای )عبدالصمد کامبحش(ی ئەندامی ڕێبەرایەتی تودەوە، پەیوەندی نهێنی و توند و تۆڵیان بە حیزبی تودەوە هەبوو، ئەو ڕێکخراوەی ژمارەیەکی بەر چاوی لە ئەفسەرەکانی ئێرانی و لە بەشە جۆربەجۆرەکانی سوپادا لە خۆگرتبوو، ئەوانە وێڕای ئەوەی هەواڵ و جموجۆڵەکانی سوپایان دەگەیاندە ڕێبەرایەتی تودە، دەیانتوانی لە کاتی پێویستدا بە قازانجی حیزب و پشتگیری سیاسەتەکانی دژی چینی فەرمانڕەوا بێنە مەیدان.(9)



www.pertwk.com

شایەنی باسە، حیزبی تودە لەم قۆناغەدا توانی وەك حیزبێكی یاسایی ئۆپۆزیسیۆن، بە كاندید كردنی (62)ئەندامی خۆی، كە (10)یان لە ڕێبەرایەتی حیزبدا بوون، بەشداری هەڵبژاردنەكانی خولی چواردەهەمی مەجلیس بكات، كە لەپاییزی ساڵی 1943دا، ئەنجامدرا و زیاتر 13%ی كۆی دەنگەكانی ئێران وەدەست بهێنێت و 8ئەندامی بە نێوی )فراكسیۆنی تودە (بنێرێتە مەجلیس .(10)

هەروەها كاتێك جوڵانەوەی ئازادیخوازی میللی لە ئازەربایجان و كوردستاندا لە كۆتایی ساڵی 1945دا پەرەیان گرت و گەلانی كورد و ئازەر حكوومەتی میللی خۆیان لە مەهاباد و تەورێز دامەزراند، نفوز و جەماوەری حیزبی تودە لە ناوەند چەند بەرامبەر بوو، بە تایبەتی پاش ئەوەی لەگەڵ )حیزبی ئێران(دا، بەرەیەكیان بە ناوی )جبهە مؤتلفە احزاب ازادیخواە (لە سەرەتای مایسی ساڵی 1946دامەزراند و بانگەشەیان بۆ تێكڕای حیزبە ئازادیخوازە ئۆپۆزیسیۆنەكانی دیكەی ئێران كرد بێتە ناوی، سەر ئەنجام حیزبی سۆسیالیست لە تاران، حیزبی جەنگەڵ لە گەیلان، فیرقەی دیموكراتی ئازەربایجان لە تەورێز، حیزبی دیموكراتی كوردستان لە مەهاباد، چوونە نێو بەرەیان ڕاگەیاند، دواتریش )قوام السلگنە(ی كۆنە سیاسەتكار و سەرۆك وەزیرانی ئێرانی، پاش ئەوەی حیزبی دیموكراتی ئێرانی لە 29ی حوزەیرانی ساڵی 1946دامەزراند، خۆی بە یەكێك لە حیزبە سەرەكییەكانی ئەو بەرەیە ڕاگەیاند.(11)

لە ڕاستیدا نفوز و دەسەڵاتی حیزبی تودە بە وەرگرتنی 3پۆستی وەزارەتەكانی )فەرهەنگ، تەندروستی، پیشە و هونەر(، لە حكوومەتەكەی قوام السلگنەدا لە 2ی ئابی 1946گەیشتە چڵە پۆپە، بەوەش ڕێبەرایەتی تودە لە كاتێكدا لە دەسەڵاتی دەوڵەتدا بەشدار بوون، كە گەورەترین ڕێكخراوی سیاسی وڵاتیان لە بەردەست بوو، ئەوەی ئەندامە بنەڕەتییەكانی خۆی دەدا لە پەنجا هەزار و لایەنگرەكانیشی سەد هەزار بوون (12)، ئەم قۆناغە كە دەكرێت بە چاخی زێڕین لە مێژووی ئەو حیزبە بێتە هەژماردن.

1|1|2لە دوای روخانی حكوومەتە میللییەكانی كوردستان و ئازەربایجان تا هەوڵی تێرۆر كردنی شاهەنشا كانوونی دووەمی 1947ـ شوباتی 1949

لە ڕاستیدا دەتوانرێت دەرچوونی سوپای سوور لە ئێران و بادانەوەی قوام السلگنە بە لای ڕاست، و ڕوخانی هەردوو حكوومەتی میللییەكەی كوردستان و ئازەربایجان لە لایەك و گەڕانەوەی ئەرتەشی شاهەنشاهی بۆ ناوچەكە و نەخشی لە ناكاوی محەمەد ڕەزاشا و پشتیوانی مەزنی ئەمریكا و نێوان گەرمبوونی لەگەڵ ئێراندا، و كێشكردنی خێرای ئەو وڵاتە بۆ ناو بازنەی ململانێی جەنگی سارد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە لایەكی ترەوە، بە وەرچەرخانێكی ڕیشەیی و خەتەرناك لە سەر هەل و مەرجی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی ئێران دابنرێت، هەل مەرجێك كە تێیدا زەمینەیەكی لەباری بۆ زیندوو كردنەوەی حوكمی دیكتاتۆری و باڵا دەستی ئەفسەرانی ئەرتەش لە سەر شانۆی سیاسی وڵات ڕەخساندەوە و پاشەكشەیەكی مەزنی بە جوڵانەوەی دیموكراتی و ئازادیخوازی گەلانی ئێران كرد.(13)

دیارە حیزبی تودە بە درێژایی چوار ساڵی ئەم قۆناغە نوێیە، دەورانی زێڕینی خۆی تێپەڕاند و لە ڕووی كار و چالاكی و ڕێكخستنەكان و توانای جەماوەرییەوە گێرقەكەی تا دەهات بەرەو خوار دەكشا و لە زۆر ڕووەوە توشی قەیرانی قووڵ و چاوەڕواننەكراو هات و زیانی مەزنی وێ كەوت.

هەر پاش گەڕانەوەی لەشكری شاهەنشاهی بۆ كوردستان و ئازەربایجان و چەسپاندنی حوكمی ڕاستڕەو كان، تەواوی ڕێكخستنەكانی حیزبی تودە لە شارەكانی باشوور و هەرێمەكانی ئێراندا، تووشی پەلامار و سەركوت و ڕاوەدووخان و گرتن و هاتن، و ڕێكخراوە جەماوەرییەكانی هەڵوەشان و بارەگاكانیان داخران، و بڵاوكراوە و

ئۆرگانەكانی حیزب لەو ناوچەیە قەدەغە كران، و وێڕای ئەوەی لە تاران حیزبی تودە سیفەتی یاسایی خۆی لە دەست نەدابوو، بەڵام بە ڕاگەیاندنی حكوومەتی سەربازی لە پایتەخت خۆپیشاندان و كۆڕ و كۆبوونەوەكانی قەدەغە كران و شێوازی حاڵەتێكی نهێنییان گرتە خۆ، و ژمارەیەكی ڕێبەرانی حیزبی وەك )كامبخش، اوانسیان، امیری خیزی وایرج اسكندری (ناچار بوون ئێران جێبهێڵن.(14)

لە هەل و مەرجێكی وا دا ناكۆكییەكانی نێو خۆیی حیزب ڕوویان لە تەقینەوە كرد، و ژمارەیەك لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی وەك :انور خامە و جلال ال احمد، بە ڕێبەرایەتی )خلیل ملحی (لە ساڵی 1947دا، جیابوونەوەی خۆیان لە تودە ڕاگەیاند و ناوی )هێزی سێیەم (یان لە خۆیان ناو، و كەوتنە بە دناوكردنی حیزبی تودە و سیاسەتی هەڵپەرستی شووڕەوی بەرامبەر بە ئێران (15)، بەوەش ئەندام و لایەنگرێكی بەرچاو لە



www.pertwk.com

حیزب تەکینەوە، کە لەوددەمەدا ژمارەی ئەندامە بنە ڕەتییەکانی بۆ هەزار کەس دابەزییوو.

شایەنی باسە، حیزبی تودە لە سەرەتای بەهاری ساڵی 1948دا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قۆناغی نوێ، کۆنگرەی دووەمی خۆی بە شێوەیەکی نیمچە نهێنی لە شاری تاران گرێدرا و هەوڵی دا ڕیزەکانی خۆی ڕێك بخاتەوە، بۆ ئەومەبەستەش ڕێبەرایەتیەکی نوێ هەڵبژێردرا،و )د . رادمنش (بووە سکرتێری یەکەمی حیزب، لە کۆنگرەدا مەسەلەکانی :ڕێز گرتنی یاسای بنەڕەتی و ئازادییە سیاسی و دیموکراتییەکان، ڕێگرتن لە گەڕانەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری بۆ ئێران، لایەنگری لە خەباتی ئازادیخوازانی گەلانی چین ڤێتنام و یۆنان، قسە و جەختیان لە مەڕ کراو لە مەرمنامەی حیزبدا چەسپێندران .(16)

لە ڕاستیدا حیزبی تودە پاش کۆنگرە لە هەوڵی ئەوەدا بوو، کاریگەرییە سلبییەکانی قۆناغە نوێیەکە لە سەر خۆی کەمکاتەوە و سەر لە نوێ کەسانی ئازادیخواز و ئۆپۆزیسیۆن لە ڕیزەکانیدا ڕێك بخاتەوە و بێ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕاستە و خۆ لەگەڵ حکوومەت و دەربارداا ڕووبەڕوو بێتەوە، بێتەوە مەیدان و ڕێبەرایەتی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران بگرێتەوە دەست، بۆ ئەو مەبەستەش لە سەرەتای پایزی ساڵی 1947دا پلنیۆمی سێیەمی خۆی بەست .دیارە ئەوەی لەم قۆناغەدا هومێدی وەدیهاتنی ئامانجەکانی حیزبی تودەی ڕێدەتر دەکرد، ئەوە بوو کە وێڕای بەردەوامی پشتگیری مادی و مەعنەوی یەکێتی شوورەوی بۆ حیزب، هەل و مەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئێرانیش تا بڵێی لە خراپی و ئاڵۆزیدا بوو.(17)

بەڵام ڕووداوی هەوڵی تێرۆر کردنی شای ئێران لە زانکۆی تاران لە 4ی شوباتی 1949دا (18)، نەك هەر هومێدکەی حیزبی تودەی کاڵ کردەوە، بگرەی حیزبیشی لەو قۆناغەدا ڕووبەڕووی چارەنووسی مەترسیدار کردەوە، پاش ئەوەی دەربارو حکوومەتی ئێران، حیزبی تودەیان وەك ئاگادتار و بەرپرسی پیلانی تێرۆرەکە تاوانبار کرد و بڕیاری نایاسایی بوون و هەڵوەشاندنەوەی حیزبی تودەیان ڕاگەیاند، ئاکامی ئەوەش پۆلیسی ئێرانی پەلاماری بارەگای ئەو حیزبەیان لە تاران دا و پارە و کەل و پەلی حیزبیان تالانکرد و زیاتر لە 200ئەندامی ڕێبەرایەتی و کادرە تودەییەکان دەستگیر کران، ئەوانەی را پێچی دادگا سەربازییەکان کران و بە تاوانی ئاژاوە گێڕی و پیلان گێڕان حوکمی توند و جیاوازیان بە سەر دا سە پێنرا، شایەنی باسە ژمارەیەك لەو ئەندامە ڕێبەرایەتییانەی حیزب وەك) :د . رادمنش، احسان گبری،فریدون کشاورز (کە سزای مەرگیان بە سەردا درا بوو، و دەستگیر نەکرابوون ئێرانیان بەرەو شوورەوی بە جێهێشت، بەوەش چالاکی و هەڵسووڕانی حیزبی تودە بە ڕادەیەکی زۆر لە کار کەوت .(19)

: 1/1/3حیزبی تودە لە دەورانی پەرەگرتنی بزووتنەوەی خۆماڵیکردنی نەوتی ئێران و حاکمییەتی مصدق دا تموزی 1949ـــ ئابی 1953

ئەم قۆناغە قۆناغێکی گرنگ و ئاڵۆزی مێژووی ئێرانی هاوچەرخ پێکدەهێنێت، کە تێیدا خەباتی بورجوا دیموکراتی نیشتمانی ئێرانی بە شێوەیەکی زۆر خێرا بە ڕێبەرایەتی بەرەی نیشتمانی بە سەر کردایەتی )د. محمد مصدق (پەرەی گرت، پاش ئەوەی دروشمی چەسپاندنی ئازادییە دیموکراتییەکان و ڕیفۆرمی ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەروەها خۆماڵیکردنی نەوتی ئێران و بە گژا چوونەوەی نفوزی بەریتانیای لە ئێراندا بەرزکردەوە و شێلگیرانە بۆ وەدیهێنانیان کەوتە خۆ، ئەوەش بوە هۆی پاشەکشەی دەربار و لایەنگرانی سیاسەتی بەریتانیا لە وڵات و کەمبوونەوەی دەسەڵاتی فەرماندەکانی لەشکر و دەزگا سەرکوتگەرەکانی ڕژێمی پەهلەوی، لە بەرامبەریشدا کۆنترۆڵکردنی مەجلیس ودامەزراندنی حکوومەتێکی نیشتمانی لە لایەن بەرەی نیشتمانی و مصدق دوە هێنایە دی .مەسەلەیەکی وا کەسەر چاوەی وەدیهێنانی فەزایەکی ئازاد و ئاوەڵای لێکەوتەوە و هێزە نیشتمانی و ئازادیخوازەکان بە دژی شا و دەربار و کۆمپانیای نەوتی ئێرانی ـــ ئینگلیزی لە سەنگەرێکدا یەك خست و شەقامی ئێرانی خستە خزمەتی هەنگاوەکانیان.(20)



www.pertwk.com

سەبارەت بە حیزبی تودە لەم قۆناغە چارەنووسسازەدا، دەکرێ بگوترێت کە پێشتر ڕاگەیاندنی مردن و پێچراوە بوونی حیزب لە لایەن ڕژێمی پەهلەوییەوە ڕاستیەکی چەسپاو نەبوو، پێچراوە بەڵێ، بەڵام مردوو نە خێر، چونکە وێڕای پەلاماردانی تودە و گرتنی ئەندامانی و نایاسایی ڕاگەیاندنی لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە وەك پێشتر ئاماژەی پێکراوە، بەڵام حیزب توانیبووی کە بەشێك لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی خۆی بپارێزێت، بە تایبەتی ڕێکخراوی سەربازی، ئەو ڕێکخراوەی کە توانیبووی لەم قۆناغەدا دزە بکاتە نێو )ڕێکخراوی هەواڵبەری سوپای ئێران(ەوە.ڕێبەرایەتی تودە لە زینداندا کۆمیتەیەکی ڕێبەرایەتی کاتییان دامەزراند و چونکە دەستیان بە دەرەوەی زینداندا دەگەیشت، کاری تەواویان بۆ خۆ ڕێکخستنەوە و پێکهێنانی شانەی نهێنی و دەرکردنی ئۆرگانەکانی وەك :رزم، مردم، قفر،....هتد داو، کەوتنە خۆ و چاوەڕێی دەرفەتێکی لەبار بوون .(21)

لە ڕاستیدا بە نێوبانگترین ڕووداوەکانی ئەم قۆناغە کە بە مەزنترین سەروەری بۆ حیزبی تودە لە قەڵەم دەردێت، هەڵاتنی (10)کەس لە ڕێبەرایەتی حیزب بوو لە زیندانی ڕژێمی شاهەنشاهی و دامەزراندنی کۆمیتەیەکی ڕێبەرایەتی (8)کەسی نوێ بوو لە سەردەمی حکوومەتی )جنرال رزم ارا(دا، (22)ئەو سەرۆك وەزیرانەی کە ئاستەنگێکی گەورە بوو لە بەردەم بزووتنەوەی خۆماڵیکردنی نەوتی ئێران و بە تیرۆکر کردنی لە 7ی ئاداری 1951دا، (23)ڕێگا بۆ بەرەی نیشتمانی و مصدق خۆش بوو تا لە نیسانی 1951دا دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست و حکوومەت دا بمەرزێنن، مەسەلەیەکی وا کە ئەو دەرفەتەی بۆ حیزبی تودە هێنایە پێش کە چاوەڕێیان دەکرد.

شایەنی باسە حیزبی تودە بێ دوا کەوتن دەستی بە چالاکی فراوان کردەوە و بڵاوکراوەکانی حیزبی پەرەپێدان و مۆڵەتی یاسایی بۆ بڵاوکراوەی )بە سوی اینده /بەرە و داهاتوو (وەدەستهێنا .ئینجا لە جیاتی ڕێکخراوە پیشەییە هەڵوەشاوەکان، چەند ئەنجومەنی :لاوان، ژنان، ڕۆژنامەنووسان، یاساناسان...هتد دیموکراتیکی دامەزراند و یەکێتییەکانی :مامۆستایان، خوێندکاران، ئەندازیاران..هتد پێکهێنا . ئەمانە و وێڕای ئەنجومەنەکانی )کمك بە دهقانان /هاوکاری وەرزێران (و )مبارزە با بیسوادی /خەبات بە دژی نەخوێندەواری (و انجمن هواداران صلح /کۆمیتەی ئاشتیخوازان (و )انجمن ملی مبارزە با استعمار /کۆمیتە نیشتمانی بە گژدا چوونەوەی کۆلۆنیالیزم (24)

بەم چەشنە حیزبی تودە بێ ئەوەی یاسای هەڵوەشانەوەکەی ڕەتکرابێتەوە، لە ماوەیەکی کەمدا توانی ببێتەوە حیزبێکی جەماوەری و وەك مەزنترین هێزی سیاسی سەر شانۆی وڵات خۆ نیشاندا، لە کاتێکدا پاش پێنج ساڵ قەدەغە کردن، ئاهەنگی مەراسیمی 1ی ئایاری جەژنی کرێکارانی جیهان لە ساڵی 1951دا ڕێگەی درا .حیزبی تودە خۆپیشاندانی لە شارەکانی ئێران پێکهێناو لە تارانی پایتەختدا زیاتر لە (25) هەزار کەسی هێنایە سەر شەقامەکان، جگە لەوەی لە کاتی توند و تیژبوونی ڕوداوەکاندا، حیزبی تودە زوو زوو خۆپیشاندانی جەماوەری و مانگرتنی کرێکارانی ساز دەدا و لەگەڵ هێزەکانی پۆلیس و پیاوانی شاهەنشاهیدا ڕوو بە ڕوو دەبوونەوە و شەقامەکانی تارانیان سوور دەکرد.(25)

شایەنی باسە نفوز و جەماوەری حیزبی تودە لە دوا ساڵەکانی حوکمڕانییەتی مصدق دا هێندە پەرەی گرتبوو، کە بە پێی هێندێك بایەخداران ژمارەی ئەندامەکانی ئەو حیزبە خۆی دەدا لە (25000)و لایەنگرانیشی نزیکەی (200000)دەبوون، هەروەك هەواڵنێرێکی بێگانە ڕادەگەیەنێت کە نفوز و پاڵپشتی جەماوەری حیزبی تودە هێندە زۆرە کە "زوو یا درەنگ، بێ ئەوەی ڕێگای توند و تیژی بگرێتە بەر، دەتوانێت دەسەڵاتی وڵات بگرێتە دەست.(26) "

1/1/4: حیزبی تودە لە نێوان کودەتای زاهدی و ڕوخاندنی ڕژێمی پەهلەوی ئابی 1952ـــ شوباتی 1979

ئاشکرایە کودەتای 19ی ئابی ساڵی 1953و ڕوخاندنی حکوومەتی مصدق بە پیلانی دەربار و ئەفسەرە شاپەرستەکان بە سەرکردایەتی )سرلشکر فیزالله زاهدی(و بە ڕێنمایی دەزگای سیخوڕیی (CIA)، بە ڕووداوێکی خەتەرناك و خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی ئێرانی هاوچەرخدا دادەنرێت، چونکە بە سەرکەوتنی کودەتا و چەسپاندنی حکوومەتی زاهیدی، گوررزێکی مەزن و جوڵانەوەی دیموکراتی ئێرانی کەوت و تووشی پاشەکشەیەکی سەر سووڕ هێنەری کرد، لە بەرامبەریشدا هێزە شاپەرستەکان بوژانەوە، ژیانی پارتایەتی و پەرلەمانتاری سەر لە نوێ

له ئێراندا پێچرایەوە و فەزایەکی سەرکوت و توندوتیژی بە جۆرێك له وڵاتدا دەستپێکرد کە زەمینەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیکتاتۆری میلیتاریستی تۆتالیتێری لە ئێراندا رەخساند کە نزیکەی چارەکە سەدەیەکی خایاند، ئەو دەوڵەتەی تا دەهات زیاتر لە رووی سیاسی، سەربازی، ئابووری و فەرهەنگییەوە خۆی بەرەو بلۆکی سەرمایەداری جیهانی و ئەمریکا دەکوتا و بەرەو وابەستەیی دەرۆیی .(27)

لە راستیدا حیزبی تودە لەم قۆناغەدا گیرۆدەی، چارەنووسێکی نالەبار و خەتەرناك هات، پاش سەرکوتنی کودەتا، قۆناغی سەرکوت و راوەدونان تا رادەی ریشەکێشکردنی حیزب دەستپێکرد، دیارە تودە زێدەتر لە تێکرای هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیکەی ئێران وە بەر شاڵاوی رق و تۆڵەی حکوومەتی کودەتا و دەربار کەوت، پاش ئەوەی رژێمی شاهەنشاهی لە رێگای دەزگا هەواڵبەرەکانی فەرماندەری سەربازی لە تاران و بە یارمەتی دەزگای (CIA)هەواڵی ووردی لە سەر رێکخستنەکان و شوێنی نهێنی و ئەندامە چالاکەکانی حیزب چنگ کەوت، زنجیرەیەك شاڵاوی راونان و گرتنی تودەییەکانی دەستپێکرد و لە نێوان ساڵانی 1953ـــ 1958زیاتر ەل سێ هەزار کەسی لە کادر و ئەندامە چالاکەکانی حیزبی تودە گرت و رەوانەی زیندانە تاریك و شکەنجەخانەکانی کردن، کە هێندێك لەوانەی پلەی رێبەرایەتییان هەبوو،وەك )بهرامی، یزدی، علوی و شرمینی.(28) (

مەزنترین گورز کە لەم قۆناغەدا حیزبی تودەی لە بناغەوە هەڵتەکاند، ئاشکرابوونی رێکخراوی سەربازی حیزب بوو لە ساڵی 1955و گرتنی زیاتر لە حەفتا ئەفسەری پایە بەرزو پلە جیای تودەیی بوو لە سوپای ئێراندا، کە بەشێکی زۆریان لە لایەن دادگا سەربازییەکانەوە بە تاوانی خیانەت بە مەرگ سزادران و گوللە باران کران .(29)

دیارە لە هەل و مەرجی شاڵاوی توند و پەلاماری بەرفراوانی لەو چەشنەدا، ئەو ئەندام و رێبەرانەی تودە کە تا ئەو دەمە لە ئێراندا مابوونەوە و دەستگیر نەکرابوون وەك )کیانوری، جودت..هتد (ناچار بوون رێگای شورەوی بگرنە بەر و لە ئێران بچنە دەر و تەواوی رێبەرایەتی تەسلیم بە )خسرو روزبە (بکەن، ئەو خسروەی پاش یەك دوو ساڵ کەوتە بەر پەلاماری پۆلیسی نهێنی شاهەنشاهی و دوای ئەوەی بە بریندار دەستگیر کرا، لە ساڵی 1958دا گوللە باران کرا.(30)

بەمجۆرە حیزبی تودە لە بەریەك هەڵوەشا و لە ئێران ریشەکێشکرا، ئەوانەشی پێشتر چووبوونە دەرەوە، لەگەڵ رێبەر و ئەندامە راکردووەکانی پاش کودەتای ئابی 1953، لە مۆسکۆی پایتەختی یەکێتی شوورەوی یەکیان گرتەوە و بە ناوی حیزبی تودە درێژەیان بە کاری حیزبایەتی لە تاراوگەدا، ئەوانەی لە ساڵی 1959بنکەیان گواستەوە بۆ شاری )لایپزیك(ی ئەلمانیای خۆر هەلاّت، بێ ئەوەی کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لە سەر رووداوەکانی ئێران هەبێت .

هەر لێرەدا پێویستە بگوترێت کە حیزبی تودە لە پلنیۆمی یازدەهەمیدا لە ساڵی 1964، تووشی پەرتبوونێکی تر هات ، کە لە مێژووی حیزبدا بە )پەرتبوونی ماوییەکان (و مەزنترین جیابوونەوە دادەنرێت، کاتێك دوو ئەندامی چالاکی کۆمیتەی ناوەندی بە ناوی )احمد قاسمی، د.غلام حسینی فروتن (جیابوونەوەی خۆیان راگەیاند و چوونە ئەوروپای خۆرئاوا و تەواوی رێکخراوە خوێندکارییە ئێرانییەکانی سەر بە تودەیان لە خۆیان کۆکردەوە و سەرەتا )سازمانی انقلابی حزب تودە /رێکخراوی شۆرشگێری حیزبی تودە (و دواتر رێکخراوی توفان /لافاو(یان دامەزراند .(31)

ئەو رووداوانە کاردانەوەی خراپیان لە سەر باری نالەباری حیزبی تودە لە تاراوگە بە جێهێلا، پۆستی رێبەریش کە نزیکەی بیست ساڵێك بوو لە دەستی د.رادمنش دابوو، لە پلنیۆمی سیازدەهەمی حیزبدا لە ساڵی 1969کەوتەوە دەست ایرج اسکندری، کە ئەویش پاش دە ساڵ واتە لە شوباتی 1979دا بۆ نورالدین کیانوری بە جێهێلا، ئەو کاتەی شۆرشی گەلانی ئێران بۆ روخانی رژێمی شاهەنشاهی لە گەرمەیدا بوو.

1/1/5لە روخاندنی رژێمی شاهەنشاهیەوە بۆ گورزی گورچکبری کۆماری ئیسلامی .شوباتی 1979ـــ 1983 :

ئەم قۆناغە بە دوا قۆناغی ژیان و چالاکی سیاسی حیزبی توده دێتە ژماردن، کە سەرەتاکەی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕوخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهی پەهلەوییە، و نێوەندەکەشی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی و ململانێی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییە جۆربە جۆرەکانی ئێرانییە لە پێناوی گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسیدا ، و دوا بەشیشی چەسپاندنی دەسەڵاتی باڵی ئاخوندە بونیاد گەراکانی نێو دەزگای ئاینی ئێران و ڕاگەیاندنی دیکتاتۆرییەتی مەزهەبی و شاڵاوی لە ناکاو بەرفراوانی دەزگا سەرکوتگەرەکانی ڕژێمی ئیسلامییە بۆ سەر حیزبی توده و دەستگیر کردنی زیاتر لە هەزار ئەندامی ئەو حیزبەیە بە خودی )کیانوری (ڕێبەریشەوە.

لە ڕاستیدا بە سەر کەوتنی شۆڕش و ڕوخانی ڕژێمی دیکتاتۆری پەهلەوی، فەزایەکی ئازاد و ئاوەڵا لە ئێران هاتە ئارا، بەوەش ڕێبەرە ئاوارەکانی ئەورووپای خۆرهەڵاتی حیزبی توده هەل و مەرجی گەڕانەوەیان بۆ ڕەخسا، ئەوانەی کاتێك گەڕانەوە ئێران وێڕای ڕێکخراوێکی بچوکی نهێنی لە تاران کە بە ناوی )نوید (و لە لایەن )محمد مهدی پرتوی و )رحمان هاتفی (وە سەرپەرشتی دەکرا، تەشکیلات و نفوز و جەماوەرێکی دیاریکراویان نەبوو، بەڵام هەر زوو ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە کەوتە خۆ کە سەر لە نوێ بە چەشنێکی ئاشکراو نهێنی، ڕێکخستنەکانیان زیندوو بکەنەوە و هەوڵبدەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتییان لە نێو کۆمەڵگای ئێراندا هەبێت .(32)

شایەنی باسە حیزبی توده بە پشتبەستن بە سیاسەتی لایەنگری و پشتگیری بێ قەید و شەرتی باڵی ڕادیکاڵی مەزهەبی، و بەستنی پەیوەندی توند وتۆڵ لەگەڵ شورەویدا، و هەوڵدان بۆ نەخشاندنی ڕووی شۆڕش وەك شۆڕشێکی دژی ئەمریکا و بلۆکی سەرمایەداری، توانی تا ڕادەیەك و بە شێوەیەکی کاتی شوێنی خۆی لە سەر شانۆی سیاسی وڵات بکاتەوە و وەك ئۆپۆزیسیۆنێکی وەفادار و یاسایی لە پێشەوەی خەتی )ئیمام(دا خۆ بنوێنێ، بێ ئەوەی حیسابێك بۆ ئەو ڕاستییە بکات کە باڵی ڕادیکاڵی مەزهەبی و حکوومەتی ویلایەتی فەقێ هەروا بە ئاسانی مەسەلەکانی ڕاگرتنی ئۆپۆزیسیۆن و وەفاداری حیزبێکی مارکسی و چوونە نێو بلۆکی سۆسیالیستی پێ هەرس ناکرێت، هەر بۆیە هێندێك نووسەر ناوی )سەمای مەرگ (یان لە سەر ئەم قۆناغەی ژیانی حیزبی توده و سەرجەم هێزە مارکسی و چەپەکانی ئێران داناوە (33)، ئەو مەرگەی کە لە سەرەتای بەهاری 1983دا بووە میوانی حیزبی توده، ئەویش پاش ئەوەی لە ناوەڕاستی ساڵی 1982دا )ڤلادیمیر کوزیچکین ( دیپلۆماتی شورەوی و ئەفسەری (K.G.B)ی باڵیۆزخانەی شورەوی لە تاران، لە ڕێگای تورکیاوە پەنای بردە بەریتانیا، و لیستێکی ناوی سیخوڕەکانی یەکێتی شوەوی لە ئێراندا پێشکەش بە دەزگای هەواڵبەری )ئینتلجنس سێرڤایس(ی بەریتانیا کرد، کاربەدەستانی بەریتانیاش لە ڕێگای پاکستانەوە ئەو زانیاری و ناوانەیان خستە بەردەست دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، ئەو ڕژێمەی کە لە شوباتی ساڵی 1983دا، کتوپڕ گورزێکی گورچکبڕی سرەواندە حیزبی تودەو تا نیسانی ئەو ساڵە تەواوی ئەندام و ڕێبەرەکانی قۆڵبەست کردن و مەرگی دووبارە و هەتا هەتایی ئەو حیزبەی ڕاگەیاند .(34)

بە مجۆرە حیزبی توده کە دەتوانرێت وەك دایکی ڕێکخراوە مارکسی و چەپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێرانی هاوچەرخ دابنرێت و لە تێکڕایان بە تەمەنتر و نفوز دارتر بوو، لانی کەم لە قۆناغی یەکەم و سێیەمی مێژووی ژیانیدا، لە وەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی تەواو و فەرمانڕەوایی ئێران ناکام بوو، لە کاتێکدا هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیکەی وەك :نیشتمانییە لیبراڵەکان یامەزهەبییەکانی زیاتر لە توده بە ختیان لە حاکمییەت و گرتنە دەستی دەسەڵاتدا یار بوو.

باسی دووەم :بەشێك لە کەم و کورتییەکان و ئەو ڕەخنانەی لە حیزبی تودەی ئێران گیراون.

سەرەتا پێویستە ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە بکرێت، کە کەم ڕێکخراو و حیزبی سیاسی لە ئێراندا هەن ئەندازەی حیزبی توده قسە لە سەر هەڵە و کەم و کورتییەکانیان کرابێت و مێژوو و تێکۆشان و هەڵوێست و ئاکار و کەسایەتی ڕێبەرەکانیان وەك توده، بەر نەشتەری تیژی ڕەخنە گران درابێت، کە بەشێکی ئەوانە ، وێڕای دەزگا ڕاگەیاندنەکانی دەسەڵاتی حاکم و لایەنگرانیان، یان لە نێو هێز و گروپە ئۆپۆزیسیۆنە ئێرانییەکانن، یا خود کۆنە ئەندام و دۆستی دێرینی ئەو حیزبەبوون و پاشتر لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی دواتری حیزبدا لێی جیابونەتەوە



www.pertwk.com

یان وازیان لێ هێناوە و لە سیاسەت دوور کەوتوونەتەوە .شایەنی باسە بەشێکی بەرچاوی نووسراوە ڕەخنە ئامێزەکان بۆ ئەو سەرکردە و ڕێبەرە پلەیەکانەی حیزب دەگەڕێتەوە کە پاش گرتنیان و هەڵوەشانەوەی حیزب وەك بیرەوەری و هەڵسەنگاندنی سیاسەتەکانی تودە و نیشاندانی هەڵوێستیان بڵاویان کردۆتەوە، هێندێکی دیکەشیان وەك )احسان گبری (تیۆریستەی حیزبی تودە لەوەشی تێپەڕاندووە و مەسەلەی ڕەخنە گرتن و باسکردنی کەم و کورتییەکانی حیزبی تودەی وەك پەشیماننامە و نەفرەتنامەیەك لە ڕابردوو و تێکۆشانی چەند ساڵەی بە چاپ گەیاندووە و تا توانیویەتی لە ڕیسوا کردنی پێشینەی خۆی و هاوڕێکانی و سیاسەت و هەڵوێستەکانی تودە بەرامبەر ڕووداوە مێژووییەکانی ئێران کەمتەرخەمی نەکردووە.
هەر حاڵ دەکرێت سەرەکیترین ئەو کەم و کورتی و ڕەخنانەی ئاراستەی حیزبی تودە کراون، بەم شێوەی خوارەوە بخرێنە بەر چاو:

1/2/1وابەستە بوون بە شوورەوی و خولانەوە لە بازنەی بەرژەوەندییەکانی بلۆکی سۆسیالیستدا:

زۆربەی سەرچاوەکان لە سەر ئەوە کۆکن کە حیزبی تودەی ئێران بە درێژایی مێژووی هەڵسووڕانی وەك حیزبێکی سەربەخۆی چەپی نیشتمانی نە جوڵاوەتەوە و چالاکییەکانی لە پێناو پشتگیری و لایەنگریکردنی بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی ڕۆژی یەکێتی شورەوی لە ئێران و ناوچەکەدا بووە، بە جۆرێك ئەو حیزبە بە تەواوی تەسلیمی ئیرادەی ئەنتەرناسیونالیزمی کۆمۆنیست )کۆمێنترن (بووە و وەك ئامرازێکی دەستی ئەو زلهێزە لە ئێراندا هەڵسووڕاوە،ئەوەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حیزبی تودە لە قۆناغی حوکم و باڵادەستی ستالینییەتدا تروکاوە و لەو ڕووەوە چ وەك حیزبێکی کۆمۆنیستی دەورانی ستالین کە دەبوایە گوێڕایەڵی پارتی کۆمۆنیستی شورەوی بێت و پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵیدا هەبێت، یا خود لە ڕێگای بەشێك لەو ڕێبەرە تودەییانەی وەك )کامبحش و کیانوری...هتد (کە پەیوەندی راستەوخۆو ژێر بە ژێریان لەگەڵ دیپلۆمات و دەزگا هەوڵبەرو سیخوڕییەکانی یەکێتی شورەویدا هەبوون، مەسەلەیەکی وا کە خودی ئەو ڕێبەرانە بە شێوەیەك لە شێوەکان رادەیەکی دانیان پیاناوە و لە بایەخداران شاراوە نییە.

شایەنی باسە وابەستەیی حیزبی تودە بە یەکێتی شورەوییەوە لە قۆناغی هەڵاتنی ڕێبەرانی ئەو حیزبە لە ئێرانەوە بۆ شورەوی و مانەوەی چەند ساڵەیان لە ئەوروپای خۆرهەڵات بە ڕادیەکی بەرچاو توندتر بوو، دیارە لە تەواوی مێژووی پڕ هەوراز و نشێوی حیزبی تودەدا چەندین نموونەی زەق بەرچاو دەکەون کە ئەو ڕاستییەی سەرەوە بسەلمێنێت لەوانە :ڕێگرتن لە مانگرتنە کرێکارییەکانی کارگە وکۆمپانیاکانی شارەکانی باشووری ئێران لە سەرەتای ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا، بادانەوەی سەدو هەشتا پلەی فراکسیۆنی تودە لە مەجلیسی چواردەهەمدا و لایەنگری لە بەخشینی ئیمتیازی نەوتی ئێران بە شورەوی و خۆپیشاندان دژی حکوومەتی )ساعد (کە ئامادە نەبوو داواکانی شاندەکەی شورەوی بە سەرۆکایەتی )کافتارزادە (لەو بارەیەوە بسەلمێنێت، هەروەها دژایەتیکردنی ئەمەریکا و گەرمکردنی پێش وەختی پەلاماری پڕۆ پاگندەیی لە کاتێکدا بزووتنەوەی نیشتمانی دیموکراتی ئێرانی لەگەڵ بەریتانیادا سەنگەریان لێکتر گرتبوو، جگە لە دژایەتیکردنی توندی هێزە مارکسییە ماوییەکان، یان ئەو هێزە چەپ و ئازادیخوازانەی ئامادە نەبوون وەك تودە جڵەوی خۆیان لە دەستی کاربەدەستانی شورەوی بنێن و لە بازنەی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژی شورەویدا نەدەخولانەوە و ڕەخنەیان لە شورەوی دەگرت .(35)

شایەنی باسە بیرەوەرییەکانی سەرانی حیزبی تودە بە ئاشکرا ڕاستی وابەستەیی بێ قەیدو شەرتی ئەو حیزبەمان بە یەکێتی شورەوییەوە دەخەنە بەر چاو، لەو بارەیەوە تیۆریستەی چواردەیەی حیزبی تودە )احسان گبری (لە بیرەوەرییەکانیدا حیزبی تودە بە حیزبێکی بێگانە پەرەستی جاسووسپەروەر، و ئامرازی دەستی کۆمێنترن، و نۆکەری یەکێتی شورەوی لە ئێراندا دەناسێنێت و لە یەکێك لە لاپەڕەکانیدا نوسیویە "حیزبی تودە ئەنتەرناسیونالیزم و سۆڤێتیزمی واتە شورەوی پەرەستی بە یەك شت دەزانی و دەیگوت :هەر کارێکی دژی شورەوی کارێکی دژی کۆمۆنیزمە .(36)"هەروەها کاتێك باسی پەلاماری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزب و گرتن و هێنانە سەر شاشەی تەلەفیزۆنی ئێرانی سەر کردە تودەییەکان بە تاوانی جاسوسی بۆ شورەوی دەکات دەڵێت "حیزبی شەیتان )مەبەستی تودەیە/ل (سەرئە نجام ڕووی ڕاستە قینەی خۆی بۆ تێکڕای خەڵکی ئێران و جیهان ئاشکرا کرد )مەبەستی سیخوڕییە بۆ شورەوی ـــ ل.(37) "(

هەروەها )فریدون کشاورز (کە ئەندامێکی دیکەی ڕێبەرایەتی حیزبی تودە بووە دان بە ڕاستییەدا دەنێت و باس لەوە دەکات کە پارتی کۆمۆنیستی شورەوی ئەو هەڵەیان بە خراپی فۆزستۆتەوە کە زۆرینەی ئەندامانی حیزبی تودە بڕوایەکی پتەویان بە ئەنتەرناسیونالیزم هەبووە، تا ئەو ڕادەیەی بە کرێگرتە و سیخوڕانی خۆیان بە سەر حیزبدا سەپاندووە و "ئەوانەی گەیشتنە پلە باڵاکانی حیزب و هێدی هێدی حیزبی تودەی ئێرانیان گۆڕی بۆ ئامرازێکی

وەدیهاتنی سیاسەتەکانی شورەوی (38)"دیارە گەر لە نوسینەکانی )خلیل ملکی و ایرج اسکندری (و ڕێبەرانی دیکەی حیزبی تودە بڕوانین زۆر زیاتر سەبارەت بە وابەستەیی ئەو حیزبە بۆ شورەوی بەر چاو دەکەوێت.(39)

ڕاستییەکی بەو چەشنە کە سەرچاوەی ڕاستەقینەی زۆربەی کەم و کورتییەکانی دیکەی حیزبی تودە بوو.

:1/1/2ڕاڤە کردنی چەواشەکارانە و گرتنە بەری هەڵوێستی چەوت لە حاست جوڵانەوەی دیموکراتی ئێراندا.

یەکێك لە توندترینی ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی حیزبی تودەی ئێران کراون، بریتییە لە هەڵنەسەنگاندنێکی واقیعبینانەی بۆ ڕووداوە چارەنووسسازەکانی ئێران لە کاتی خۆیدا و گرتنە بەری سیاسەتێکی ئوپۆرتۆنیستی و چەواشەکارانە و هەڵوێستی چەوت وناشۆڕشگێڕانە لە حاست خەباتی ئازادیخوازی و دیموکراتی گەلانی ئێران و دژی یکتاتۆری و نفوزی بێگانە لە وڵاتدا، کە ئاکامەکەی بە زیانێکی مەزن بۆ ئەوخەباتە کۆتایی هاتووە و ئاوی بە ئاشی ڕژێمە دیکتاتۆر وسەرکوتکەرەکانی ئێراندا کردووە، بۆ نموونە:

:1 /1/2/2زەمینە خۆشکردنی بۆ )قوام السلگنە(ی فریودەر

ئاشکرایە حیزبی تودە بە درێژایی تەمەنی و بە تایبەتی لە ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا، لە کلاوڕۆژنەی قازانج وبەرژەوەندییەکانی شورەوییەوە، ڕووداوەکانی هەڵسەنگاندووە و هەڵوێستی لێگرتوون، هەربۆیە کاتێك مەسەلەی جوڵانەوەی نەتەوەیی گەلانی غەیرە فارس، بە تایبەتی لە کوردستان وئازەربایجان بە دامەزراندنی دەسەڵاتی میللی خۆیان هەنگاوێکی مەزن چونە پێش، و پێویستی ئەوە لە بەردەمدا بوو، کە لەگەڵ جوڵانە وەی دیموکراتی سەراسەری ئاوێتە بکرێن و زەمینەی دیموکراتیزەکردنی ئێران برەخسێنرێت، ئەو کاتە حیزبی تودە لە سۆنگەی شورەو یخوازی و بێ ئەزمونی و هەڵنەسەنگاندنی ڕەهەندە ڕاستەقینەکانی مەسەلەکان، سیاسەتێکی چەوت و مانۆڕێکی سەرە ڕۆیانەی گرتەبەر، ئەویش بە چەواشەکردنی هێزە دیموکرا تخوازەکانی ئێران و کۆکردنەوەیان بوو لە بەرەیەکدا بە ناوی )جبهه مؤتلفه احزاب ازادیخواه (و تەسلیمکردنی جڵەوی ئەو بەرەیە بوو بە فێڵبازترین و بێگانە پەرەستترین و کۆنە پەرەستترین سیاسەتەکاری ئێران واتە )قوام السلگنە.(

شایەنی باسە قوام وەك پاداش و بۆ فریوکاری، سەرەتا سێ کورسی وەزارتەکانی حکوومەتەکەی بە سێ ئەندامی هەڵپەرەستی ڕێبەرایەتی حیزبی تودە بەخشی، و مانۆڕێکی ڕیاکارانەی گرتە بەر تا خۆی وەك ئازادیخوازێکی شورەویخوازی ڕاستەقینە بێنیتە بەرچاو، ئەوەش زەمینەی چوونە دەرەوەی هێزەکانی شورەوی لە ئێران و ڕوخاندنی هەر دوو حکوومەتی کوردستان و ئازەربایجان، و گەڕانەوەی لەشکری شاهەنشاهی بۆ ناوچە ئازادەکانی ئێران ڕەخساندەوە وگورزی توند لە جوڵانەوەی ئازادیخوازی گەلانی ئێران وەشێنرا، مەسەلەیەکی وا کە خودی کیانووری لە بیرەوەرییەکانیدا بە داخێکی زۆرەوە باسی لێوە دەکات و بە هەڵەیەکی مەزنی دادەنێ لە مێژووی حیزبی تودە دا .(40)

:1/2/2/2هەڵوێست لە خۆماڵیکردنی نەوتی ئێران و حکوومەتی بەرەی نیشتمانی

وەك دەزانرێت جوڵانەوەی دیموکراتی نیشتمانی ئێرانی لە کۆتایی چلەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتای پەنجاکانیدا بوژانەوەیەکی خێرای بە خۆوە بینی، بە جۆرێك پاشەکشەی بە دەربار و هێزە شاپەرەستەکان لە وڵاتتدا کرد و بۆ ڕیشە کێشکردنی نفوزی سیاسی و ئابووری پیرە ئیسیعماری بەریتانیا کەوتە خۆ، و توانی دەسەڵات بگرێتە دەست و دروشمی )خۆماڵیکردنی نەوتی ئێران (بکاتە دروشمێکی جەماوەری، حیزبی تودە کە هەڵوێستێکی نادروستیان دژی بەرەی نیشتمانی و د .مصدق و دروشمی خۆماڵیکردنی نەوتی ئێران گرتەبەر، گیروگرفتێکی



www.pertwk.com

گەورەیان خستە بەردەم جولانەوەی دیموکراتی نیشتمانی، و بەوەش بەشێکی مەزنی لێپرسراوێتیان سەبارەت بە شکستی جولانەوەکە لەو قۆناغە دا و سەرکەوتنی کودەتای 19ی ئابی 1953ی شاپەرەستەکان کەوتە سەر شان.

شایەنی باسە حیزبی تودە لە کلاورۆژنەی ئەو باوەرەی کە کۆمۆنیستە شورەوییەکان قسەیان لێوە دەکرد، گوایە چینی بۆرجوا لە خەباتی گەلانی کۆلۆنی و نیمچە کۆلۆنیدا پشتی لە دروشمی دیموکراسی وەرگێراوە و مەبەستێکی وا تەنیا لە ڕێگای ئینتەر ناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریاوە ئەگەری سەرکەوتنی دەبێت، لێرەوە بەرەی نیشتمانییان بە جەریانێکی پەیوەست بە چینی بۆرجوا و مولکداری لیبرالْ دەدایە قەلەم، کە تێکۆشانی سرۆشتێکی ریفۆرمیستانەی چەواشە کارانەی هەیە و دەیەوێت بە پشتبەستن بە ئیمپریالیزمی ئەمەریکا شوێنێکی لە دەسەلاتدا چنگ کەوێت و لە بنەرەتدا کار بۆ چەسپاندنی نفوز و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە ئێراندا دەکات .هەر بۆیە حیزبی تودە لە تەواوی ئۆرگان و بلاوکراوەکانی خۆیدا ناوی )بەرەی ئیمپریالیستی(، )بەرەی دژی میللی (و )نۆکەرانی ڕیسوای ئیسیعماری (لە جیاتی بەرەی نیشتمانی بە کار هێناو بە سووك ترین شێوە نێوی ڕێبەرەکانی دەبردن و، لەقاودانی دروشمەکانی بەرەی نیشتمانی وهەوڵدان بۆ دوورخستنەوەی جەماوەر لەو بەرەیەی لەم قۆناغەدا کردبووە ئەرکی پلەیەکی خۆی .(41)

حیزبی تودە هەوڵی دەدا والە خەڵك بگەیەنێت، کە دروشمی خۆماڵیکردنی نەوت دروشمێکی فریودەرانەیە لە لایەن بەرەی نیشتمانییە بەرز کراوەتەوە، و لە کاتێکدا حکوومەتێکی دیموکراتیکی شورەوی دۆست لە ئێراندا دەسەلاتدار نەبێت، وەدیهاتنێکی راستەقینەی دروشمێکی وا ئیمکانی نابێت، لە بەر ئەوە حیزبی تودە لە بەرامبەر ئەو دروشمەی بەرەی نیشتمانیدا، دروشمی )ڕەتکردنەوەی بێ قەید و شەرتی ئیمتیازی نەوتی باشور (هەڵبڕیبوو .(42)

دەبێ بگوترێت، ویرای ئەوهەڵوێستە سەرسەختەی حیزبی تودە دژی بەرەی نیشتمانی و بزووتنەوەی خۆماڵیکردنی نەوتی ئێران، کەچی ئەو بزووتنەوەیە تا دەهات زیاتر فراوانتر و جەماوەری تر خۆی دەنواند ولە ئامانجەکانی نزیك دەکەوتەوە، بە چەشنێکی وا پاشەکشەیەکی کاتی بە دەربار و هێزە شاپەرەستەکان و کۆمپانیای نەوتی ئێرانی ـــ ئینگلیزی کرد و هەنگاوی بەرەو دیموکراتیزە کردنی ئێران دەهاوێشت .(43)

لە هەل و مەرجێکی بەو جۆرە و پاش بە فیرۆدانی کاتێکی زۆر، ئینجا حیزبی تودە سەد وهەشتا پلە لە هەڵوێستی پێشووی بایداوەو کەوتە لایەنگری بەرەی نیشتمانی، و زۆربەی کات جەماوەری خۆی بۆ پشتگیری مصدق دەرژانە سەر شەقامەکان و لەگەلْ پۆلیس وهێزە شاپەرەستەکاندا ڕووبەڕوو بوونەوەی خوێناوی دەقەوماند، جگە لەوەی دروشمی قەبە و توندڕوانەی ناوەختی وەك :دابەشکردنی بێ بیمەی زەوی مولکداران بە سەر جوتیاران، دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراتێکی گەلی، میللەتی ئێران کودەتا بە دژە کودەتا وەلام دەداتەوە...هتد یان بەرز دەکردەوە و ئاکاری ئانارشیستانە و ئۆپۆرتۆنیستانەیان ڕۆڵی لە ئالۆز کردنی بارودۆخەدا دەبینی .(44)

کەچی لە ڕۆژی کودەتاکەی زاهدی و ڕوخانی حکوومەتی مصدق دا، وێرای ئەوەی حیزبی تودە لە توانایەکی جەماوەری مەزن و ڕێکخراوێکی تۆکمەی سەربازی بەرخورداربوو، نەك هەر دژە کردەوەیەکیان بەرامبەر کودەتا و پیلانی شاپەرەستەکان لێ نەبینرا، بگرە ئەندام ولایەنگرانیشیان لە مالْ نەهاتنە دەر. ئەوەشی قسەیان لێدەکرد گوایە لە (20)ی ئابدا بزووتنەوەیەکی سیاسی و چەکداری و ڕێکخراوەیی بەرفراوان بە دژی کودەتا دەستپێدەکا، درۆ دەرچوو. پاساویشیان بۆ ئەو مەسەلەیە ئەوە بوو "ئەگەر کارێکی چەکدارانەمان کرابا، شکست و سەرکوت توندتر بە بوون و پێشقەڕە و لا نمان بێ ئامادە باشییەکی گشتی لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی نابەرامبەردا لە دەست دەدا.!!(45) "

پاشتریش حیزبی تودە لە بلاوکراوەیەکدا بە ناوی )دەربارە 28ی مرداد (کە ڕۆژی کودەتاکەیە، هەوڵی دابوو لە سایەی لێکدانەوەیەکی ستالینی بۆ شۆڕشی دژی ئیمپریالیستی گەلانی جیهانی سێ، گوایە لەو شۆڕشانەدا ڕێبەرایەتی لە ئەستۆی چینی بورجوایە، ئۆبالی هەر بەرپرسیارییەکی شکستی جولانەوەی دیموکراتی نیشتمانی ئێران لە ئەستۆی خۆیان داماڵن و هەمووی بهاوێنە سەرشانی بەرەی نیشتمانی و مصدق .(46)ئەو جولانەوەیەی لە دەورانی شۆڕشی مەشرووتە خوازییەوە دەرفەتی بەو شێوەیە گونجاوی لە ئێراندا بۆ نەرەخسا بوو.

1/2/2/3:حیزبی تودە و دامەزراندنی ڕژیمێکی تیۆکراتی لە ئێران.


www.pertwk.com

به سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕوخانی ڕژێمی شاهەنشاهی لە شوباتی ساڵی 1979دا، هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران لە پێناو پڕکردنەوەی بۆشایی سیاسی و گرتنە دەستی دەسەڵات لە ململانێیەکی توندا بوون، تێکڕای مەسەلەکەش بەو ئاقارەدا دەڕۆیی کە باڵی ڕادیکاڵی مەزهەبی و ئاخوندە بونیاد گەراکان بەرابەری )خمینی (لە پەیجوی پێکهێنانی حکوومەتێکی تیۆکراتی پاوانخواز و دەرپەڕاندنی تێکڕای هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی ئێران بوون لە سەرشانۆی سیاسی وڵات، بە تایبەتی هێزە لیبراڵ و چەپ و سیکۆلارەکان .(47)

حیزبی توده لەم قۆناغە چارەنووسسازەشدا سیاسەت و هەڵوێستێکی هێندە چەوت و نالەباری گرتەبەر کەنەك هەر ڕۆڵێکی خەتەرناکی لە باربردنی شۆڕش وبەلاڕێبردنیدا دیت، بەڵکوو سەرخۆشی پێوە خوارد، ئەویش بە پشتکردنە نێوەڕۆکی سیکۆلاری هەر حیزبێکی مارکسی و چەپی ئەم جیهانە و بوونە ماسکی هێزێکی مەزهەبی و ڕێگا خۆشکردن بۆ دامەزراندنی ڕژێمێکی تیۆکراتی لە ئێراندا.
حیزبی توده لە سایەی بیرۆکەی )راه رشد غیر سرمایداری /ڕێگای گەشەکردنی ناسەرمایەداری (دا پێی وابوو ئێران لە قۆناغی شۆڕشی دیموکراتیکە و دەبێ پشتگیری بێ قەید وشەرتی ڕێبەرایەتی شۆڕشەکە بکرێت کە نوێنەری
چینی بۆرجوای نێوەنجی و شۆڕشگێڕە و لە ڕێگای پەیوەندی توند و تۆڵ لەگەڵ یەکێتی شورەوی و بلۆکی سۆسیالیستی جیهانیدا، دەتوانرێت شۆڕشی سۆسیالیستی لە ئێراندا وەدی بهێنرێت .(48)ئەوەش هۆکاری ئەوە بوو حیزبی توده هەر لە سەرەتاوە لێکدانەوەیەکی نازانستیانە و کوێرانەی لە مەڕ شۆڕشەکە و ماهییەتی باڵی ڕادیکاڵی مەزهەبی هەبوو، تێکڕای هەڵوێستە چەوتەکانیش لێرەوە سەرچاوەیان دەگرت.

کیانوری سکرتێری یەکەمی حیزب و ئاراستەکەری سیاسەتەکانی توده، لەم قۆناغەدا پێی وا بوو ڕێبەرایەتی ئاخوندی و باڵی توندڕەوی مەزهەبی لە ڕووی چینایەتیەوە بەشێك نین لە بۆرجوای مەزن و موڵکدارە گەورەکان و پەیوەستیکیان بە هێزە کۆمپرادۆرەکانی ئێرانەوە نییە، بەڵکوو ئەوانە نوێنەری راستەقینەی زەحمەتکێشان و بورجوای شار و سەرمایەداری بچووك و ناوەندین، و هەوڵەکانیان بۆ ڕاوەدوونانی پیاوان و لایەنگرانی ڕژێمی شاهەنشاهی و دەست بە سەرا گرتن و تالانکردنی موڵك وماڵیان، هەروەها بانگەواز کردن بۆ ڕزگاری لانەوازنی جیهان و هەڵبڕینی خەبات دژی ئەمەریکا و ئیمپریالیستی ڕۆژئاوا بەسن بۆ سەلماندنی ئەو دیدە .(49)

کیانووری بێ ئەوەی ڕێزێك بۆ سیکۆلار بوونی کۆمۆنیزم و هەر ڕێکخراوێکی مارکسی لە جیهاندا دابنێ، بە چاولێکەری )ڤلادیمیر ونیوگرادۆڤ(ی سەفیری شورەوی لە ئێران کە لێرەو لەوێ ڕایدەگەیاند "شۆڕشی موستەزعەفینی خومەینی هەمان شۆڕشی پرۆلتاریایە کە مارکس پێشبینی کردووە.(50) "
دەیگوت "زۆر ئاسایی دێتە پێش چاو ئەگەر گروپێك مەزهەبی بن و مارکسی ـ لێنینی نەبن، بەڵام هاوکات و بە پراکتیك لە خزمەت چینە زەحمەتکێشەکان و وەدیهێنانی ئامانجەکانیاندا بن.(51)"

شایەنی باسە حیزبی توده ئەو باوەڕەی لا دروست ببوو، کە شۆڕشی گەلانی ئێران بە ڕێبەرایەتی خومەینی و باڵی توندڕەوی مەزهەبی دەتوانێت لە دژایەتیکردنی کۆنەپەرەستی نێو خۆی وا بەستەی ئیمپریالیزم هەنگاوی مەزن بهاوێت و سەربەخۆیی سیاسی و ئازادی نیشتمانی وەدی بهێنێ، ئەو ڕێبەرایەتییەی کە بۆ سەرخستنی شۆڕش و وەدیهێنانی ئاماانجەکانی لە ئایندەدا جگە لە نزیکبوونەوە لە شورەوی و پەیوەست بوون بە بلۆکی سۆسیالیستی جیهانییەوە پەناگاو چارەیەکی دیکەی نابێت، دیارە حیزبی توده خۆی بە زەمینە ڕەخسێنەر و ڕێگە خۆشکەری ئەو ئایندەیە دەزانی و یەکێتی شورەویشی بە دۆستی ستراتیژی وەدیهاتنی بیرۆکەی گەشەکردنی ناسەرمایەداری ئێران بەرەو سۆسیالیزم دەدایە قەڵەم، بۆ ئەوەش دروشمی )تشبیت، تحمیق و گسترش انقلاب /چەسپاندن، قوڵکردنەوە و پەرەپێدانی شۆڕش(ی هەڵبڕیبوو.(52)
لێرەوە حیزبی توده هەر لە سەرەتا و پشتگیری بێ قەید و شەرتی خۆی بۆ باڵی مەزهەبی توندڕەو ڕایگەیاند و ڕۆڵێکی پرۆپاگەندەی بەرچاوی لە هاندانی زەحمەتکێشان و چەواشەکردنی کۆمەڵانی خەڵك دا هەبوو، تادەنگ بۆ ڕژێمێکی تیۆکراتی و دەستورێکی مەزهەبی لە ئێراندا بدەن و لە ڕێگای ئۆرگان و بڵاوکراوەکانییەوە هێرشی توندی دەکردە سەر مەزهەبی لیبراڵ و نیشتمانییە دیموکراتخواز و چەپەکانی ئێران و تێکڕای ئەو ڕێکخراوانەی ئامادە نەبوون لە پشتی ئیمامی خومەینی یەوە بۆ دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم و چەسپاندنی سوسیالیزم لە



www.pertwk.com

**ئێراندا سەنگەر بگرن** .(53)

**حیزبی تودە ئەو هێزانەی دەرەوەی خەتی ئیمام بە )جبهه متحد زد انقلاب /بەرەی یەکگرتووی دژی شۆرش (نێوزەد دەکرد وهەوڵیدا لە بەرامبەریاندا )جبهه متحد خلق /بەرەی یەکگرتووی گەل (و )اتحاد همەنیروهای زد امپریالیستی /یەکێتی هەموو هێزەکانی دژی ئیمپریالیستی (بۆ لایەنگری و پاڵپشتی ڕژێمی خومەینی دا بمەرزێنێت .(54)**

**لە ڕاستیدا حیزبی تودە کە ڕۆڵی حیزبێکی بەر هەڵستکاری وەفادار ویاسایی دبینی، وێڕای ئەوەی ئاکاری توندڕەوانە وسەرەڕۆیانەی دەسەڵاتدارانی ڕژێمی نوێی پاساو دەدا و بە کاری شۆڕشگێڕانە و دژی ئیمپریالیستیانەی نێوزد دەکردن، لە پە یجوی ئەوەشدا بوو درز بکاتە نێو ڕێکخراوە چە پەکانی دیکەی ئێران و لەو ڕێگایەوە بیانهێنێتە خەتەوە و لایەنگر بۆ سیاسەتەکانی بدۆزێتەوە، یا خود هانی پەرت بوون و جیابوونەوە لە نێو ئەو ڕێکخراوانە بدات و ئەوانە بگرێتە خۆی کە هاودیدی حیزبی تودەن و ڕێگای ناسەرمایەداری گەشە سەندییان بەرێبەرایەتی ئیمام قبووڵە.**

**لەوەش بترازێ، دەمێکی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە هێزە ئازادیخوازە لیبراڵ و چەپ و کۆمۆنیستەکان ڕا پەڕی و هەموویانی لە سەرشانۆی سیاسی وەدەرناو شاڵاوی سەرکوتی بردنە سەر و کەوتە پاوانکردنی دەسەڵاتی ولآت، حیزبی تودە وێڕای پشتگیریکردنی هەنگاوەکانی ڕژێم، تێدەکۆشا لە ڕێگای جاسووسکانییەوە زانیاری تەواو لە سەر ئەو ڕێکخراوانە، بیروباوەڕیان، لایەنگر و ئەندامانیان، سەرچاوەی یارمەتی و جۆری چەکیان...هتد، کۆیکاتەوە بیخاتە بەردەست دەزگا سەر کوتکەرەکانی ڕژێمی نوێ، بگرە لە هێندێك شۆنیشدا، حیزبی تودە بە پراکتیك ڕاستەوخۆ لە سەرکوتکردنی ئەو هێزانەدا بەشداربوو، ئەوەش مەسەلەیەکە پێشتر لە هیچ جێگایەك و لە مێژووی ئێراندا نەدیتراوە کە ڕێکخراوێکی مارکسی ببێتە هاوکاری و پاڵپشتی ڕژێمێکی مەزهەبی بۆ سەرکوتکردنی هێزە کۆمۆنیست و چە پەکانی ئەو ولآتە.**

**هەر بۆیە ڕێکخراوێکی مارکسی ئێرانی سەبارەت بەم هەڵوێستەی حیزبی تودە لەم قۆناغەدا نووسیویە:**
**"حیزبی تودەی ئێران .....کە تا ئەم قۆناغە لە ژێر پەردەی ئەنترناسیۆنالیزمی پرولیتری دا و ئەوەی کە لە چەرخی تێپەرین لە سەرمایەدارییەوە بۆ سوسیالیزم وردە بورجوازی ناوەڕۆکی نویی گرتووە و ئیسلامی یان بە "شۆڕشگێڕ و دژی ئیمپریالیست "دایە قەڵەم و لایەنگری یان لیٚ کرد، ئەم هەلپەرستانە ....بە ڕەچاو کردنی ڕێبازێکی ڕیفۆرمێستی ودژی شۆڕشانە، بەڕاشکاوی و بە کردەوە دەستیان خستە ناو دەستی ئۆرگانە سەر کوتگەرەکانی حکوومەتەوە و بە جاسووسی کردن بۆ کۆماری ئیسلامی و بە چەوتی کێشان و هەڵداشتی بەشێك لە هێزی چەپ، یاریدەدەر و سەلێنەری سەرکوتی درندانە و دژی ئینسانی کۆماری ئیسلامی بوون، کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران هیچ کات خەیانەتی ئەم ڕێکخراوە لە دەورەی سەرکوتی فاشیستانەی حکوومەتی ئیسلامیدا لە بیر ناکەن.(55)"**

**1/2/3: حیزبی تودە و ساواکی بوون**

**کاتێك لە سەر ڕێبەرایەتی حیزبی تودە قسە بکرێت ڕاستییەك هەیە پێویستە بدرکێنرێت ئەویش ئەوەیە، بە بەراورد کردنی ڕێبەرایەتی ئەوحیزبە لەگەڵ زۆر حیزبە کۆمۆنیستەکانی ناوچەکانی دیکەی خۆرهەڵاتی ناوەراستدا، ئەندامەکانی ڕێبەرایەتی تودە زیاتر لەو لاوە خوێندەوارە فارسانە پێکهاتبوون کە لە بنەماڵەی داراو بووە چاویان هەڵهێنابوو،وبە نازیش پەروەردە کرابوون و تاڵی و سوێری ژیانیان نەچێشتبوو،هەر بۆیە ئەوانە زۆرکەمتر لە ئەندامە**
**ئاساییەکانیان ئامادگی قوربانی و بەرگە گرتنی هەل ومەرجە نائاساییەکان و ڕووبەڕووبونەوەی قۆناغە سەخت و پڕ نەهامەتییەکانی ژیانی حیزبیان هەبوو، ئەوانە ئامادەبوون بۆ پاراستنی گیانی خۆیان ومانەوەیان بە ئاسانی پشت لە بیر و باوەڕ و ڕەوشتی حیزبایەتی بکەن و لەژێر فشاری دەزگا سەرکوتەکەرەکانی ڕژێمدا بە ئاسانی تەسلیمی خواستەکانی بن و ئامادەیی هاوکاری و جاسوسیکردن بن.**



www.pertwk.com

دیاره پاش کودەتای 19ی ئابی 1953و گرتنی بەشێك لە ڕێبەرایەتی حیزبی تودە لە لایەن فەرماندای نیزامی تاران، کەسانی وەك )محمد بهرامی، نادر شرمینی، امان الله قریشی و دوکتور مرتضی یزدی (بۆ ڕزگار کردنی گیانی خۆیان ئامادەی هاوکاری تەواو بوون (56)، پاش ئەوەش کە ئەو فەرمانداریيە لە ژێر سەرپەرەشتی تەیمور بەختیاردا ناوەکەی لە ساڵی 1957دا گۆڕدرا بۆ )ساواك (واتە )سازمان امنیت و اگلاعات کشور /ڕێکخراوی ئاسایش و هەواڵ کۆکردنەوەی وڵات (وبووە ترسناکترین و بەدناو ترین دەزگای سەرکوت و تۆقاندن لە جیهاندا و ئەرکی یەکەمی ببووە ڕاوەدونان و گرتن و لێدانی هێزە ئۆپۆزیسۆنەکان، بە تایبەتی حیزبی تودە و ئەندامانی (57)، ئەم ڕێکخراوە بە درێژایی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو چەندەها کەسایەتی ناسراوی تودەیی وەك )ارسلان پوریا، متقی، قدرت الله نادری، برادەران یزدی )حسین و فریدون (و عباس علی شهریاری (کڕی و لە ڕێگای ئەوانەوە توانیویەتی نەك هەر ئەندامانی حیزبی وەك )خسرو روزبه، محمد حسین معچوم زادە، حسین رزمی، پرویز حکمت جو (بخاتە ڕاوەوە و گوللەباران و بێ سەرو شوێنیان کات، بەڵکوو کۆنترۆڵی تەواوی چلاکییەکانی حیزبی تودەشیان لە ئێران کرد و بەویست و قازانجی خۆیان ئاراستەیان دەکرد، بە تایبەتی ڕۆڵی بەر چاوی شهریاری لەو بوارەدا ئاشکرایە، ناوبراو دۆستی نزیك و جێی باوەڕی پلەیەکی د .رادمنیشی سکرتێری یەکەمی حیزب و بەرپرسی یەکەمی کۆمیتەی تاران و تێکڕای ڕێکخراوە هەرێمییەکانی تودە بوو لە نێو ئێراندا .مەسەلەیەکی وا کە زیاتر چالاکییەکانی حیزبی لە ئێراندا ئیفلیج دەکرد و تۆوی بێ بڕوای لە دڵی ئەندام و لایەنگرانی حیزبدا سەوز دەکرد .(58)

: 1/2/4کەم و کووڕییە خۆییەکان

:1/2/4/1فراکسیۆنگەرایی و دووبەرەکی

ئاشکرایە حیزبی تودە بە درێژایی مێژووی خۆی بە دەست دیاردەی فراکسیۆنگەرایی و دووبەرەکی سەختی ڕیزەکانییەوە ناڵاندوویەتی، کە جیاوازی بیرو ئایدیا فاکتەرێکی لاوازی ئەو دووبەرەکییە پێکدێنێت و مەسەلەکانی رق و کینە تۆزی شەخسی و ململانێی نابەجێ و ئاکاری پاشقولگرانە و خۆبردنە پێشەوە بۆ وەرگرتنی پۆستی ڕێبەرایەتی سەرچاوە سەرەکییەکەی بوون، شایەنی باسە ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە هەر ل سەرەتای دامەزراندنییەوە بۆ سێ باڵی جیاواز دابەش ببوو، باڵی راستڕەو کە )خلیل ملکی، انور خامه، محمد رچا قده و عباس نراقی ( نوێنەرایەتییان دەکرد و ساڵی 1947لە تودە جیابوونەوە و ڕەوتێکی سۆسیال دیموکراتیان گرتەبەر و )حزب سوسیالیست(یان پێکهێنا، باڵی مەیانەڕەو کە )ایرج اسکندری، د .رادمنش، فریدون کشاورز، نادر شرمینی، حسین جودت و مرتضی یزدی (بوون، لەگەڵ باڵی توندڕەو و بە نوێنەرایەتی )کامبخش، کیانوری، گبری، احمد قاسمی، غلامحسین فروتن.(59) (

دووباڵی دوواییان واتە میانەڕەو و توندڕەو، بە درێژایی تەمەنی حیزبی تودە، بە تایبەتی لە تاراوگە، لە ناکۆکی و دووبەرەکییە توندوتیژی لە ئاشتی نەهاتوودا بوون، بێ لەوەی کە پاش گرژبوونی پەیوەندی و توندوتیژ بوونی ململانێیەکانی نێوان حیزبی کۆمۆنیستی چین و شورەوی و بڵاوبوونەوەی )ماویزم(، چەند ئەندامێکی باڵی توندڕەو لە حیزب جیابوونەوە و ڕێکخراوێکی سەر بە خۆیان پێکهێنا، ئەوەش لە مێژووی حیزبی تودەدا بە گەورەترین ڕووداوی جیابوونەوە دادەنرێت.

ناکرێ ئەوەش لێرەدا لە بیر بکرێت کە پاش یەکگرتنی حیزبی تودە و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە ساڵی 1960دا، ڕێبەرایەتی فیرقە کە )غلام یحیی دانشیان (نوێنەرایەتی دەکرد وەك فراکسیۆنێکی تایبەت لە تودەدا حیسابی بۆ دەکرا، ئەمە و جگە لە )رچا روستە(ی ئەندامی کارگێڕی )شورای متحده مرکزی (کە ئەویش لە زۆر ڕووەوە شوێنێکی تایبەت بە خۆی هەبوو لە سەرکردایەتی و بڕیاردان لە مەسەلە چارەنووسسازەکاندا.

لە ڕاستیدا دیاردەی فراکسیۆنگەرایی مەنفی و دووبەرەکی و ناکۆکی سەخت و ئەو شێوازانەی پێی بەڕێوە دەچوون، وەك :چاڵ بۆ یەکتری هەڵکەندن، یەکتری ڕیسوا کردن، ئۆباڵی چەوت و چەوێلییەکانی حیزب خستنە ئەستۆی یەکتری، ڕاپۆرت لە یەکتری بەرز کردنەوە بۆ دەسەڵاتدارانی شورەوی ڕیز کردنی دەیان تۆمەتی /بێ هەڵوێستی، سستی لە بەجێگەیاندنی ئەرکی حیزبین و تا جاسووسی، دزی ، بەرتیلخۆری، بەدڕەوشتی و داوێنپیسی...هتد، مەسەلەیەکی بەو جۆرە فاکتەرێکی سەرەکی ئیفلیج بوونی ڕێبەرایەتی حیزبی تودەی پێکدەهێنا،



www.pertwk.com

بە جۆرێك نەتوانێت لە مەڕ ڕووداوە گرنگ و چارەنووسسازەکان بڕیاری لێبڕاوبدات و هەڵوێستی خێراو گونجاو وەرگرێت.(60)

1/2/4/2: پەتای ستالینگەرایی

ڕاستییەکی بەڵگەنەویستە، حیزبی تودە وەك زۆربەی پارتە کۆمۆنیستەکانی خۆرهەلاتی ناوەڕاست، کە لە دەورانی حوکمی ستالین دا و بە هاوکاری کۆمێنترن تروکابوون، بە سەختی گیرۆدەی پەتای ستالینگەرایی بوون و دیاردە دزێوەکانی ئەو )مامۆستا و خوێندنگا (یەی بە سەر دا زاڵ بوون وەك :دەردی خۆ بە پێشەنگ و پێشڕەو و تاکە ڕێکخراویی شۆڕشگێڕ زانین لە ئێراندا، سەرکردەپەرستی، کارکردبی بە پرنسیپی )مرکزیت دیموکراتیك /ناوەندگەرایی دیموکرتی (کە ناوەندگەراییەکی بێ سنوور و دیموکراتییەکەی بێ نێوەرۆك بوو، دژایەتی لیبراڵی و بڕوانەبوون بە ئازادییەکانی تاکەکەس، دوگمایی و چەقبەستویی هزر، پشتبەستن بە وشکە تیۆری و سواو و تێکستگەرایی بێ ڕادە و سە پاندنی بە سەر واقیعدا، دەمکوتکردنی جیابیران و سەرکوتکردنیان لە ڕێگای پاکتاوکردنی فیزیکییەوە وەك کوشتنی چەند تودەیی وەکو )حسام لنکرانی، محسن صالحی، داریوش نهادی، پرویز نوایی و ێقابدار فاگمی...هتد بە تۆمەتی جیا جیا(61)، خوێندنەوەی فەلسەفەی مارکسیزم و تێڕوانین بۆ مێژووی سۆسیالیزم و بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی جیهان و ئێران لە کلاوڕۆژ و دیدی قوتا بخانەی ستالین و سەرچاوەکانی شورەوییەوە ئەوەش ڕێبەر و تیۆریستەکانی تودەی تووشی نامۆیی بە مارکسیزم و لاوازی ئاستی فەلسەفی و نەبوونی ڕۆشنبیرییەکی قووڵی سیاسی و ناکارامەیی و بێ لیاقەتی سیاسی و ڕێکخراوەیی کردبوو، جگە لە نامۆبوون بە کۆمەڵگای ئێران و تێنەگەیشتن لە ڕەهەندە ڕاستەقینەکانی گرفتە مێژوویی و سیاسییەکانی .(62)

بەشی دووەم :بەدواداچونێکی مێژوویی هەڵوێستی حیزبی تودە لە حاست کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ئێران 1941ـــ 1983.

2/1/1: هەڵوێستی حیزبی تودە لە ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانی و دەورانی حکومەتی کوردستاندا 1941ـــ 1946

وەك بەڵگە و سەرچاوە مێژووییەکان دەریدەخەن، بە درێژایی ساڵەکانی پاش دامەزراندنی حیزبی تودە و جەنگی دووەمی جیهانی، ئەو حیزبە لە حاست کێشەی نەتەوایەتی لە ئێران بە گشتی، و سەبارەت بە کێشەی کلپەسەندووی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ئێران، تەواو بێ هەڵوێست بووە، شایەنی باسە نە یەکەمین بەیاننامەی ڕاگەیاندنی حیزبی تودە، و نە مەرامنامەی کۆنفراسی یەکەمی ساڵی 1942، و نە ئەو بەرنامەیەی لە لایەن فراکسیۆنی تودەوە پێشکەش بە مەجلیسی چواردەهەم کرابوو، باسێکی لە سەر کێشەی نەتەوایەتی و خواستەکانی هەرێمە غەیرە فارسەکانی ئێران تێدا نەبوو، لە ڕاستیدا تودە بە چەسپاندنی )حفظ استقلال و تمامیت ایران / پاراستنی سەربەخۆیی و یەکێتی خاکی ئێران (وەك ئاما نجێکی پلە یەکی لە بەیاننامەی دامەزراندنیدا و جێگیر نەکردنی بەندێك سەبارەت بە کێشەی نەتەوایەتی (63)، جگە لەوەی چاوی لە ستەمێکی گەورەی دەورانی دیکتاتۆری ڕەزاشاهی پۆشیبوو، و لەگەڵ ناسیۆنالیستانی فارسدا خۆی لە سەنگەرێك نابوو، بەوە خۆی لە ئاڵۆزترین و مەزنترین مەسەلەکانی ئێران دزیبووەوە.

چونکە پاش داگیر کردنی ئێران لە ئابی 1941و هەڵوەشانەوەی لەشکری شاهەنشاهی و ڕووخاندنی دیکتاتۆری ڕەزاشا لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە، جولانەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوە غەیرە فارسەکانی ئێران لە پێناو وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیان و ڕەتکردنەوەی ستەمی دەزگا سەرکوتگەرەکانی نەتەوەی سەردەستەوە بە خێرایی پەرەی گرت، ئەوانەی خوازیاری دامەزراندنی میکانیزمێکی نوێ بوون بۆ پێکەوە ژیانی نەتەوە جیاکانی ئێران کە لە سەر بنەمای )دیموکرتی، داد پەروەری و یەکسانی (بێتەدی.

پێویستە بگوترێت کە لەو لایەنەوە جولانەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد دژی زۆرداری نەتەوەیی و دامودەزگاکانی دەوڵەتی ناوەندی بە


www.pertwk.com

هۆی چەند تایبە تمەندییەوە لە نەتەوە غەیرە فارسەکانی دیکەی ئێران بە هێزتر بوو. شایەنی باسە کوردستانی ئێران بە درێژایی ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانی شوێنی ڕوودانی چەندین ڕاپەڕینی چەکدارانە و سیاسیانە بوو بە دژی دام و دەزگاکانی دەوڵەتی ناوەندی، ئەو ڕاپەڕینانەی لە ناوچەکانی بانە، ورمێ، هەورامان و مەریواندا دەقەومان، بە شێوەیەك ئاما نجی سیاسی، نەتەوایەتی، ئیداری و فەرهەنگییان هەبوو، و دژی سیاسەتی سەنترالیسیت توندوتیژ و فارسگەرایی بوون.(64)

پەرەگرتنی حیزبی تودە و دامەزراندنی بنکە و بارەگاکانی لە هەرێمە غەیرە فارسەکان و زۆربوونی ئەندام و لایەنگرانی، بە پراتیك کێشەی نەتەوایەتی کێشایە نێو ڕیزەکانی حیزبەوە، ئەو کێشەیەی لە کۆنگرەی یەکەمی حیزبدا لە ساڵی 1944زۆر بە زەقی ڕووبەڕووی ڕێبەرایەتی حیزب بووەوە، پاش ئەوەی ژمارەیەك لە نوێنەرە تودەییە غەیرە فارسەکان دەنگی ڕەخنە و گازندەیان هەڵبڕی، شایەنی باسە یەکێك لەو 44نوێنەرە ئازەرییانەی بەشداری کۆنگرە بوون لە ڕێبەرایەتی حیزبی تودە ڕاپەڕی و بە تورکی ئازەری ڕەخنەی توندی لەوە گرت، کە بە گشتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودە ئاوڕ لە خواست و نەهامەتییەکانی هەرێم و ناوچە غەیرە فارسەکان ناداتەوە و گوێی خۆی لێ خەواندوون .نوێنەرێکی گەیلانیش ڕایگەیاند، کە حیزب بە مەبەستی ڕێکخستنی کرێکاران و وەرزێرانی ناوچەی گەیلانی ئازەری نشین و تورك زمان، چەند ڕۆشنبیرێکی فارسیان ناردۆتە ئەو ناوچەیە کە فریان بە زمانی ئازەرییەوە نییە و خەڵکی لێیان تێناگەن .(65)

هەروەها لە دوادانیشتنەکانی کۆنگرەی یەکەمدا، ئەو مەسەلەیە هاتبووە بەر باس و لێکۆڵینەوە کە پێویستە حیزب حیسابێك بۆ تایبەتمەندێتی و داواکارییەکانی هەرێمە غەیرە فارسەکان بکات و بە خانەی فەرامۆشییان نەسپێرێت، بەڵام وەك سەرچاوەیەکی هەواڵ سەفارەتی بەریتانیای لە تاران ئاگادار کردۆتەوە، کۆنگرە لە دانیشتنە نهێنیەکانی خۆیدا، بە توندی دژی هەر مەیلێکی جیاخوازانەی هەرێمەکان وەستاوە، و قسە کردنی لە سەرە هەر مەسەلەیەك کە ببێتە هۆی لاواز کردنی یەکێتی خاکی ئێران و کەلەبەر دروستکردن لە نێوان فارس و غەیرە فارسدا ڕەتکردۆتەوە .(66)ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تودەش وەك بورجوازی حاکم، قسە کردن و ئاوڕدانەوە لە خواستی هەرێم بە نەتەوە غەیرە فارسەکان بە هەڕەشە لە سەر یەکێتی خاکی ئێران و جیاخوازای و کەلەبەر دروستکردن لە نێوا فارس و غەیرە فارسدا دەداتە قەڵەم، بێ ئاگا لەوەی کە بێدادی نەتەوایەتی لە ئێران لە جیاتی کەلەبەر، دەلاقە و شەبەقێکی مەزنی لە پەیوەندییەکانی نێوان گەلی فارسی سەردەست و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێراندا دروستکردووە.

هەر بۆیە لە مەرامنامەی کۆنگرەی یەکەمی حیزبی تودەدا هیچ ئیحتیبارێك بۆ کێشەی نەتەوایەتی و خواستی هەرێم و نەتەوە غەیرە فارسەکانی ئێران دانەنرابوو، بە چەشنێك بەرنامەی حیزب تەنیا ئەسڵێکیشی لەو بارەیەوە لە خۆنەگرتبوو، ئەوەش کە سەبارەت بە "ئازادی تەواوی کەمینەکان لە ڕووی ئاینی و فەرهەنگییەوە "یا خود "یەکسانی تەواوی کۆمەڵایەتی لە نێوان هەموو ئەندامانی میللەتی ئێراندا بێ جیاوازی ئاینی و نەژادی تاکەکان (67) "قسەی لێکرابوو، مەبەست لێی کەمینە ئاینییەکانی وەك )جوو، زەردەشتی، ئاسووری...هتد (بوو، نەك نەتەوە غەیرە فارسەکانی وەك )کورد، ئازەر، بلوچ، عەرەب....هتد.(

لە لایەکی دییەوە، حیزبی تودە کە لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا بە خێرایی پەرەی دەسەند، لە هەوڵی ئەوەدا بوو لە ناوچەکانی کوردستانی ئێرانیش نفوز و لایەنگر بۆ خۆی پەیدا بکات و چالاکی بنوێنێ، بەڵام ئەو هەوڵەی بە سەختی شکستی هێنا، و جگە لە شاری کرماشان (68)و شارۆچکەی بۆکان ومیاندوئاو، نەیتوانی لە شارو شارۆچکەکانی دیکەی کوردستانی ئێراندا خۆنیشاندا، ئەوەش وێڕای بافتی کۆمەڵایەتی و شێوازی ژیانی عەشیرەتی کۆمەڵگای کوردەواری، کە وەك پێویست چینی کرێکار و کارمەندە حکومییەکان و خوێندکاران و ڕۆشنبیرانی تێدا نەبوون، لە بێ هەڵوێستی حیزبی تودە سەبارەت بە کێشەی نەتەوە غەیرە فارسەکانی ئێران بە گشتی، و کێشەی کورد بە تایبەتی، سەرچاوە دەگرێت، جگە لەوەی کە تودەییەکان لە کوردستاندا بە کۆمۆنیست و بێگانە پەرەست دەناسران و زۆرینەی خەڵك لەو لایەنەوە لێیان بە گومان بوون .(69)

لەو بارەیەوە کونسوڵی بەریتانی لە تەورێز، پاش ئەوەی گەشتێکی بە ناوچەی ئازەربایجانی خۆرئاوا و ناوچەی موکریاندا لە ساڵی 1942دا کردووە، نووسیویە "خێڵەکانی کورد بە هاندانی سەرکردەکانیان بە توندی دژایەتی حیزبی تودە دەکەن، بە جۆرێك ڕێگەیان نەداون



www.pertwk.com

تەنانەت بارەگاش لە ناوچەكانیاندا بكەنەوە .(70) "هەروەها )هێمن موكریانی(ش لە )تاریك و روون(دا باس لەوە دەكات كە لە كوردستاندا ژمارەیەكی كەم لە ئەرمەنی و كورد لایەنگری حیزبی توده بوون و هەوڵەكانی ئەو حیزبە بۆ بارەگا كردنەوە و ڕاكێشانی ئەندام و لایەنگر لە هەرێمی موكریاندا بە گشتی بێ بەر بوو.(71)

شایەنی باسە هەرێمی موكریانی كوردستانی ئێران ڕاستەوخۆ پاش ڕوخاندنی دیكتاتۆری ڕەزاشا و هەڵوەشانەوەی دەزگا سەركوتگەرەكانی دەسەڵاتی ناوەندی و نەمانیان لە ناوچەكە، هەروەها بە هۆی هێندێك تایبەتمەندی جوگرافی و كۆمەڵایەتی، و كاریگەری جوڵانەوەی ئازادیخوازی كوردەكانی كوردستانی عێراق لە سەری، هەل و مەرجێكی ئاوەڵا و لەباری تێدا هەڵكەوت و پاش ماوەیەكی كەم بووە سەنتەری چالاكی ڕێكخراوەیی و سیاسی و نەتەوەیی كوردەكانی ئێران .لەو ڕووەوە، دەتوانرێت )حیزبی ئازادی كوردستان (بە ڕێبەری )عزیز زەندی (بە یەكەمین ڕێكخراوی سیاسی نەتەوەیی لە كوردستانی ئێراندا بدرێتە قەڵەم، ئەو حیزبەی كە پەیڕەو پرۆگرامێكی نەتەوەیی دیموكراتی پێشكەوتووخوازانەی هەبوو، و بە گەرمیش تێدەكۆشا لە ساڵانی 1941ـــ 1942دا جوڵانەوەی سیاسی و چەكدارانەی گەلی كورد بۆ وەدیهێنانی مافە ڕەواكانی ئاوێتە و ئاراستە بكات، ئەو تێكۆشانەی ڕووبەڕووی بەرژەوەندییە هاوبەشەكانی ئێران و هاوپەیمانەكان بووە و نەیتوانی ئامانجەكانی بێنێتە دی .بە تایبەتی ڕوسیای شورەوی كە هاوكارییەكی باشی حكوومەتی ئێرانی كرد تا ڕاپەڕینە چەكدارییەكەی ورمێ دابمركێنێ، ئەو ڕاپەڕینەی چارەنووسی حیزبی ئازادی پێوە گرێدرابوو .(72)

دیارە وێڕای ئەوەی هیچ بەڵگە و سەرچاوەیەكی مێژوویيمان لە بەردەستدا نییە پەیوەندییەك یا خود هەڵوێستێكی موسبەت و دۆستانەی حیزبی تودەی ئێران بەرامبەر حیزبی ئازادی كوردستان و ڕاپەڕینەكەی كورد لە ورمێ بخاتە بەرچاو، دەگونجێ لە سۆنگەی خۆ بە پێشڕەو زانینی حیزبی توده و بێ هەڵوێستیان سەبارەت بە مافی نەتەوە غەیرە فارسەكان و خواستی هەرێمەكان، هەروەها بە هۆی لایەنگرییان لە سەنترالیزم و فارسگەرایی لە لایەك و پشتگیرییان لە پاراستنی هێمنی و ئاسایشی ڕێگای گواستنەوەی هاوكارییە جەنگییەكانی هاوپەیمانەكان بۆ یەكێتی شورەوی لە لایەكی دیيەوە، نە پەیوەندییەكیان لەگەڵ حیزبی ئازادی دا هەبوو بێ و نە كەیفیشیان بە ڕاپەڕینی كوردەكانی ورمێ هاتبێ، بەڵكوو ڕێی تێدەچێ كاتێكی شورەوییەكان دژی ڕاپەڕینەكەی ورمێ بە قازانجی حكوومەتی ئێران هەنگاویان هاوێشت، حیزبی توده بێ ئەرك و گرتنە بەری هەڵوێستی نەیار بەرامبەر حیزبی ئازادی و ڕاپەڕینەكەی ورمێ دانەنیشتبێ و بێ لایەن نەبووبێ، مەسەلەیەكی وا كە دكۆمێنت و بەڵگەی مێژوویی دەوێت تا وەك ڕاستییەكی مێژوویی بچەسپێت، كە تا نوكە بەردەست نەكەوتوون، بەڵام خاڵی گرنگ لێرەدا بێ هەڵوێستی حیزبی تودەیە لەو ڕاپەڕینە كوردییە چەكدارانەیەی كە بە تەنیا لە سەر هەل و مەرجەكەی ئەودەمی ئێران كاریگەری نەبوو، بەڵكوو ببووە جێگای مشتومڕی زلهێزەكان و دەوڵەتە هاوپەیمانەكان لە ناوچەكەدا .(73)

بە هەر حاڵ بێ هەڵوێستی حیزبی توده لە حاست كێشەی نەتەوایەتی كورد و جوڵانەوەی ئازادیخوازانەی كوردەكانی ئێران لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا، بگرە دوژمنایەتیشی لەگەڵ ڕێكخراوە نەتەوایەتیەكانی كوردستانی ئێراندا ڕاستییەكی مێژوویيە) .مەدەنی ( سەبارەت بە هەڵوێستی توده بەرامبەر بە )كۆمەڵەی ژیانەوەی كورد /ژ.ك (كە وەك ڕێكخراوێكی نەتەوەیی كوردستانی لە 16ی ئابی 1942دا لە مەهاباد دامەزراوە، نووسیویە "حیزبی توده لە موخالیفانی سەر سەختی كۆمەڵەی ژ.ك بوو، خۆی بڕوای بە فرە گەلی و مافی نەتەوایەتی گەلانی ئێران نەبوو، لەم بارەوە هیچ شتێكی لە بەرنامەكەیدا نەگونجاندبوو. بەردەوام لە لای سۆڤیەتیەكان بۆ ژ.ك ی تێ دەچاند، زۆری هەوڵ دا لاوازی بكا و بی توێنێتەوە، حیزبی توده وەكوو ڕێكخراوێكی سەرانسەری لە ئێراندا، حەقی بە ڕێكخراوێكی سەر بەخۆی كوردی لە كوردستان نەدەدا، ئەویش بە دروشمی سەربەخۆیی ڤیت بێتەوە و سەروەری خاكی ئێران تێك بدا.(74)"

بێگومان كرابەدەست و دیپلۆماتەكانی شورەوی كە لە ئێراندا بوون و پەیوەندی ڕاستە وخۆیان بە )ڕێبەرایەتی تودەوە هەبوو، خوازیاری ئەوە بوون بە قازانجی توده لە كوردستاندا دەخاڵەت بكەن و بنكەی جەماوەری بۆ داتاشن و خەڵكی لە كۆمەڵەی ژ .ك دوور خەنەوە و گەر بلوێت ژ.ك یش لە مۆركە نەتەوایەتییەكەی دابڕن و بیكەن بە حیزبی تودەی پێشڕەودا، وەك )هەژار (نووسیویە" :حیزبی توده كە سەر بە ڕوسان بوو لە ئێراندا زۆر ب هێز بوو، نەیتوانیبوو لە موكریان خۆی دیاربدا، ڕۆژێك قازی لە تەورێز گەڕاوە و كۆی كردینەوە )واتە ئەندامانی ژ.ك/ل(، و



www.pertwk.com

گوتی :قولی یۆف )لێپرسراوی شورەوی لە تەوریز/ل (گوتوویە ئێمە جگە لە تودە هیچ حیزبێك قبوڵ ناكەین، دەبێ خۆتان حەل كەن و ببنە تودە.(75) "

لە ڕاستیدا شورەوییەكان كە بە درێژایی ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی، سیاسەتێكی ڕوون و ئاشكرایان لە حاست كێشەی كورد و بە قازانجی جوڵانەوەی نەتەوایەتی كوردستانی ئێراندا نەبووە، و لەوبارەیەوە زۆر بە وریایی جوڵاونەتەوە تا هاوپەیمانەكانی وەك )توركیا، ئێران، ئەمەریكا و بەریتانیا(یان لێ نەوروژێ، لە سایەی ڕاپۆرتەكانی حیزبی تودەدا، تێڕوانینێكی خراپیان لە بارودۆخەكەی كوردستان و ئاما نجەكانی ئازادیخوازانی كورد )هەبووە، وەك لە نووسینێكی )مۆلۆتۆف(ی وەزیری دەرەوەی شورەوییدا دەردەكەوێت كە دەڵێت "نابێ بروا بە سەرۆكە كۆنەپەرەست و خۆفرۆشەكانی كورد بكرێ، دەبێ دان بەوەدا بنێن كە پشتیوانی كردن و یارمەتی دانی كوردەكان بۆ وەدیهێنانی خودموختاری و دامەزراندنی كوردستانێكی ئازاد دروست نییە، چونكە لە هەل و مەرجی ئێستای ئێران دا ئەوە داوایەكی بێ بناغە و دواكەوتوانەیە.(76) "

بە هەر حاڵ، تێكڕای هەوڵەكان بۆ وەدەستهێنانی پێگەیەكی جەماوەری تودەیی بەر فراوان لە كوردستانی ئێران لەم قۆناغەدا شكستی خوارد، كۆنگرەی یەكەمی حیزبیش بە باشی بەرجەستەی ئەم ڕاستییە دەكات، چونكە لە كۆی /68نوێنەری بەشدار، كەمترینیان كە هەشت كەسە لە كوردستانەوە هاتبوون، واتە بە ڕێژەی %7/4ی بەشداربووان، بە چەشنێك بەشێكی ئەو هەشت كەسەش ئاسووری و ئەرمەنی بوون و سەرچاوەیەكمان لە بەردەستدا نییە باس لە بوونی كوردێك بكات لە كۆبوونەوەكانی كۆنگرەدا، جگە لەوەی لە تێكڕای 21ئەندامی ڕێبەرایەتی و كۆمسیۆنی ڕاوێژكاری هەڵبژێردراوی كۆنگرەی یەكەم تاكە كوردێكیشی تێدا نەبوو .(77)

پێویستە بگوترێت كە لەو ئاخاوتنە سێ كاژێرییەی كە فریدونی كشاورز د.رادمنش لە بەرامبەر نوێنەرانی مەجلیسی چواردەهەم لە 25و 26ئاباری ساڵی 1945دا وەك نوێنەری فراكسیۆنی تودە كردیان، جگە لە باشكردنی ڕیفۆرمی ئابووری و تەندروستی و مەسەلەكانی هەڵبژاردن و كێشەی وەزیران، شتێك بە ناوی كێشەی نەتەوایەتی و ناڵەی نەتەوە غەیرە فارسەكانی وڵات باسی لێنەكرا، لە كاتێكدا زۆرینەی ڕۆژنامەكانی ئێران ئەو دەمە قسەیان لە سەر ڕووداوەكانی ئازەربایجان و كوردستان دەكرد و پەلاماری لەشكری شاهەنشاهییان بۆ سەر ناوچەكانی مەریوان و هەورامان ڕیسوا دەكرد.(78)

هەروەها ڕێبەرانی حیزبی تودە لە كۆنفرانسی دووەمی حیزبدا كە لە 19ـــ 22ی ئابی 1945لە تاران بەسترا، نەك هەر باسێكیان لە مافی نەتەوەیی و فەرهەنگی گەلانی غەیرە فارس لە ئێراندا نەكرد، بەڵكوو بڕیارێكی عەنتیكەیان بە سەر كۆمیتەی هەرێمەكان و ناوچە غەیرە فارسەكانی حیزبدا سەپاند، ئەویش ئەوەیە كە پێویستە كۆمیتەكان چەند پۆلێكی خوێندن بە زمانی فارسی بۆ كرێكارە نەخوێندەواره غەیرە فارسەكان بكاتەوە تا فێری خوێندنەوە و نووسینی زمانی فارسی ببن .!!(79)

لە ڕاستیدا حیزبی تودە هەروەك لێپرسراوانی شورەوی و نوێنەری زلهێزەكان لە ئێران وخودی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی ناوەندی لە تاران، تێكڕای جوڵانەوەی ئازادیخوازانی هەردوو گەلی كورد و ئازەریان بە مەسەلەی ئازەربایجان ناو دەبرد و زۆر كەم نەبێت بڵاوكراوەكانیان بە لای ڕووداوە گرنگەكانی كوردستان و دەسەڵاتە میللییەكەی دا نەدەچوون، بەڵكوو تودە زیاتر سەبارەت بە ڕووداوەكانی تەوریز و هەرێمی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات دەهاتە قسە و لە تەواوی ئۆرگان و بڵاوكراوە و وتاری ڕێبەرەكان و فراكسیۆنەكەیان لە مەجلیسی چواردەهەمدا هەوڵی دەدا خۆ لە هەموو داخوازی و دەستكەوتێكی نەتەوەیی كورد و ئازەری وەك :زمان، دەسەڵاتی نەتەوەیی لە شێوەی خودموختاری، هێزەكانی فیدایی و پێشمەرگە...هتد، بە دوور بگرێت، و زیاتر مەسەلە ئابووری و كۆمەڵایەتییەكان زەقكاتەوە.

کاتێکیش دووەمین کۆنفرانسی وەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان لە نێوان 16ـ 26ی کانوونی یەکەمی 1945دا لە مۆسکۆ بەسترا، و مەسەلەی ئێران و چۆڵکردنی هێزەکانی هاوپەیمانەکان لەو وڵاتەدا بووە تەوەرەیەکی سەرەکی گفتووگۆکان، )بیڤن(ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، بە مەبەستی دەرکردنی هێزەکانی سوور لە ئێران ورێگرتن لە زیاتر ئاڵۆز بوونی هەل و مەرجەکەی نێو خۆی ئەو وڵاتە و رۆیشتنی بە ئاقارێکی دژی رۆژئاوادا، پێشنیارێکی خستە بەردەم ئامادە بووانی کۆنفرانسەکە کە تێیدا باسی لە دامەزراندنی کۆمسیۆنێك دەکرد لە نوێنەرانی هەر سێ زلهێزەکە )شورەوی، بەریتانیا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (لە پێناوی رێنمایی کردنی حکوومەتی ئێرانی وهاندانی دەسەڵاتی ناوەندی لە تاران بۆ ئەنجامدانی چەند رێفۆرمێکی نێو خۆیی تا رەوشە ئاڵۆزەکەی ئێران ئاسایی بکاتەوە، بەو مەرجەی ئەو هەنگاوە رێفۆرمیستانەیە لە ژێر چاوەدێری کۆمسیۆنەکەدا بەرێوە بچێت، ئەو پێشنیارەی کە تێکرای ئامادە بووان رەزامەندییان بەرامبەر دەربڕی .(80)

سەبارەت بە رێکخستنی پەیوەندی هەرێمەکان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی لە تاران، بیڤن گوتی "لە راستیدا تا ئێستا یاسای بنەرەتی لە ئێراندا جێبەجێنەکراوە، بە پێی ئەو یاسایە کاروباری هەر پارێزگایەك پێویستە بە دەستی خەڵکی پارێزگاکە خۆیەوە بێت، دواتر هەموو پارێزگاکان لە سایەی بەرێوە بەرایەتی حکوومەتی ناوەندیدا کۆببنەوە، بە شێوەیەك ئێران ببێتە حکوومەتێکی فیدراڵی(81) "، دیدێکی وا کە لە بەندی چواری بەیاننامەی کۆمسیۆنەکەدا جێگیر کرابوو، دیارە باس لەوەش کرابوو کە دەسەڵاتدارانی هەرێمەکانی لە رێگای هەڵبژاردنی گشتییەوە هەڵدەبژێردیرێن و خودی کۆمسیۆنەکەش سەرپەرەستی هەڵبژاردنەکان لە ئەستۆ دەگرێت.

هەروەها وەك هەوالێك بۆ هێور کردنەوەی کێشەی نەتەوایەتی لە ئێران و رازیکردنی نەتەوە غەیرە فارسەکان و لابردنی ستەمی فەرهەنگی لە سەریان، کۆمسیۆنی سێ لایەنە لە بەندی 7ی بەیاننامەکەیدا پێی لە سەر ئەوە داگرتبوو کە پێویستە غەیرە فارسەکان بە تەواوی ئازاد بن لە بەرکارهێنانی زمانی میللییاندا، چ لە کاروباری خوێندن، یا خود لە هەر کاروبار و بوارێکی تردا، شایەنی باسە زمانی )کوردی(یش وەك زمانێکی سەربەخۆ لە پاڵ زمانەکانی دیکەی تورکی و عەرەبی دا لەو بەندەدا جێگیر کراوە .(82)

شایەنی باسە، هەر ئەوەندەی هەواڵی کۆمسیۆنەکە و پێشنیارەکانی لە لایەن رادیۆی B.B.Cەوە لە 15ی کانوونی دووەمی 1946دا بڵاوکرایەوە و بەرگوێی خەڵکانی ئێرانی کەوت، حیزبی تودە هێرشێکی توندی دەستپێکرد و دژی کۆمسیۆنەکە و تەواوی پێشنیارەکانی وەستا، رۆژنامەی )مردم(ی زمانحاڵی تودە لە وتارێکدا بە ناونیشانی )ما کمسیونی سە جانبە /ئێمە و کۆمسیۆنی سێ لایەنە (نووسیبووی" :ئێمە بێ پەردە و ئاشکرا دەڵێین کە لە هەر حاڵەتێکدا دامەزراندنی کۆمسیۆنێکی بەو چەشنە پێچەوانەی قازانج و بەرژەوەندییەکانی میللەتی ئێرانە و مافی حاکمییەتی میللەتی ئێران زەوتدەکات و هەموو ئەو رەنج و ماندوو بوونەمان بە فیرۆ دەدات کە میللەتی ستەمدیدەی ئێران لە پێناوی ئامانجی هاوبەشی سەرکەوتنی گەلانی هاوپەیماندا داوییەتی ....ئێمە بە راشکاوی رادەگەیەنین کە رازیبوون بە وەها کۆمسیۆنێك میللەتی ئێران تارادەی کۆلۆنییەك یان وڵاتێکی ماندێتی دێنێتە خوار و بۆ ئێمەش شکستێکی سەرتاسەری دەبێت ...ئێمە پڕ بە دەنگ هاوار دەکەین کە میللەتی ئێران رێگە بە هیچ دەوڵەتێکی بێگانە نادات بیخاتە ژێر ماندێتەوە یا خود لە جێگای ئەو بڕیار بدات.(83)"

دیارە ئەم هەڵوێستە دژەی حیزبی تودە لە کاتێکدا بوو، کە خودی لایەنێکی کۆمسیۆنەکە کە شورەوی بوو بەرامبەر بە پێشنیارەکەی بیڤن و ئەرکەکانی کۆمسیۆنەکە خانە گومان بوو، هەر بۆیە زوو بە زوو خۆی لێ دزییەوە و پێی وابوو هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە سوپای سوور لە باکووری ئێران ببرێتە دەرەوە و وا چاکیشە شورەوی لە رێگای دوور خستنەوەی ئەمەریکا لە مەسەلەکە و بە هیوای وەدیهێنانی دەستکەوتی زیاتر لە رێگەی دانیشتنی دوو لایەنەوە کێشەکان یەکلا بکاتەوە (84)، ئەو حاڵەتەی کە لەگەڵ تێکرای فاکتەرەکانی دیکەدا بوونە هۆی شکستی هەنگاوەکەی بیڤن و پیادە نەکردنی کاری کۆمسیۆنەکە، کارێکی وا کە گەر کرابا دەگونجا تا رادەیەکی زۆر بەهرەی بە جوڵانەوەی دیموکراتی ئێرانی گەیاندبا و لایەنێکی ستەمی سەر نەتەوە غەیرە فارسەکانی وڵاتی نەدەهێشت.


www.pertwk.com

پاش ئەوەی جوڵانەوەی نەتەوایەتی هەر دوو گەلی کورد و ئازەر بە تەواوبوونی جەنگ پێی خستە قۆناغێکی نوێ وە، و لە کۆتایی ساڵی 1945و سەرەتای ساڵی 1946 زەمینەی دامەزراندنی دەسەڵاتی نەتەوەیی ئەو دوو گەلە لە ئازەربایجان و موکریانی کوردستانی ئێراندا رەخسا، و مەسەلەی ئازەربایجان و خەباتی ئازادیخوازانی گەلی کورد بوونە هومێدی ئازادیخوازانی تەواوی ئێران و ململانێ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا توندوتیژ بوو، حیزبی تودە بە پێچەوانەی ئەو ئەسڵە لیینینییەی کە دەڵێت" :سۆسیالیستەکان پێویستە بوێرانە و بە ورەیەکی بەرزەوە پشتگیری جوڵانەوەی بورجوا دیموکراتیکی رزگاریخوازی نەتەوەیی لە وڵاتە )کۆڵۆنی و نیمچە کۆڵۆنییەکان(دا بکەن و لە حاست راپەرینی ئەوانە یا خود جەنگی پراتیزانی ئەوانە دژی هێزە ئیمپریالیستە زۆردارەکان، هاوکاری بکەن .(85) "ئامادە نەبوو هیچ کاتێك بە پراتیك بە قازانجی ئەو جوڵانەوەیە هەنگاوێك باوێژێ.

شایەنی باسە ئازەرییە تودەییەکان کە لە نێو حیزبی تودەدا ژمارەیان زۆربوو، لە رێبەرایەتیشدا بوون و لە پاش فارسەکان پلە دوو بوون، بە هۆی ئەو بێ هەڵوێستییەی حیزبەکەیان بریاریاندا بریزەکانی حیزب جێبهێڵن و بێ ئاگاداری حیزب بچنە نێو فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانەوە، و بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیان
تێبکۆشن، مەسەلەیەکی واو پاشان دامەزراندنی حکومەتە نەتەوایەتییەکانی ئازەربایجان و کوردستان بۆ رێبەرە فارسەکانی حیزبی تودە خەمێکی گەورە و خورپەیەکی دڵتەزێن بوو .(86)

رێبەرە فارسە تارانییەکانی حیزبی تودەی وەك :خلیل ملکی، احسان گبری،کیانورین د.رادمنش ....هتد، زۆر لە خواستە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد و ئازەر دەسڵەمانەوە، و هێندەی لێپرسراوانی دەسەڵاتی ناوەندی لە دامەزراندنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و فیداییەکانی ئازەربایجان، دەنگۆی یەکگرتنەوەی هەر دوو ئازەربایجانی ئێرانی و شورەوی، کۆماری دیموکراتی کوردستان و هاتنی بارزانییەکان و ئەگەری سەربەخۆیی...هتد بێزار و شپرزە بوون ، و لە پەیجوی ئەوەدا بوون جوڵانەوە نەتەوایەتییەکانی کوردستان و ئازەربایجان لە خواستە نەتەوایەتی و سیاسییەکانیان دا ببڕن و بەرگێکی ئابووری ـــ کۆمەڵایەتی رووتی لە بەرکەن.

بۆ نموونە، ئۆرگان و بڵاوکراوەکانی سەر بە حیزبی تودە زنجیرە وتاریان سەبارەت بە )مەسەلەی ئازەربایجان (بڵاو دەکردەوە و تیایاندا ئەوەیان دەورووژاندا کە ئێران نابێ پەرت بکرێت و میللەتی ئێران یەك میللەتە و ناکرێت لە پاڵ زمانی فارسیدا کە زمانی رەسمی تێکڕای میللەتی ئێرانە، زارێکی هەرێمی قوتبکرێتەوە .(87)

لە چەند وتارێکی )رهبر(ی ئۆرگانی حیزبی تودە دا، کەسانی وەك :خلیل ملکی و انور خامە بە خۆ گێلکردن لە فاکتەری نەتەوەیی، هەوڵیاندا بوو ئەوە بسەلمێنێن کە مەسەلەی ئازەربایجان زادەی سیاسەتی فشاری ئابووری و گەندەڵی چینی فەرمانرەوای ئێرانە و ئازەربایجان لەگەڵ هەرێمە فارسنشینەکانی دیکەی ئێراندا جیاوازییەکیان نییە، چونکە خەڵکی ناوچە فارسنشینەکانیش وەك ئازەرییەکان فشاریان لە سەرە و لە سیاسەتی حکومەتی ناڕازین و کەس لە کەس چەوساوەتر نییە .(88)

هەروەها د.رادمنش لە دانیشتنێکی مەجلیسدا و لە گەرمەی رووداوەکانی ئازەربایجان و کوردستاندا، هەوڵیدا لە قسەکانیدا ئەوە بسەلمێنێت، لە بەر ئەوەی حکوومەتی ناوەندی رێفۆرمی زەوی ئەنجامنەداوە، خۆی لە رێفۆرمی کۆمەڵایەتی بە دوو گرتووە، یاسای کاری دانەرشتووە، خەڵکی لە برسێتی و گرانیدا جێهێشتووە، هەر بۆیە قەیرانی ئازەربایجان وا بە زەقی دەرکەوتووە .ئەو دەیگوت "بیرکەنەوە، ئایا ئەم قەیرانە تەنیا تایبەتە بە ئازەربایجان؟!، چونکە دانیشتووانی باشووریش )مەبەستی هەرێمی فارسە ـــ ل (لە رووی بێ خۆراکی و بێ پۆشاکی و نەبوونی پێویستییەکانی دیکەی ژیانەوە زێدەتر لە نارەحەتیدان، پێویستە حکوومەت بە خێرایی و بە ئاشتی بە فریای چارەسەری ئەو مەسەلەیەوە بێت، گەرنا سبەینێ رێکخراوێکی دیکە دادەمەزرێت و دەڵێت :بەڵێ قوربان، ئێمەش عەرەبین و عەرەبستانمان دەوێت، ئەوسا جەنابتان چ وڵامێکتان دەبێ؟.(89)"

شایەنی باسە لەم قۆناغە ناسك و ئاڵۆزەی ئێران و لە گەرمەی پەرەگرتنی خواست و دەستکەوتە نەتەوایەتییەکانی گەلانی غەیرە

**فارس، به تایبەتی کورد و ئازەر، بۆیەکەم جار لە مێژووی حیزبی تودەدا شتێك بە ناوی کێشەی نەتەوایەتی لە لایەن ڕێبەرێکی تودەی وەك (اردشیر اوانسیان)ەوە قسەی لە سەر دەکرێت، اوانسیان لە وتارێکدا چەمکی نەتەوەی بە شێوە ستالینیەکە پێناسە کردووە کە لە کۆمەڵە کەسانێك پێکدێن :زمان، فەرهەنگ، ئابووری و زەوی هاوبەشیان هەیە، بێ ئەوەی هیچ باسێك لەوە بکات کە ئایا لە ئێراندا فرە نەتەوەیی یا خود کێشەی نەتەوەیی هەیە یان نییە .(90)دیارە ئەوەش تەنیا بۆ سەلماندنی ئەو دیدە تودەییە بوو، کە لە بەر ئەوەی خەڵکانی وەك کورد، ئازەر، بلوچ و عەرەب ی ئێران لەگەڵ هاوڕەگەزەکانیاندا لە سەر زەوییەکی هاوبەش، بە هۆی ئابوورییەکی هاوبەشەوە پێکەوە نەبەستراونەتەوە و لەو لایەنەوە لە سەر خاکی ئێران و بە ناوەندەوە گرێدراون، ئیتر نابێت بە پێی پێناسەی ستالین بۆ نەتەوە، حیسابی نەتەوەیان بۆ بکرێت و بەوەش چ مافێکی نەتەوایەتییان پێ ڕەوا نابینرێت.**

**کاتێکیش قوام السلگنە ی سیاسەتکار زۆرزانی ئێرانی لە 4ی نیسانی ساڵی 1946دا، توانی شورەوی بە کشانەوەی سوپای سوور لە باکووری ئێراندا قایل کات، و بکەوێتە ئەوەی مەسەلەی ئازەربایجان بە شێوەیەکی (ئاشتیخوازانە و خێر خوازانە) کۆتایی بهێنێ، وەك تاکیتك دەرگای دانوساندنێکی ماراسۆنینیانەی بە ڕووی سەرانی کورد و ئازەردا کردەوە، بەوەش مەسەلەکانی :هێشتنەوەی دەسەڵاتی نەتەوەیی و پەرەپێدانی ئیدارە نەتەوایەتییەکان، بە ڕەسمی ناساندنی زمانی نەتەوەیی و پەرەپێدانی دەستکەوتە فەرهەنگییەکان....هتد لە لایەن سەرانی کورد و ئازەرەوە وەك داواکاری پێشکەش لەو کاتەدا ئەندامانی فراکسیۆنی تودە لە مەجلیسی چواردەهەمدا بێ ئەوەی پشتگیری هیچ ماف و دەستکەوتێکی نەتەوەیی کورد بکەن، یان مەسەلەی زمانی کوردی وەك مافێکی فەرهەنگی، نەك لە تەواوی کوردستانی ئێراندا، بگرە بۆ خەڵکی مەهابادیش بە ڕەوا بزانن، ئەوانە هەڵوێستی ڕاستەقینەی حیزبی تودەیان ئاشکرا کرد، ئەوەی کە ڕازی دەبێت تەنیا زمانی ئازەری لە سێ پۆلی سەرەتاییدا بخوێنرێت و هیچی تر .(91)**
**لە کاتێکدا وەك دەزانین قەدەغە کردنی خوێندن و نووسینی زمانی نەتەوە غەیرە فارسەکان لە ئێراندا بڕیارێکی شۆڤێنیستانەی ڕەزا شا پەهلەوی بوو .هەموو پشتگیرییەکی حیزبی تودە لە جوڵانەوە نەتەوایەتییەکەی کورد و داواکارییەکانی ڕێبەرانی کۆماری کوردستان، یەك دوو چاوپێکەوتن بوو کە ڕۆژنامەکانی (رهبر) و (مردم) لەگەڵ پێشەوا قازی لە تاران کردبوویان(92)، تا خەڵکی ئێران دڵنیا بکەنەوە کە جوڵانەوەکەی کوردستان جوڵانەوەیەکی سەربەخۆ خوازی نیشتمانی نییە و بۆ یەکپارچەیی خاکی ئێران زیانێکی نییە و لە بنەڕەتدا بەشێکە لە جوڵانەوە دیموکراتی ئێرانی دژی کۆنە پەرەستی، مەسەلەیەکی وا کە بەشێکی ڕێبەرانی باڵی ڕاستی نێو حیزبی تودەی دڕدۆنگ کرد، ئەوانەی پاشتر حیزبیان لە سەر ئەو (هەڵە)یەی بە توندی سەرزەنش کرد.(93)**

**لە ڕاستیدا حیزبی تودە لەم قۆناغەدا، بەو هەموو هێز و توانا ڕێکخراوەیی وتەبلیغاتی و نفوزە جەماورییەی کە هەیبوون گەر هەڵوێستێکی ڕاست و موسبەتیان سەبارەت بە کێشەی نەتەوایەتی لە ئێراندا هەبوایە و بڕیاری ڕاست و سەر بەخۆیان لێبدایە، دەیانتوانی جوڵانەوە ئازادیخوازانەی نەتەوەیی ئازەر و کورد و شەپۆلی دیموکراتیخوازی لە ئێران و ناوچەکەدا بە جۆرێکی وا گرێبدەن کە خزمەتێکی مێژوویی بە تەواوی گەلانی ئێران و ناوچە بکەن و مەزنترین قەیران بۆ شاپەرەستەکان و بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزم پێکبهێنن، بە چەشنێك نەتوانن ڕەوتی مێژوو لەو ناوچەیەدا بە قازانجی خۆیان و دەسەڵاتە بە کرێگیراوە زۆردارەکان ئاراستە بکەن.**

**وەك پێشتریش ئاماژەی بۆ کراوە، حیزبی تودە لە 29ی حوزەیرانی 1946دا بەرەیەکی بە ناوی (جبهە موتلفە احزاب ازادیخواە) دامەزراند، کارێکی وا کە لە دوو لاوە زیانی مەزنی لێکەوتەوە، یەکەمیان :حیزبی تودە بێ ئەوەی هیچ مافێکی نەتەوەیی بۆ نەتەوە غەیرە فارسەکان، بە تایبەتی کورد و ئازەر لە ئێراندا بسەلمێنێت، بە دامەزراندنی ئەو بەرەیە و ڕاکشانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و حیزبی دیموکراتی کوردستان و چەند ڕێکخراوی ئازادیخوازی دیکە بۆ نێو بەرە، توانی شەرعییەتێکی ڕەها بداتە خۆی و وەك پێشەنگ و ئاڵاهەڵگری جوڵانەوەی دیموکراتی و ئازادیخوازی سەرتاسەری ئێرانی خۆ بنوێنێت و لە گەمەیەکی سیاسیدا بەرە بخاتە خزمەتی وەدەستهێنانی زۆرینەی کوردسییەکانی مەجلیسی پازدە (94)، ئەو مەجلیسەی کە دوو سێ مانگی مابوو هەڵبژاردنەکانی بۆ ئەنجامبدرێت .لە لایەکی دییەوە ئەو**



www.pertwk.com

بەرەیەی حیزبی توتدە دایمەزراند، لە ئەنجامی کەمفامی حیزبی تودە و فێڵبازی قوام السلگنەدا کرایە ئەسپی تەڕوادە بۆ قوام و حیزبە (دیموکرات)ەکەی، بە چەشنێك تەواوی دیموکراتخوازانی ئێرانی و ئازادیخوازانی کورد و ئازەری پێ لە خشتە بران و زەمینەی سەرکەوتنی شاپەرەستەکانی ڕەخساندەوە.

قوام کە کەوڵی چەپێکی پێشکەوتووخوازی کردبۆ بەر، ئالای بەرەی دیموکراتخوازانی گرتبۆدەست و لافی ئاشتیخوازی و ڕێفۆرمیستی لێدەدا و هات وچۆی تودەییەکانی دەکرد، و وێڕای ئەوەی 3وەزارەتی لە حکوومەتەکەی دابونێ، لە بارەگای حیزبی تودەوە لە تاران لە ئەیلولی 1946دا ڕایگەیاند کە دیموکراتخوازەکان وەك بەرەیەك بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی خولی پازدەهەمی مەجلیس خۆ ئامادە دەکەن (95).

شایەنی باسە قوام بە چەشنێك لە گێڕانی ڕۆڵە چەواشەکارانە کەیدا سەر کەوتوو بوو، تێکڕای ئازادیخوازانی مەست کردبوو، سەبارەت بە جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد، کاتێك شاندێکی کوردی بە ڕێبەری پێشەوا بۆ دانوساندن سەردانی تارانیان کرد و ئاغای قوام بە بیانووی نەخۆشییەوە خۆی لێدزینەوە، شاندەکە بە دەستی بە تاڵ بۆکوردستان گەڕایەوە، و پێشەوا ڕایگەیاند "نەزەری ئاغای سەرۆك وەزیرانم زۆر تێکەڵ و حوسنی ڤە ن و چاك نیەتی دیوە، داخەکەم بەر هەڵستێکی کە گفتوگۆی ئێمەی وەدواخست نەخۆشی جەنابی ئاغای قوام السلگنە بوو، لە خودام تەلەبە زووتر چابێتەوە تا موزاکەرە بە خێروخۆشی و نەفع و قازانجی ئازادی دوایی بێت ...من ئاتییەکی زۆر چاك تیبینی دەکەم و هیوادارم دەوڵەتی مەرکەزی بتوانی دیموکراسی بە هەموو ئێران دا بڵاو بکاتەوە.(96) "

لە ڕاستیدا قوام نەك هەر بوارێکی دیکەی بۆ موزاکەرە و چاوپێکەوتنی ڕێبەرانی کورد نەڕەخساند، بەڵکوو زۆر بە خێرایی سەد و هەشتا پلە بە دژی ئازادی و بەڵێنەکانی پێشووی بایداوە، و بە فەرمانی شا حکوومەتێکی نوێی بێ بەشداری هیچ تودەییەك دامەزراند و بە بیانووی ناردنی هێز بە مەبەستی چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی داهاتوو، زەمینەی ڕوخاندنی هەر دوو حکوومەتە میللییەکەی کورد و ئازەر، و گەڕانەوەی لەشکری شاهەنشاهی بۆ ئازەربایجان و کوردستان ڕەخساندەوە.

پێویستە بگوترێت، حیزبی تودە کە لە حاست گۆڕانە کتوپڕەکەی هەل و مەرجەکە و بادانەوەکەی قوام دا دۆش دامابوون و هەڵوێستێکیان نەگرتە بەر کە لە ئاستی مەترسیداری مەسەلەکە دا بێت، کەوتنە بیانوو داتاشین گوایە "هەر بەر گرییەك بکرابا، جەنگی نێو خۆیی لێدەکەوتەوە، ئەوەش دەرفەتی بە هێزە ئیمپریالیستەکان دەدا دەست
وەردەنە کاروباری ولاتەکەمان....کشاندنی جەنگ و بەرگری بۆ سنورەکانی شورەوی، ئاسایشی پێگەی سوسیالیستی دەخستە مەترسییەوە ..... چەك دانان و بەرگری نەکردن لە پێناو داکۆکی لە ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریا دایە!!(97) "

بێ هەڵوێستی و بڕووبیانووی بەو شێوەیەی حیزبی تودە دواتر لە لایەن کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە کە لە تشرینی دووەمی 1964دا بەسترا، بە توندی ڕەخنەی لێگیرا، بەیاننامەی کۆنگرە لە ژێر سەردێڕی (رابردووی ح .د.ك (لە کاتی جمهووری کوردستان دا گاڵتەی بە هەڵوێست و بیانووەکانی ئەودەمی حیزبی تودە هاتووە گوایە ڕوخاندنی دەسەڵاتە نەتەوایەتییەکانی ئازەربایجان و کوردستان و پاشەکشەی شورەوی لە ئێران لە پێناوی سەرکەوتنی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی چین بووە!!، ئینجا بەیانەکە دەڵێت "لەو لاشەوە حیزبی تودەی ئێران ویستیان بەو دەلیلە پڕوپووچانە خۆحەشار دەن وەك کەوەکە سەریان لە بەفر گرتبوو لەشیان بە دەرەوە بوو، دەیانویست ئەو ڕاستیە بشارنەوە کە لەو کاتەدا تەواوی هێزی ڕەش و بەدفەڕی شا ـــ ئیمپریالیزم و دوژمنە سوێندخۆرەکان کلکیان لێك بەستبوو لە تارانەوە بە "دڵنیایی "ڕوویان کردە کوردستان.(98) "

2/1/2: هەڵوێستی حیزبی تودە لە پاش ڕووخاندنی کۆماری کوردستان تا پەلاماری ساواك 1947ـــ 1959

ئاشکرایە کە ڕوخاندنی حکوومەتە نەتەوایەتییەکانی ئازەربایجان و کوردستان بە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی ئێران بە گشتی و لە



www.pertwk.com

مێژووی حیزبی توده بە تایبەتی دادەنرێت، وێڕای ئەوەی ئەو شکستە بووە هۆی پاشەکشەی جوڵانەوەی دیموکراتی سەرتاسەری لە ئێران، و گیانێکی نوێی بە هێزە کۆنە پارێز و شاپەرەستەکان بە خشییەوە، سیاسەتی یەکێتی شورەوی لە ئێران و هەڵوێستی حیزبی تودەی بەرامبەر سەرجەم خەباتی ئازادیخوازانی ئێران خستە ژێر پرسیارەوە، چونکە مەسەلەکە هەر بە پەلاماری هێزە شاپەرەستەکان بۆ سەر بارەگا و ئەندامانی حیزبی توده لە باشوور و هەرێمەکانی دیکەی ئێراندا نەوەستا، بەڵکوو لە ڕووی جەماوەریشەوە حیزبی توده زیانی مەزنی وێ کەوت و بەشێکی زۆری خوێندکاران و ڕۆشنبیرانی لێ تەکییەوە.

هەروەها مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێران و ساغکردنەوەی هەڵوێستی حیزب لەو مەسەلە گرنگە فاکتەرێکی گرنگی ڕوودانی یەکەمین پەرتبوونی ڕیزەکانی حیزب بوو، چونکە باڵی ڕاستی حیزب کە خلیل ملکی و هاوڕێیانی بوون و لەو ڕووەوە کیانووری و احسان گبریشیان دەگەڵدابوو، بە توندی دژی هەر جۆرە پشتگیری و لایەنگرییەکی حیزب بوون لە هەر خواستێکی تایبەتی نەتەوە غەیرە فارسەکان و دژی دابەشبوونی دەسەڵات بوون لە ئێراندا، و مەسەلەیەکی وایان بە فاکتەری لاواز بوونی ناوەند و بە هێز بوونی زمانی کەمینەکا لە سەر حسابی زمانی فارسی دادەنا .

ئەوانە کە هەر لە کۆنگرەی یەکەمی حیزبەوە سەبارەت بە خواستی هەرێمەکان دردۆنگ بوون، و لە پەرەگرتنی جوڵانەوەی نەتەوایەتی هەر دوو گەلی کورد و ئازەر تەواو هەراسان بوون، دواتریش ڕەخنەی توندیان لە حیزب ئەوە بوو کە چۆن ڕێکخراوە میللییەکانی ئازەر و کوردی لەبەرەدا قبوڵ کردووە و جوڵانەوەکانی ئازەربایجان و کوردستانی بە بەشێك لە جوڵانەوەی دیموکراتی گشتی نێوبردوون .هەر بۆیە حیزبی توده لە پاش ڕووخاندنی حکوومەتەکانی ئازەربایجان و کوردستان هەتا کۆنگرەی دووەم لە بەهاری ساڵی 1948دا چ هەڵوێستێکی ئاشکرا و ڕەسمییان سەبارت بە کێشەی نەتەوایەتی لە ئێراندا نەبوو، حاڵەتێکی وا کە تا جیابوونەوەی باڵی ڕاست و خۆ ئامادە کردن بۆ بەستنی کۆنگرەی دوو وەك خۆی مایەوە و تەنیا خواستە ئابووری و کێشە چینایەتییەکان جێگای مشتوومڕ بوون .(99)

لە ڕاستییدا مەسەلەی جیابوونەوەی خلیل ملکی و هاوڕێیانی لە حیزبی توده، ژمارەی ئەندامە فارس ڕەگەزەکانی لە ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە دا کەمکردەوە و سەنگیانی دابەزاند، لە بەرامبەر ئەوەشدا چەند ئەندامی ئازەری توانییان بگەنە پۆستی ڕێبەرایەتی، بە چەشنێك لە کۆنگرەی دووەمدا %44ڕێبەرایەتی حیزبی توده ئازەری زمان بوون، ئەوەش هەل و مەرجێکی وای سەپاند کە ڕێبەرایەتی کە لە دەستی باڵی مەیانڕەودا مابووەوە، بە لە بەرچاو گرتنی ڕووداوەکانی پاش جەنگی دووەمی جیهانی و خەباتی نەتەوەیی هەردوو گەلی کورد و ئازەر، ئاوڕێك لە کێشەی نەتەوایەتی لە ئێراندا بداتەوە و هەوڵی ئەوە بدات ئەو کێشەیە بخاتە خزمەت خەباتی چینایەتی و سەرتاسەری دژی دەربار و موڵکدارە کۆنە پارێزەکان و ئیمپریالیزم لە ئێراندا، بەوەی کە حیزبی توده، لە ڕووی تاکتیکەوە، بە قسە و نووسین، نەك بە پراکتیك، لایەنگری لە وەڵامدانەوە بە لانی کەمی مافی فەرهەنگی و ئیداری سنورداری نەتەوە غەیرە فارسەکانی ئێران بکات.

لێرەوە یەکێك لە بڕیارەکانی کۆنگرەی دووی حیزبی توده، بریتی بوو لە هەوڵدان بۆ بەستنی پەیوەندی لەگەڵ فیرقەی دیموکرتی ئازەربایجان و حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەو پێیەی ئەو دوو ڕێکخراوە "ڕێزیان لە یاسای بنەڕەتی ئێران گرتووە و لە پێناو چەسپاندنی هێزە پێشکەوتووخوازەکانی ناوچەکانی دیکەی ئێراندا تێکۆشاون"، هەروەها زەمنیە خۆشکردن بۆ یەکگرتنی حیزبی توده و ئەو دوو ڕێکخراوە هەرێمییە، هەر بۆیە حیزبی توده لە کۆنگرەی دوودا چەند دروشمی وەك) :زنده باد جنبش ملی ئازربایجان و کردستان /بژی جوڵانەوەی نەتەوەیی ئازەربایجان و کوردستان(، )از حق خود مختاری ملی کردستان و ئازربایجان حمایت می کنیم / پشتگیری مافی خودموختاری نەتەوەیی کوردستان و ئازەربایجان دەکەین(و )نابود باد همە اشکال ستم ملی /ڕیسوا بێت هەموو شێوازێکی چەوساندنەوەی نەتەوەیی (لەگەڵ دروشمەکانی دیکەی حیزبدا بەرز کردەوە .(100)

هەروەها لە یادی دەیەمین ساڵوەگەڕی مەرگی )د.ارانی(دا، ژمارەیەکی )مردم (کە تایبەت بوو بە یادی شەهیدانی مەزنی ئێران، ناوی ئەو ڕێبەرە نەتەوەییانەی کورد و ئازەری بە تێکۆشەر و شەهیدی ڕێگای ئازادی ئێران ناو بردوو، کە بە دەستی لەشکری شاهەنشاهی هەڵواسران و گولله باران کران .(101)

شایەنی باسە تودە لە سایەی تیزی نەتەوایەتی ستالین و ئەزمونی شورەویدا بەو شیوەیە قسەی لە کیشەی نەتەوایەی لە ئیراندا دەکرد، کە ئیران لە چەند میللەتی جیاواز پیکدیت، هەریەکەیان زمانی تایبەتی خوی هەیە و لەوی دیکە جیاوازە، بەلام تیکرای ئەو میللەتانە لە پیناو هینانەدی فەرهەنگیکی دەولەمەند و خەباتیکی هاوبەش دژی فیودالیزم و زورداری و ئیمپریالیزم و بی جیاوازی لە سەنگەریکدا تیدەکوشن .هەروەها ئەو باوەرەی لا دروست ببوو، کە پیویستە مارکسیستەکانی ئیران دان بە فرە گەلی ئیراندا بنین و هەولبدەن لە پیناوی بە هیز کردن و سەرخستنی خەباتی چینایەتی و دژی ئیمپریالیستیدا، دژایەتی ستەمی میللی لە ئیراندا بکەن، و ئەو ستەمە بە روویەکی قیزەونی سیستەمی سەرمایەداری کومپرادوری لەو ولاتەدا بزانن، و بە جوریك مامەلە لەگەل ئەو کیشەیەدا بکەن کە ببیتە هوی لاواز کردنی پایە سیاسی و کومەلایەتییەکانی چینی فەرمانرەوا و ئیمپریالیزم لە ئیراندا.

بیگومان ئاوردانەوەی حیزبی تودە و دانپیانانی بە کیشەی نەتەوایەتی لە ئیران و ستەمی سەر گەلانی غەیرە فارس مەسەلەیەك بوو کە بوشاییەکی گەورەی لە بەرنامەی حیزبیکی مارکسی وەك تودەدا پر کردەوە، بەلام خویندنەوەیەکی ئابووری چینایەتی ئەو کیشەیە و گریدانی بە سەرکەوتنی خەباتی چینایەتی و دژی ئیمپریالیستی گەلی سەردەستەوە و بە زور کوکردنەوەی چینە زەحمەتکیشەکانی تیکرای گەلانی فارس و غەیرە فارس لە سەنگەریکدا، ئەوەیان مەسەلەیەك بوو کە گیروگرفت و دوو فاقییەکی ئیکجار زوری لە پراکتیکدا دەهینا گوری، و ستەمی نەتەوایەتی بە تەواوی بنبر نەدەکرد و یەکسانی و داد پەروەری نەتەوەیی وەدینەدەهینا.

هەر بویە هیچ کاتیك حیزبی تودە مافی چارەنووس و دروستکردنی دەولەتی نەتەوەیی بە گەلە غەیرە فارسەکانی ئیران رەوا نەدەبینی و باسیشی لیوە نەدەکرد، و بگرە دژیشی دەوەستان و کاریکی وایان بە زیانی خەباتی )یەکگرتووی (چینە زەحمەتکیشەکانی ئیران بە دژی کونە پەرەستی و ئیمپریالیزم دەزانی، و پییان وا بوو ئەو مافە هەل و مەرجی بە دەستەوە گرتنی دەسەلاتی سیاسی و ئابوری و کومەلایەتی لە لایەن چینی بورجوراو نیمچە دەرەبەگی ناسیونالیستی نەتەوەی غەیرە فارسەوە فراهەمدەکات و ئیران )یەکپارچە (دەکاتە چەند دەولەتیکی ناسیونالیستی دژ بە یەك .مەسەلەیەکی وا کە زور بو پاشەوەی دەگیرانەوە .(102)

لە راستیدا ئەم جورە دید و لیکدانەوەیەی حیزبی تودە سەبارەت بە کیشەی نەتەوایەتی و چونیەتی چارەسەر کردنی، و ویرای ئەوەی فاکتەریکی بنەرەتی ناروونی و دژ بەیەکی هەلویستەکانی ئایندەی بوون لە مەر ئەو مەسەلەیە لە رووی تیور و پراکتیکەوە، کە لە باشترین حالەتیدا خوی لە دانپیانان بە مافی )خودگردانی (103) (دەبینیەوە، ئەوەی کە نەك هەر کیشەی نەتەوایەتی لە ئیراندا لە بەین نەدەبرد، بگرە شیوازیکی دیکەی لە پەیوەندی نا بەرامبەر و ستەمگەرانە لە نیوان ناوەندیکی بە هیزی فارسنشین و هەریمە غەیرە فارسەکانی کوردستان، ئازەربایجان، عەرەبستان، بلوجستان....هتد، دەهینایە گوری.

ئەوەش ئەو راستیەمان بو روونەکاتەوە کە حیزبی تودە لەو پەری توانا و هیز و نفوزی جەماوەریدا، ئامادە نەبووە هاوکاری و لایەنگری هیچ حیزب و ریکخراو و گروپیکی سیاسی نەتەوایەتی لە کوردستانی ئیراندا بکات، ئەگەر ئەو
حیزب و ریکخراوە پیشرەوی و پیشەنگی حیزبی تودەی قبول نەبی و لە ژیر ئالای ئەنتەرناسیونالیزمی تودە دا لە سەنگەری دژ بە کونە پەرەستی و ئیمپریالیزمدا لە ئیرانیکی یەکپارچەی ناوەندگەرادا تینەکوشی.
بو نموونە، کاتیك چەند لاویکی شاری مەهاباد لە سەرەتای سالی 1948دا خوازیاری ژیاندنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوون، بە هومیدی ئەوەی حیزبی تودە هاوکارییان بکات بەیاننامەیەك بە زمانی کوردی چاپ و بلاوبکەنەوە و تییدا بلین "حیزبی دیموکرات نەمردووە و



www.pertwk.com

زیندووه و بۆ وەدەست هێنانی ئاما نجەکانی گەلی کورد درێژە بە خەبات دەدات(104) "، کەچی حیزبی توده خۆی تێنەگەیاندن، ئاکامەکەشی وە بلوریان دەڵێت "پاش ئەوەی لە حیزبی توده نا ئومێد بووین، بڕیارماندا دووکەس بنێرین بۆ کوردستانی عێراق و لە پارتی دیموکراتی کوردستان یارمەتی وەرگرین.(105) "

بە هەر حاڵ پاش پەرەگرتنی جوڵانەوەی دیموکرتی سەرتاسەری و بزووتنەوەی خۆماڵیکردنی نەوتی ئێران بە ڕێبەرایەتی بەرەی نیشتمانی و د.مصدق لە سەرەتای پەنجاکاندا، حیزبی توده توانی ئەم دەرفەتە بۆ خۆ ڕێکخستنەوە و پەرەپێدانی چالاکییە سیاسییەکانی بقۆزێتەوە، لێرەشەوە ڕێبەرایەتی حیزب بە لە بەر چاو گرتنی پێشینەی ئازادیخوازانە و هەل و مەرجی تایبەتی کوردستانی ئێران، لە هەوڵی ئەوەدا بوو خەونی کۆنی لە پەیدا کردنی نفوزی جەماوەری و کۆنترۆڵکردنی جوڵانەوەکەی کوردستان بێنێتە دی، ئەویش لە ڕێگای خۆنزیککردنەوە لە حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لەو قۆناغەدا سەر لە نوێ لە لایەن ژمارەیەك لاوانی خوێنگەرمی مەهابادی دامەزرابووە ولە نێوخەڵکیشدا ڕیشەی داکوتابوو، لە ڕاستیدا حیزبی توده خوازیاری دامالینی سروشتی کوردایەتی و نەتەوەیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و گۆڕینی بوو لە ڕێکخراوێکی سەربەخۆوە بۆ شاخەی حیزبی توده لە کوردستاندا.

بلوریان دەڵێت" :حیزبی توده زانی حیزبی دیموکرات لە نێو خەڵکدا ڕیشەی هەیە و ئەندامانی بە نهێنی خۆیان ڕێکخستۆتەوە داوای پەیوەندی لێکردین(106)"، سەرەتای ئەو پەیوەندییەش لە ڕێگای صارم الدینی صادق وەزیری (خەڵکی سنە و دانشتووی تاران و وەکیلی پایەی یەکی دادوەریی و بە هۆی سەدیقی ئەنجیری ئازەر کە کارمەندی ئەو کاتەی باڵای ئیدارەی فەرهەنگ بوو لە تاران، ئەنجامدا تا دواتر لە بەهاری 1953دا حیزبی توده چوار کادری پلە دووی خۆی نارده کوردستان بە ناوی )عبدالرحمن قاسملو، بهنام، ئیحسانوڵڵا و جەوهەری (کە بە مەبەستی بارهێنانی ڕێبەران و ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بیری چەپی تودەیی و ئێرانچێتی و شورەوییەرەستی.

جۆری پەیوەندییەکەش وەك قاسملو نووسیویە "بەرێوەبەری حیزبی توده ئەو کاتە لەو بڕوایە دابوو کە هەم لە باری تەشکیلاتی و هەم لە باری سیاسییەوە ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکرات لە کوردستان دەبێ بە گشتی پەیڕەوی بەرێوەبەری حیزبی توده بێ، لە ڕاستیدا بەشێك بن لە تەشکیلاتی حیزبی توده، بەڵام ناوی حیزبی دیموکرات بپارێزن و هەر بەو ناوەش درێژە بە تێکۆشانی خۆیان بدەن کە بە کردەوەش هەر وای لێهات.(107) "

ئەم قسەیەی قاسملو ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییەدا حیزبی دیموکرات لە ڕووی سیاسی و ڕێکخراوەییەوە سەربەخۆیی خۆی لە دەستدا و بە پراکتیك بووە شاخەی حیزبی توده لە کوردستان بە ناوی حیزبی دیموکرات، لە ڕووی ئیدۆلۆژیشەوەی ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات پشتیان لە ناسیۆنالیزم و کوردایەتی کرد و لە ڕێگای کلاسی تایبەتەوە بوونە هەڵگری ئالای ئەنتەرناسیۆنالیزم بە ڕێبەرایەتی و شێوازە تودەییەکەی .مەسەلەیەکی وا کە تەسلیمکردنی ئالای جوڵانەوەی نەتەوایەتی گەلی کوردە بە ژمارەیەك مارکسیستی شۆڤێنستی فارس لە تاران، ئەوانەی لە بەر زۆر هۆ لە ڕەهەندە ڕاستەقینە سیاسی و مێژووییەکانی کێشەی کورد لە ئێران نەدەگەیشتن، و نە دەیانتوانی و نە مەبەستیشیان بوو لە پێناو ئامانج و ئاواتەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێراندا تێبکۆشن، جگە لەوەی بۆ چەند ساڵ دەست و پێی حیزبی دیموکرات و ئازادیخوازانی کوردیان زنجیر کرد و تەواوی ماندووبوون و تێکۆشانی خەڵکی کوردستانیان کردە قوربانی سیاسەتی ناجێگیر و هەڵوێستە دژبەیەکەکانی حیزبی توده لە تاران.

بۆ نموونە، حیسامی نووسیویە "کاتێك قونسڵخانەی ئینگلیزی لە خوزستان بەسترا و ئالای ئێران لە ساختومانی شیرکەتی نەوت هەڵکرا، لە سەرانسەری ئێران تیلگرافی پشتیوانی بۆ مصدق لێ درا، منیش لە نەغەدە تیلگرافی پشتیوانی و پیرۆزباییم بۆ دوکتۆر مصدق نارد ...پاش ماوەیەك لە مەهابد نامەیەکم بۆ هات نووسرابو براەرانی سەرو )واتە ڕێبەرانی حیزبی توده لە تاران ــ ل (لە تیلگرافی پیرۆزبایی تۆ ڕەخنەیان گرتوە...تیلگرافی پشتیوانی ئەو دەبێتە هۆی ئەوەکە خەڵك حکوومەتی مصدقیان پێ باش بێ.(108) "


www.pertwk.com

وەك لە پێشەوە ئاماژەی بۆ كراوە، وێڕای ئەوەی حیزبی تودە لە كۆنگرەی دووەمییەوە دانی بە فرەگەلی ئێراندا نابوو، و مافێكیشی بە ناوی )خودگردانی (ییەوە پێ ڕەوا بینیبوون و دژایەتی هەر شێوازێكی ستەمی نەتەوەیی لە ئێراندا ڕاگەیاندبوو، كە چی بە پراكتیك و لە كوردستان نە شتێك لەو بارەیەوە ڕەچاو كرابوو، نە تاقە هەنگاوێكیش نرابوو كە لە ڕووی زمان و فەرهەنگەوە، یا لە بارەی مافە سیاسی، نەتەوەیی و كۆمەڵایەتییەكان و هۆشی نەتەوایەتیەوە خزمەت بە گەلی كورد لە كوردستانی ئێران بكات، نەك مر خۆی، بگرە حیزبی دیموكراتی كوردستانیشی لەو ئەركە هەڵپە ساردبوو، وەك حیسامی گوتوویە "ئێمە بە ناوی حیزبی دیموكرات كار و تەبلیغاتمان دەكرد، بەڵام لە واقیع دا وەك بەشێك لە ڕێكخراوی حیزبی تودەی ئێران بووین، بە تایبەت كادری بەڕێوەبەری خۆیان بە تودەیی دەزانی، برادەرانمان بە تاوانی تودەیی دەگیران ...خەباتی نەتەوایەتی، تەبلیغات بۆ مەسەلەی كورد یا وەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی، هەر باس نەدەكرا، ئەساس و بناغەی تێكۆشانمان لە سەر

خەباتی چینایەتی دامەزرابوو، بە هیچ جۆر سەرەڕای ئەو هەموو ئیمكاناتە بیرێك لە دەركردنی ڕۆژنامەیەك بە زمانی كوردی نەدەكراوە، ڕێبەرایەتی حیزب تودە مەسەلەی نەتەوایەتییان جارێكیش نەهێنا گۆڕێ.(109) "

هەروەها حیسامی لە شوێنێكی دیكەشدا ئاماژەی بەو ڕاستییە داوە و دەڵێت "ڕاستە لە نێو خەڵك تێكۆشان بە ناوی حیزب دیموكرات بوو، بەڵام هیچ بەرنامە و سیاسەتێكی نەتەوایەتی و كوردستانیمان نەبوو، دەستورات و ئەوامیری حیزبی تودە دەهاتن و بە گوێرەی ئەوان تێكۆشان بەڕێوە دەچوو.(110) "

) سەعید كاوە(ش لە بیرەوەرییەكانیدا باس لە چۆنێتی بیر كردنەوەی نانەتەوەییانەی ڕێبەرانی ئەودەمی حیزبی دیموكراتی كوردستان كردووە و گوتوویە "لە بیرمە لە كۆبوونەوەی كادر و مەسئولاندا كاتی مەسەلەیەك دەهاتە پێش بیری حیزبی تودە بە سەر هەست و مێشكی كوردە سیاسییەكاندا زاڵ بوو، بە زاهیر ئەندامی حیزبی دیموكراتی كوردستان بوون، بەڵام مەسەلەی میللی و ڕزگار بوونی كورد هەر باسیشی لێ نەدەكرا.(111) "

لەوەش زیاتر كاتێكی نارەزایەتی وەرزێرانی كوردستان دژی زۆڵم و ستەمی دەرەبەگە شاپەرەستەكان پێ بە پێی خەباتی دیموكراتیكی سەرتاسەری دژی دەربار و ئیمپریالیزمی بەریتانی بە ڕێبەرایەتی بەرەی نیشتمانی لە گەشە كردندا بوو، ململانێ چینایەتییەكان لە ناوچەی بۆكان گەیشتە ڕادەی تەقینەوە و ڕاپەڕینی وەرزێران لەو ناوچەیە بە سەركردایەتی )حاجی قاسم (كە لایەنگری بەرەی نیشتمانی بوو، دەستپێكرد(112)، بە داخەوە كۆمیتەی سەركردەیی لە مەهاباد )واتە حیزبی دیموكراتی كوردستان ـ ل(و ڕێبەرانی حیزبی تودەش نەیانتوانی ڕاپەڕین ەب هێزكەن و بۆ لای شۆڕشێكی ڕاستەقینە پاڵی پێوەبنێن.(113) "

هەروەها )هێمن (وێڕای ئەوەی داخ بۆ ئەوە هەڵدەكێشی كە حیزبی دیموكرات درەنگ جوڵاوەتەوە و وەك پێویست لەگەڵ ئەو ڕاپەڕینە ڕەسەنەدا مامەڵەی نەكردووە، گازندەشی لە هەڵوێستی خۆ گێل كەرەی حیزبی تودە لە مەڕ ئەو ڕاپەڕینەوە كردووە و ڕەخنەی ئەوەی لێگرتوون، كەلەگەڵ ئەو هەموو توانا و ئیمكاناتەی هەیانبووە، چ یارمەتییەكیان بە جوتیارە ڕاپەڕیوو دواتر وەدەرنراوەكان نەكردووە .(114)جگە لەوەش هەوڵدرا شێوازی سەركوتی خوێناوی ڕاپەڕینەكە بكرێتە بیانوویەك بۆ هێرشكردنە سەر مصدق و حكوومەتی بەرەی نیشتمانی، وەك ئەوەی لێپرسراوی كۆمیتەی وەرزێرانی حیزبی دیموكراتی كوردستانی لە ناوچەی نەغەدە، لە كۆبوونەوەیەكی جەماوەریدا بە خەڵكی ڕاگەیاند : "برایانی بەڕێز، زەحمەتكێشانی شاروگوند، وەك دەبینن حكوومەتی دوكتۆر مصدق لە هەموو شوێنێ پشتیوانی لە دەرەبەگەكان دەكات، ئێستا بە پشتیوانی لەشكری مەهاباد و بە تانك و تۆپەوە چونە سەر وەرزێرانی ناوچەی بۆكان و فەیزوڵڵابەگی.(115)"

بەم چەشنە، لە بیرکردنی کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد، وەڵامنەدانەوە بە پێویستییە واقعییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری، دیارینەکردنی سنوور و ڕێ و شوێنێك بۆ پەیوەندییەکانی نێوان حیزبی دیموکرتی کوردستان و حیزبی تودە، دوور کەوتنەوە لە کوردایەتی و خۆ بەستنەوە بە حیزبی تودەی پێشەنگی چینی )پرۆلیتاریا(ی ئێران و

سیاسەتە دژبە یەکە سەرەڕۆکانی لە لایەن ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، نەك هەر زەمینەی بۆ دەرکەوتنی چەند حیزبی دیکەی وەك )حزب سادات(و )حزب سعادت ملی (لە کوردستان ڕەخساند(116)، و بەشێکی چینەکانی کۆمەڵگای کوردەواری لە حیزبی دیموکرات دوورە پەرێز ڕاگرت، بگرە بووە ماکێکی خراپ و پەتایەکی درێژخایەن لە بەدەنی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا و گیانی چەپگەرایی و ئێرانچێتی بە سەر گیانی نەتەوایەتی و کوردستانی بووندا زاڵکردو بووە بەردی بناغەی تەواوی پەرت بوون و ناکۆکییە ئایندەییەکای ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان و دابەشبوونی ئەو ڕێبەرایەتییە بە سەر چەپ و ڕاست، ناسیۆنالیست و ئەنتەرناسیۆنالیست، شۆڕشگێڕ و سوپەر شۆڕشگێڕ...هتد کە جگە لە زیان قازانجێکی بە مەسەلەی نەتەوایەتی کورد لە ئێران نەگەیاندووە.

لەوەش بترازێت، حیزبی تودە لێرە بە دوا هیچ کات ئامادە نەبووە حیزبی دیموکراتی کوردستان وەك حیزبێکی سەربەخۆی خاوەن ڕێبازی کوردایەتی بناسێت، و هەمیشە وەك شاخەیەك خۆی لە کوردستاندا تێی ڕوانیوە و هەوڵی ئەوەی داوە حیزبی دیموکرات ئەو ئەشکەوتە بە تاڵە بێت سەدای تودەی تێدا دەنگبداتەوە، مەسەلەیەکی وا کە بۆ خودی حیزبی تودە و بۆ جوڵانەوەی نەتەوایەتی گەلی کوردیش لە ئێران زیانێکی بێ قەرەبوو کردنەوەی گەیاند.

بە هەر حاڵ، بە سەکەوتنی کودەتای ئابی 1953و ڕوخاندنی حکوومەتی مصدق، لە کوردستانیش وەك ناوەند و زۆربەی هەرێمەکانی دیکەی ئێران لەشکر و هێزە شاپەرەستەکانی دەسەڵاتیان گرتەوە دەست و بە ئاسانی خۆیان سەپاندووە، ڕابەر و کادرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە چاولێکەری و وەك وابەستەیەکی ڕێبەرایەتی تودە لە تاران بێ هەڵوێست دۆش دامابوون، حیزبی تودەش وەك گوترا لە هەوڵی تیۆر داتاشیندا بوو تا شکستی جوڵانەوەی دیموکراتی بخاتە گەردنی بەرەی نیشتمانی و خۆی لە هەر لێپرسراوییەك بدۆزێتەوە، ئەوەش چ لە سەر حیزبی تودە و چ لە سەر حیزبی دیموکراتی کوردستان گران کەوت، لە کوردستان ژمارەیەکی زۆری خوێندکار و لاوە خوێنگەرمەکان و کادرەکانی پلەی خوارەوەی حیزبی دیموکرات یا بە تەواوی وازیان هێنا، یا خود ڕوویان لە پاشماوەی بەرەی نیشتمانی کرد .(117)

لە لایەکی ترەوە، شاڵاوی بەرفراوانی دەزگا سەر کوتکەرەکانی ڕژێمی شاهەنشاهی بۆ سەر ڕێکخراو و بارەگا و ئەندامەکانی حیزبی تودە لە تاران و گرتنی بەشێکی بەرچاوی ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە و بڵاوکردنەوەی پەشیماننامەکانیان لە ڕۆژنامە ڕەسمییەکانی میریدا، هەروەها سەرقاڵبوونی ڕژێم بە لێدانی ئۆپۆزیسیۆنی سەرتاسەری وەك ڕاوەدوونانی ئەندامانی بەرەی نیشتمانی و کەسایەتییە مەزهەبییەکان لە شارە گەورەکاندا، هەل و مەرجێکی بۆ ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان هێنایە پێش کە بڕیار لەوە بدەن بۆ پاراستنی ڕێکخستنەکانی خۆیان و بە کەڵك وەرگرتن لە فەزای تا ڕادەیەك ئاوەڵای گوندەکانی کوردستان، سەربەخۆ لە ڕێبەرایەتی حیزبی تودە کە زۆربەیان یا بەرە و شورەوی هەڵاتبوون، یا خود گیرابوون و بەڵێنی هاوکارییان بە دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم دابوو، لە سەر کاروچالاکی خۆیان بەردەوام بن.

هەر بۆیە لە بەهاری ساڵی 1955دا ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە تاران کۆبوونەوە و بڕیاریاندا پەیوەندی تەشکیلاتی لەگەڵ حیزبی تودە دا بپچڕێنن و نامەیەکی ڕەخنە ئامێزیش سەبارەت بە بێ هەڵوێستی حیزبی تودە لە مەڕ کودەتای 19ی ئاب بنووسن و حیزبی کۆمۆنیستی شورەوی لێ ئاگادار بکەنەوە، ئەو بڕیارەی لە یەکەمین کۆنفرانسی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا لە ناوچەی )لاجان (لە مایسی 1955دا جەختی لە سەر کرایەوە و هەنگاوی بۆنرا (118)، شایەنی باسە پاش دابەشکردنی ئەرك و ڕێکخستنەوەی ڕێبەرایەتی، حیزبی دیموکرات چالاکییە کانی خۆی لە کوردستانی ئێراندا پەرەپێدا، و سەرلەونوێ ڕۆژنامەی )کوردستان(ی ئۆرگانی حیزبی بە زمانی کوردی بە چاپ گەیاندەوە، هەروەك قاسملو لە نامەیەکیدا بۆ مەلامستەفای بارزانی نووسیوە" :کاری حیزبی دیموکراتی کوردستان بە تایبەت پاش کودەتای ساڵی 1953 پەرەی گرت چونکە حیزب دەستی کرد بەوە سەربەخۆ کار بکات و کاری کوردستان هەر خۆی بەرێتە پێش.(119) "



www.pertwk.com

بەلاَم جێگای سەرنجە، خودی قاسملو کە پێشتر وەك ئەندامێکی ڕەسمی حیزبی تودە سەرپەرەشتی پەیوەندییەکانی حیزبی تودەی ئێران و ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی دەکرد، بڕیارەکەی کۆبوونەوەی تاران و کۆنفرانسی یەکەمی حیزبی دیموکراتی لە بەرچاو نەگرت و لە سەر پەیوەندییەکانی خۆی بە ڕێبەرایەتی حیزبی تودەوە بەردەوام بوو، ئەوەش هەل و مەرجێکی هێنایە کایەوە کە دەزگا سەر کوتگەرەکانی ڕژێمی شاهەنشاهی پاش ئەوەی خودی قاسملۆیان خستە داو، ئاورێکی جیددی تر لە چالاکییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئەندامەکانی بدەنەوە و خۆبۆ ئەوە ئامادە بکەن گورزێکی توندی لێوەشێنن، ئەو گورزەی کە پاش جێگیر بوونی لقەکانی دەزگای )ساواك (لە شار و شارۆچکەکانی کوردستانی ئێران لە ساڵی 1957دا پلانی بۆ دارێژراو لە شەوی 2/3ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1959بە جۆرێکی وا سرەوێندرایە حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لە بناغەوە هەڵتەکاند و زیاتر لە 200ــ 300ئەندامی ڕێبەرایەتی و کادر و لایەنگری حیزبی را پێچی زیندانە تاریکەکانی ڕژێمی شاهەنشاهی کرد .(120)

:2/1/3هەڵوێستی حیزبی تودە لە قۆناغی ئاوارەییدا

گەر بمانەوێت سەبارەت بەهەڵوێستی حیزبی تودە لە حاست کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد و ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران لە دەورانی ئاوارەیی ڕێبەرایەتی تودە لە شورەوی و ئەوروپای ڕۆژهەلاَت قسە بکەین، ئەوا سەرچاوە و دکۆمێنتە مێژووییەکان ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە ئەو هەڵوێستە هەر وەك پێشوو نادیار و تەم و مژاوی و زۆرجار هەلپەرەستانەبووە، دیارە وەك پێشتریش ئاماژەی بۆ کراوە ئەم قۆناغەی مێژووی حیزبی تودەی ئێران قۆناغێك بوو کە مەسەلەکانی :وابەستەبوونی یەکجارەکی حیزب بە سیاسەتی شورەوی، توندوتیژ بوونی ناکۆکییەکانی نێو ڕێبەرایەتی و پەرتبوونی ماوییەکان، دزەکردنی بەکرێگیراوانی ساواك بۆ نێو ریزەکانی حیزب...هتد، ئەوانە ڕوخساری سەرەکی قۆناغەکە بوون و مەسەلەی هەڵوێست وەرگرتنی جیددی لە حاست ڕووداوەکان و پراکتیز کردنی تێکۆشانی ڕاستەقینە دژی ڕژێمی شاهەنشاهی لە پەراوێزدا بوون.

بە گشتی دەتوانرێت بگوترێت، هەڵوێستی حیزبی تودە لە حاست کێشەی نەتەوایەتی لە ئێران بە گشتی، و سەبارەت بە کێشەی نەتەوەیی گەلی کورد بە تایبەتی، لە قۆناغی ئاوارەیی دا هەروەك ئەو هەڵوێستەیان وابوو کە لە پێش کۆنگرەی دوودا لە ساڵی 1948 سەبارەت بەو کێشەیە گرتبوویانە بەر، واتە خۆگێلکردن و بایەخنەدان و ئاوڕنەدانەوە .لە ڕاستیدا حیزبی تودە سەرەتا لە پەیجوی ئەوەدا بوو هەل ومەرجی ئاوارەییەکە لە ئەوروپا بقۆزێتەوە تا ڕێکخراوە هەرێمییە غەیرە فارسە چەپەکانی وەك فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و حیزبی دیموکراتی کوردستان بە تەواوی لە نێوخۆیدا بتوێنێتەوە و بە فیعلی خۆی وەك پێشەنگ و پێشڕەو و تاکە حیزبی چینی کرێکاری ئێران و لایەنگری بەرەی پێشکەوتووخواز و بلۆکی سۆسیالیزم ڕاگەیەنێت، لەم لایەنەشەوە حیزبی تودە توانی لە کۆنفرانسی حەوتەمدا کە بە ناوی )یەکگرتن (لە 19ــ 28تەمووزی 1960دا لە مۆسکۆ بەسترا فیرقەی دیموکرات ڕاکێشێتە نێو حیزبی تودەوە .(121)بەوەش فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان کۆتایی هات.

بەلاَم حیزبی دیموکراتی کوردستان چارەنووسێکی دیکەی لە فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان گرتە بەر، چونکە ڕێبەرایەتییەکەی پاش پەلامارەکەی ساواکی ساڵی 1959بە تێکڕا هەڵنەهاتنە ئەوروپا، بەڵکوو ئەوانەی بەر پەلامارەکە نەکەوتن، کشانەوە سەر سنوورەکانی کوردستانی ئێران و ئاودیوی خاکی کوردستانی عێراق بوون، بەوەش نەکەوتنە ژێر ڕەحمەتی ڕێبەرایەتی هەلاَتووی حیزبی تودە و دەسەلاَتدارانی شورەوییەوە.

لێرەدا دەبێت ئەو ڕاستییە بدرکێنرێت، کەوێرای ئەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی 1955ەوە بڕیاری پچڕانی پەیوەندی تەشکیلاتی خۆی لەگەڵ حیزبی تودەدا، بەلاَم تا ساڵی 1960یش زیاتر عەقڵییەتێکی چەپی دوور لە نەتەوایەتی بە سەر ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتدا زاڵ بوو، جگە لەوەی ئەو حیزبە تودە لە قەڵەم دەدا و باسی لە )بەرەی یەکگرتوو (دەکرد.

ئەوەتا بەیاننامەیەکی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە بە بۆنەی یادی سێزدە ساڵەی ڕووداوی لە سێدرەدانی پێشەوا و هاوڕێیانی لە



www.pertwk.com

10ی خاکه لێوەی 21 /1339ئاداری 1960دا بڵاوکراوەتەوە دەڵێت "بەر قەرار بێتەوە بەرەی یەکگرتوو لە نێوان )حیزبی دیموکراتی کوردستان (و )حیزبی تودەی ئێران(و )فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان (و )حیزبی ئێران (و حیزبەکانی تری نیشتمانی پێشکەوتوو بۆ ئازادی ئێران.!!(122) "

بەڵام پاشتر، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سایەی ڕێبەرایەتی )عبدالله اسحاقی (ناسراو بە )ئەحمەد توفیق(، و لە ژێر کاریگەری ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق و هەستی هەڵچووی نەتەوایەتیدا، بە تایبەتی پاش هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلولی کوردستانی عێراق و پەرەگرتنی کوردایەتی، لە ڕێبازی چەپگەرایی و ئێرانچێتی بای داوە و ڕێبازی نەتەوایەتی و کوردستانییەتی گرتە بەر، وپەیوەندی لەگەڵ پارتە کوردییەکانی وەك ) پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق (و ) پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا (دامەزراند، و هەوڵیدا سەربەخۆ و لە پێناوی بەرژەوەندی نەتەوایەتی گەلی کورد، نەك چینی پرۆلیتاریای ئێران، پەیوەندی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی شورەویدا هەبێت .(123) ئەوەش بە تەواوی لە حیزبی تودەی دوور خستۆتەوە، ئەو ئەندامانەش کە لە بەر عەقڵییەتی تودەییان ئەم ڕێبازە نەتەوایەتییەی ئەحمەد تۆفیقیان قبوڵ نەبوو، ڕێگای ئەوروپای خۆرهەڵاتیان گرتە بەر و گەڕانەوە بۆ لای حیزبی تودە.

حیزبی تودەش لە ئەوروپای خۆرهەڵات، لەم قۆناغەدا تاقە ئیشێکی کە پەیوەندی بە کوردەوە هەبێت کردی ئەوە بوو، کەدوای ڕاکشانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بۆ نێو حیزبی تودە، بڵاوکراوەی )کوردستان (یان هەڵگرت کە بە لاپەڕەیەك و بە زمانی کوردی لە ڕۆژنامەی )ئاژربایجان(ی ئۆرگانی فیرقەدا بۆ ماوەی پازدە ساڵ لە باکۆ بڵاوکرایەوە، ئینجا وەك حیسامی دەڵێت "هەموو هەوڵ و تەقەلایان هەر ئەوە بووکە بە هۆی کاك عەلی گەلاوێژ و کاك ڕەحیمی قازی )دوو کوردی ئەندامی سەرکردایەتی فیرقە بوون و تێکەڵاوی تودە بوون ـ ل ....(وە بە هۆی دوکتۆر قاسملو وکاك حەسەنی قزڵجی و من )واتە حیسامی ـ ل ...(حیزبی دیموکرات وەك فیرقەی ئازەربایجان بکەن بە ڕێکخراوی حیزبی تودە ئێران لە کوردستان.(124) "

پێویستە بگوترێت، گەرمبوونی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق و هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی 1961و ئەو هەواڵ و هەڵوێستە ئیجابییانەی زۆربەی هێزە ئازادیخواز و چەپەکانی ناوچەکە بە حیزبی شیوعی عێراقیشەوە )لە ڕاستیدا پاش ئەوەی بەعسییەکان قەسابخانەیان بۆ دانان (بڵاویان دەکردەوە و گرتیانە بەر،نەبووە هۆی ئەوەی حیزبی تودە بە قازانجی کورد هەڵوێستێك وەرگرێت، یا هەر هیچ نەبێت لە ڕادیۆ کەیانەوە کە بە ناوی )پەیکی ئێران(ە وە لە سۆفیای پایتەختی بولگاریاوە بەرنامەکانی خۆی پەخش دەکرد، هەواڵی ڕووداوەکانی کوردستان و لەشکرکێشی و وێرانکارییەکانی سوپای عێراق بڵاوبکاتەوە، ئەوە لەکاتێکدا بوو کە بەشێکی بەرچاوی ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئەحمەد تۆفیقی سکرتێریانەوە لەو شۆڕشەدا پێشمەرگە بوون دژی پەلامارەکانی سوپای عێراق لە سەنگەری بەرگریدا بوون (125)، ئەوەش بۆ کوردەکانی ناو حیزبی تودە کەسەرێکی گەورە بوو، هەر بۆیە دوکتۆر ڕەحیمی قازی لە نامەیەکیدا سەبارەت بە بەشە کوردییەکەی ڕادیۆی پەیکی ئێران نووسیویە "پەیکی ئێران بە کوردی نەبوونی لەمە باشترە(126)"، یا خود وەك حیسامی دەڵێت "هیچمان لە سیاسەتی حیزبی تودە سەبارەت بە مەسەلەی کورد ڕازی نەبوین.(127) "

هەر بۆیە حیسامی کە ئەو دەم بێژەری بەشە کوردییەکەی ڕادیۆی پەیکی ئێران بوو، سەبارەت لەو بێ هەڵوێستی و خۆگێلکردنەی ڕێبەرایەتی حیزبی تودە لە مەڕ کێشەی کلپەسەندووی نەتەوەیی گەلی کورد، نامەیەکی ڕەخنە ئامێزی ئاراستەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئێران کردووە کە تێیدا هاتووە "هەر لە ڕێفۆرمی شاەوە بگرە تا ڤێتنام و هاڤانا ...لە کونگوو انگولا و امریکای لاتین وە بگرە تا پاکستان و عەدەن و عومان و بەحرەین باسدەکرێت کەچی باسێك لە بزووتنەوەی دیموکراتیکی گەلی کورد لە ئێران ....نییە، دیارە ئەوەش شتێکی لە خۆڕا نییە، چونکە کاتێك کە بە فەرمانی ڕێبەرایەتی حیزب و لە یادی بیست ساڵەدا دروشمەکەی )بژی گەلی کورد(ی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بسڕێتەوە، مەعلومە کە یادەوەری بزووتنەوەی دیموکراتیکی گەلی کورد لای ڕێبەرایەتی حیزب شوێنێکی نابێ " (128).



www.pertwk.com

هەروەها عەلی گەلاوێژ لە نامەیەکیدا سەبارەت بەو بێ هەڵوێستییەی حیزبی تودە لە حاست ڕووداوەکانی کوردستاندا گوتوویە "هیوادارم خەباتی پیاوانەی میلەتی کورد بلاخرە ئەم بێ خەبەرانە حاڵی بکات کە لە گوێی گادا نەنستوون و چاو لە حقیقت نوقاندن ناتوانێ صدمە بە کوردان بگەینی، بەڵکوو ماڵی ئەو کەسە وێران ئەکات کە چاوی نوقاندووە و گوێی خۆی ئاخنیوە.(129) "

شایەنی باسە زیاتر توندوتیژ بوونی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق و شۆڕشی چەکدارانەی گەلی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا لە لایەك، و پەرەسەندنی ڕەوتی چەپی نوێ و بیرۆکەی خەباتی چەکدارانەی شۆڕشگێڕانە بە پشت بەستن بە ئۆردووی چینی جوتیاران و زەحمەتکێشان لە ژێر تیشکی خەبات و ئەزموونەکانی گەلانی ژێر دەست لە کوبا و ڤێتنام و جەزائر، و لەسایەی ڕێبازی )ماویزم(دا، لە نێو ڕۆشنبیرە ئێرانییە چەپەکان و خوێندکارە لاوە کوردە مارکسیستەکانی کوردستانی ئێراندا لە لایەکی دیبیەوە، هەل و مەرجەکەیان بەرەو ئاقاری هەڵگیرساندنی ڕاپەڕینێکی چەکدارانە بە دژی ڕژێمی شاهەنشاهای لە کوردستانی ئێراندا برد، بە تایبەتی پاش ئەوەی کە بەشێکی ئەو لاوە کوردە مارکسیستانە بە چاولێکەری )مهدی خانبابا تهران، بیژن حکمت، کورش لاشائی، محسن رچوانی(لە ساڵی 1963دا لە حیزبی تودە جیابوونەوەو ماویزمیان کردە ڕێباز و بە ناوی )سازمان انقلابی حزب تودە /ڕێکخراوی شۆڕشگێڕانی حیزبی تودە (هەڵدەسوڕان، ئەوانیش لەگەڵ بەشێکی کادرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا لە 14ی ئەیلولی ساڵی 1966دا )سازمان انقلابی حزب دمکرات کردستان(یان پێکهێناو، لە بەهاری ساڵی 1967دا ڕاپەڕینی چەکدارانەیان لە کوردستانی ئێراندا تەقاندەوە، ئەو ڕاپەڕینەی نزیکەی هەژدە مانگی خایاند و پاش بە کارهێنانی سەرکوت و توندوتیژییەکی کەم وێنە لە لایەن ڕژێمی شاهەنشاهییەوە دامرکێنرا .(130)

لە ڕاستیدا هەر چەندە حیزبی تودە لەم قۆناغە مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێران دا بە خانەی فەرامۆشی سپاردبوو، و بایەخێکی ئەوتۆشی بە کێشەی پەرەگرتووی کورد نەدەدا، بەڵام لەگەڵ دامەزراندنی سازمانی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەستن و پتەوبوونی پەیوەندییەکانی و نزیکبوونەوەی ڕێبەرایەتی لە سازمانی ئینقلابی حیزبی تودە، وکەوتنەوەی هەواڵی ئەگەری هەڵگیرساندنی جوڵانەوەیەکی چەکدارانە دژی ڕژێمی شاهەنشاهی لە کوردستانی ئێران، حیزبی تودە لەگەڵ ئەوەی بڕوایەکی بە خەباتی چەکداری شۆڕشگێڕانە نەبوو (131)، کەچی بە پەلە هەڵپەرەستانە کەوتەخۆ، و د.رادمنشی سکرتێری حیزب لەگەڵ چەند ئەندامێکی کوردی تودەیی بە هەڵەداوان خۆیان گەیاندە بەغدای پایتەختی عێراق و لە 9ی شوباتی 1968دا، لەگەڵ چەند ئەندامێکی ڕێبەرایەتی سازمانی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا کۆبوونەوە و پاش گفتوگۆ ڕێکەوتننامەیەك لە نێوان هەر دوو لادا بەستراو بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بە زمانی فارسی دەرکرد (132).

شایەنی باسە، حیزبی تودە مەبەستی لەم کۆبوونەوەیە، هەروەك لە بەیاننامەکشدا دەردەکەوێت بریتیبوو لە:

أ ـ بە پەراوێزکردنی کێشەی نەتەوایەتی کورد لە ئێران و لە قەڵەمدانی جوڵانەوە چەکدارانەکەی کوردستان لە بەشێك لە خەباتی گەلانی ئێران و نیشاندانی وەك جوڵانەوەیەکی چینایەتی بە دژی کۆنە پەرەستی شاهەنشاهی و ئیمپریالیزم.

ب ـ قسە کردن لە بەلشەفە کردنی ئێران وەك تاکە چارەسەرێکی کێشەی نەتەوەکانی ئەو وڵاتە بە کوردیشەوە، مەسەلەیەکی وا کە ئەزموونێکی شکستخواردوو و ناکام بوو، جگە لەوەی چاولێکەری و تێنەگەیشتن بوو لە هەردوو واقیعەکەی شورەوی و ئێران و زیاتر بەزیان بۆ کێشەی نەتەوایەتی و چارەسەرکردنێکی زانستیانە و ئازادانەی ئەو کێشەیە کۆتایی دەهات.

جـ ـ هەوڵدان بۆ سڕینەوەی ناو و کارەکتەری سەربەخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بە فیرقەیی کردنی، تا لە ئایندەیەکی نزیکدا لە نێو حیزبی تودەی دایك و پێشڕەودا بتوێتەوە.



www.pertwk.com

ع ـ  نیشاندانی حیزبی توده وەك دۆستێكی ستراتیژ و دابینكەری پێویستییە مادی ومەعنەوییەكانی جوڵانەوە چەكدارانەكەی كوردستانی ئێران، ئەوەش لە لایەكەوە جوڵانەوەكەی لە سازمانی ئینقلابی حیزبی توده دوور دەخستەوە، لە لایەكی تریشەوە كز كردن و هێشتنەوەی ئەو ڕا پەڕینە چەكدارییە بوو لە كوردستانی ئێران و هومێدی گەیشتنی هاوكارییەكانی حیزبی توده كە هیچ شتێكی دیار نەبوو.

دیارە كۆمیتەی ئێرانی حیزبی توده لەو دەمەدا نەك هەر بە قازانجی جوڵانەوەكە و پێشكەشكردنی هاوكاری و زەمینە خۆشكردنی سەركەوتنی كارێكی پێ نەدەكرا، بەڵكوو ڕێبەرایەتییەكەی بە دەست كەسایەتییەكی ساواكی وەك )عباس شهریاری (یەوە بوون كە زۆر دوور نییە زانیاری زۆر ووردی لە سەر دەستە چەكدارەكانی سازمانی ئینقلابی حیزبی دیموكراتی كوردستان پێشكەش بە دەزگای جاسووسی و سەركوتی ساواك نەكردبێت، چونكە هێندێك هەواڵ دەگەیشتنە ئەو دەزگایە كە تەنیا ڕێبەرەكانی سەركردایەتی حیزبی توده و چەكدارە شۆڕشگێڕەكانی لێ ئاگادار بوون، بۆ نموونە هەر خودی كۆبوونەوە دوو قۆڵییەكی 9ی شوباتی 1968لە بەغدا، كە پاش دوو هەفتەی تەواوی خواس و باسەكانی بە ڕا پۆرتێك گەیشتوونەتە ساواك .(133)

ئەوەی جێی تێڕامانە، یەكێكە لەو ڕا پۆرتانەی كە لە بەرواری 25ی شوباتی 1968و لە ژێر ناونیشانی )دژایەتی حیزبی تودەی هەڵوەشا و لەگەڵ ڕا پەڕینی چەكداری لە كوردستانی ئێراندا (گەیشتۆتە ساواك، لەم ڕا پۆرتەدا باس لەوە كراوە كە دەوڵەتی شورەوی مەسەلەی جوڵانەوەیەكی چەكدارانە لە كوردستانی ئێراندا بەفیكی ماوییەكان دەداتە قەڵەم و ئێستاكێ بە بوونی چەكدارە كوردەكان لە ئێراندا خۆشحاڵ نییە، هەر بۆیە د.رادمنش، ڕەحمان قاسملو و كریم حیسامی چوونەتە بەغدا تا پەیوەندی بە نوێنەری چەكدارە شۆڕشگێڕەكانەوە بكەن و تێیان بگەیەنن كە ئەمێستا كاتی شۆڕش نییە و جارێ لەو مەسەلەیە خۆ بپارێزن و هەوڵدەن لە بەغدا بمێننەوە .(134)
هەواڵێكی لەو جۆرە تا ڕادەیەكی زۆر ڕێی تێدەچێت، چونكە دژایەتیكردنی شورەوی لەگەڵ هەر هەوڵێكی هەڵگیرساندنی جوڵانەوەیەكی چەكدارانە لە ئێراندا بە دژی ڕژێمی شاهەنشا و نفوزی ئیمپریالیزم لە چەند ڕاستییەكەوەسەرچاوەی دەگرت، لە لایەكەوە یەكێتی شورەوی لەو سەردەمەدا سیاسەتی سنگ دەرپەڕاندن و خۆ گیڤكردنەوەی دەورانی ستالینییەتی لە بەرامبەر بلۆكی سەرمایەداریدا لە گۆڕنابوو، و سیاسەتێكی نوێی بە ناوی )پێكەوە ژیانی ئاشتیخوازانە (لە بەرامبەردا كردبووە ئەلتەرناتیڤ(135 )لە لایەكی تریشەوە پەیوەندییە ئابووری و هونەری و بازرگانییەكانی نێوان ئێران و شورەوی لە سەرەتای شەستەكانی سەدەی بیستەوە تا دەهات باشتر و گەرمتر دەبوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە 1ی مارتی 1967دا ڕێكەوتننامەیەكی ئابووری لە نێوان هەر دوو دەوڵەتدا بەسترا، ئەو ڕێكەوتنەی كە نرخی كاڵای نێردراوی ئێرانی لە 20 ملیۆن دۆلارەوە بۆ 70ملیۆن دۆلار لە ماوەی یەك ساڵدا بەرز كردەوە و زۆری پێنەچوو شورەوی بووە بازاڕێكی چاكی ساغكردنەوەی كاڵای ئێرانی، و خۆشی كانزا وئاسن و چیمەنتۆی دەدایە ئێران و لە چەند ساڵی داهاتوو دا ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەردوو دەوڵەت لە ملیارێك زیاتر تێدەپەڕێ .(136)

هەر بۆیە حیزبی توده كە لە بنەڕەتەوە بڕوایەكی بە كێشەی نەتەوەیی كورد و جوڵانەوەی چەكداری لە ئێراندا نەبوو، هەروەها لە سەر سفرەوخوانی شورەوی و وڵاتانی ئەورو پای خۆرهەڵات میوانی بوو، چاوەڕێی ئەوەی لێ نەدەكرا كە بەڵێنەكانی سەبارەت بە یارمەتی چەك، پارە، دەرمان و دەزگای چاپ...هتد بۆ جوڵانەوەی چەكدارانەی كوردستانی ئێران بێنێتە دی، بە قەوڵی حەسەنی قزڵجی "ئەو نووسین و بێرە و بەرە و كۆبوونەوە هەمووی ڕاوی سەر كاغەزە و هیچی تر.(137) "

بێگومان ئەوەش بە فاكتەرێكی شكستی جوڵانەوەكەی ساڵانی 1967ـ 1968دادەنرێت، فاكتەرێك كە لەگەڵ سەرجەم كەمووكورتییەكانی دیكەی حیزبی توده دا كاریگەرێكی مەزنی كردە سەر ڕۆحییەتی ئەندامە كوردە تودەییەكان و لە بێ هەڵوێستی و سیاسەتی هەلپەرەستانەی ئەو حیزبە هەراسان بوون، ئەوەتا یەكێك لەو ئەندامانە لە نامەیەكی ڕەخنە ئامێزیدا بۆ كۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی حیزبی تودەی نووسیوە "بەڵام بە داخەوە كاری هەڤاڵانی كۆمیتەی ناوەندی لەم بارەیە)واتە سەبارەت بە جوڵانەوەكەی كوردستانی ئێران ـ ل (وەك كارەكانی پێشوویان بریتیبوو لە :سستی، خۆدزینەوە، بڕیارنەدان و سەرەئەنجام بێ بەرنامەییە ...دەربارەی هاوكاری نەكردنی هەڤاڵان،

هەڤاڵانیّ کە گەیونەتە ئەو بڕوایەی کەحیزبی تودە بە نرخی ڕۆژ نان دەخوا، کاتێك جوڵانەوەکە لە گەرمەیدا و ڕێکخراو و چەکداری زۆری هەیە، ئەو حیزبە خۆی وە پێش دەخا و گفت و بەڵێن دەبەخشێتەوە، بەیاننامەی هاوبەش پەخش دەکات، بەڵام پاشتر کە ژمارەیەك دەکوژرێن و جوڵانەوەکە سەرکوت دەکرێت، ئەوا بە چەشنێکی دیکە ڕەفتار دەکات و تەواوی بەڵێنەکانی بە خانەی فەرامۆشی دەسپێرێت.(138) "

لە ڕاستیدا حیزبی تودە لەو ڕووەوە بییەك نەبوو بەو چەشنە بایانە بلەرزیّ، زاراوەکانی )ناسیونالیست(و )منحرف(یان دەدا بە ڕووی هەر کوردێکی تودەییدا داوای هەڵوێستی ڕوون و شیاوی لە مەڕ مەسەلەی نەتەوایەتی و
کێشەی کورد لێبکرانایە (139)، ئەوەش مەسەلەکەی گەیاندە مریشکە ڕەشە، پاش ئەوەی ژمارەیەك لەو کوردانە ڕیزەکانی حیزبی تودەیان جێهێشت و هەوڵیاندا لەگەڵ ئەندامە پەرتەوازەکانی دیکەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و سازمانی ئینقلابی حیزبی دیموکراتدا، سەر لە نویّ حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەر ڕێبازێکی نەتەوەیی پێشکەوتووخوازی سەربەخۆ بنیاتبنێنەوە.

2/1/4: هەڵوێستی حیزبی تودە پاش گەڕانەوە بۆ ئێران تا ڕاپێچکردن بۆ زیندان شوباتی 1979ــ شوباتی 1983

ئاشکرایە بە سەوکەتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕوخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهی پەهلەوی لە سەرەتای ساڵی 1979دا، هەل و مەرجی کوردستانی ئێران گۆڕان و وەرچەرخانێکی مەزنی بە سەر داهات، بەوەی جوڵانەوەی ڕێکخراوەیی و ئازادیخوازی نەتەوەیی لەو پارچەیەی کوردستاندا بە ڕادەیەك بوژایەوە کە سەرەتای قۆناغێکی نوێی بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد هێنایە کایەوە.

دیارە جگە لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە پاش سی و دووساڵ خەباتی نهێنی و ژیانی ئاوارەیی سەر لە نویّ ئاشکرا خۆی ڕاگەیاند و جەماوەری کوردی لیّ کۆبووەوە، ڕێکخراوی دیکەی وەك )کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (کە بە دواتر هەر بە کۆمەڵە ناوی دەرکرد، هەروەها چەند کەسایەتی سیاسی وەك )شێخ عزالدین حسینی (هاتنە سەر شانۆ و دەستیان دایە چالاکی سیاسی و نەتەوەیی لە پێناوی دیموکراتیزە کردنی ئێران و وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد کە لەو قۆناغەدا دروشمی )خودمختاری(یان بۆ کردبووە ستراتیژی .(140)

لە لایەکی دیەوە، ململانێی ڕەوت و هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەر شانۆی سیاسی ئێرانی لە ناوەند و بە ئاقارێکدا دەڕۆیی کە هەلی دەسەڵات گرتنە دەستی بۆ باڵی ئاینی توندڕەو ئاخۆندە بونیاد گەراکان ڕەخساند، ئەوانەی بە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی تیۆکراتی بە ناوی )کۆماری ئیسلامی (لە ئێران کەوتنە پراکتیزەکردنی دید و بۆچوونە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکانیان، ئەو ئایدۆلۆژییەی نەك هەر بڕوایەکی بە دیموکراتی، فرەمینبەری، خەڵکسالاری و مافی نەتەوە غەیرە فارسە ستەملێکراوەکانی لە ئێراندا نەبوو، بگرە تێکڕای ئەو مەسەلانەی بە ئاژاوەگێڕی و پیلانی ڕۆژئاوا و پێچەوانەی فەلسەفەی ئیسلامەتی دەزانی و لایەنگرانی بە )عدوالله، مفسد فی الارخی، چدی انقلاب و عوامل ایمپریالیزم (ئێوزەد دەکرد و خوێنیانی حەڵاڵ دەکرد .هەر بۆیە دەسەڵاتدارانی ڕژێمی نویّ لە جیاتی دیموکراتی بۆ ئێران و چەسپاندنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی غەیرە فارس، دیکتاتۆریان بۆ ئێران و سیاسەتی سەرکوت ولەشکرکێشییان لە حاست ئەو کێشە گرنگەدا گرتەبەر، سەبارەت بە کوردستانی ئێرانیش فتواکەی خومەینی بۆ جیهاد دژی گەلی کورد لە 19ی ئابی 1979دا سەرەتای پراکتیزەکردنی ئەو سیاسەتە بوو .(141)

سەبارەت بە حیزبی تودە، هەروەك پێشتریش ئاماژەی بۆ کراوە، ڕێبەرایەتی حیزب لەگەڵ ڕوخاندی ڕژێمی شاهەنشاهی ئەوروپای خۆرهەڵاتیان جێهێشت و گەڕانەوە ئێران و سەرلە نویّ چالاکی سیاسی و ڕێکخراوەییان دەستپێکردەوە، و لە هەوڵی ئەوەدا بوون لە سایەی تێزی )ڕێگای نا سەرمایەداری گەشە کردن (و بە پشتبەستن بە تاکتیکی )کۆنکردنەوەی تەواوی هێزە دیموکرات و پێشکەوتووخوازەکان لە پشتی ئیمام خومەینی(یەوە، و لە بەر تیشکی بەرژەوەندی بلۆکی سۆسیالیستی، بە بەرزکردنی دروشمی )چەسپاندن، قوڵکردنەوە، فراوانکردنەوەی شۆڕش(، پایەی سیاسی و نفوزی کۆمەڵایەتی لە دەست چووی چەند ساڵەیان قەرەبوو بکەنەوە.



www.pertwk.com

سەبارەت بە هەڵوێستی حیزبی توده لە حاست کێشەی پەرەگرتووی نەتەوەیی کوردستانی ئێران لەم قۆناغەدا، وەك سەرجەم سەرچاوەو بەڵگەنامە مێژووییەکان نیشانمان دەدەن هەر بە هەمان شێوازی پێشوو لە سایەی سیاسەتێکی هەڵپەرەستانەوە سەرچاوەی دەگرت، و لە پێناو وەدیهاتنی خەونە زڕەکانی ئەو حیزبەدا هەڵدەسووڕا.

)بهاالدین نوری (کۆنە سکرتێری حیزبی شیوعی عێراقی، کاتێك لە ساڵی 1979دا سەردانی شاری مەهابادی کردووە، سەرنجی خۆی لە مەڕ مەسەلەیەکی وا لە بیرەوەرییەکانیدا تۆمار کردووە و دەڵێت "شاری مەهاباد بۆ یەکەم جار لە دوای ڕوخاندنی کۆماره ساواکەیەوە لە ساڵی 1946دا تامی ئازادی ڕاستەقینەی دەچێژت و دەسەڵاتی ناوەندی تێدا نەبوو، ڕێکخراوی سیاسی دەسەڵاتدار بریتیبوو لە حیزبی دیموکراتی کوردی )کوردستانی ئێران راستترە ـ ل (بەرابەری عەبدولڕەحمانی قاسملو ....وێڕای ئەوەی ژمارەیەك لاوی مارکسیستی هەبوو، کەچی حیزبی توده بچووکترین و لاوازترین ڕێکخراوەکانی کوردستان بوون هۆکاری لاوازی و نەبوونی ڕێکخراوێکی تودەی بەم چەشنە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕێبەرایەتی حیزبی توده هەر لە کۆنەوە تا ئەو دەمەش )مەبەستی ساڵی 1979یە ـ ل (ئەوەی ڕەتدەکردەوە کە ڕێکخراوێکی تایبەت بە خۆی دابمەزرێنێت، و گرەوی لە سەر گۆڕینی حیزبی دیموکرات بۆ شاخەیەکی حیزبی توده لە کوردستاندا دەکرد، ئەو بۆچوونە پڕوپووچەی کە حیزبی توده پێی لە سەر دادەگرت و چ پەیوەندییەکی نە بە مارکسیزم و نە بە دیموکراتییەت و نە بە هیچ لۆجیکێکی سیاسییەوە هەبوو، بەڵکوو بەرجەستەی خواستێکی خۆبەزلزانانە و شۆڤێنیستانەی فارسی دەکرد کە دەیویست بە سەر هەموو ژیانی سیاسی کوردستانی ئێراندا زاڵ بێت.(142) "

هەروەها )بانیخێلانی(کە ڕێبەرێکی شیوعی دیکەی عێراقییە لەو قۆناغەدا لە وئێران بووە و هەر لەو بارەیەوە نووسیویە "لەو کاتەدا حیزبی توده لە هەندێ لە شارەکانی ئێراندا خەریکی ڕێکخراو دروستکردن بوون، بەڵام لە کوردستاندا شتێکی ئەو تۆیان نەبوو، چونکە ئەوان سەرمایەگوزارییان لە سەر حیزبی دیموکرات دەکرد و حیزبی دیموکراتیان بە لقی حیزبی توده دەزانی، بە بێ ئەوەی هیچ ڕایەکی حیزبی دیموکراتیان وەرگرتبێت، تەنیا پشتیان بەوە دەبەست گوایە پاش تێکچوونی کۆماری مەهاباد بە چەند ساڵێك ڕێکەوتنێکی لەو چەشنە لە نێوان حیزبی توده و ژمارەیەك لە ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتدا بووە کە حیزبی دیموکرات بە بەشێك لە توده بزانرێت .... بەڵام لەو وەختەوە تا شۆڕشی ئێران چەند جار سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات گۆڕاوە و ئاڵوگۆڕ بە سەر ئەم حیزبەدا هات و حیزبی دیموکرات بە هەق حیزبێکی نیشتمان پەروەر و ڕزگاریخواز و نەتەوەیی بوو، کەچی حیزبی
توده وای دەزانی هێشتا مەڵێك ماوە، دەیانگوت حیزبی دیموکرات بیەوێ و نەیەوێ هەر لقێکە لە حیزبی توده.(143) "

پێویستە بگوترێت کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتی د.قاسملو لەو قۆناغەدا بە ڕادەیەکی زۆر خێرا گەشەی دەکرد و تا دەهات زیاتر لە کوردستانی ئێراندا خۆی دەچەسپاند، ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە لەو کاتەدا پەرۆش بوو لەگەڵ حیزبی تودەدا لە سەر بنەمای ڕێزگرتنی سەربەخۆی یەکتر و ئامانجە هاوبەشەکان پەیوەندی لەگەڵ حیزبی تودەی ئێراندا دابمەزرێنێت، چونکە بە بڕوای ئەوان بوونی پەیوەندی باش لەگەڵ تودەدا، پشتگیری زلهێزێکی وەك یەکێتی شورەوی مسۆگەر دەکرد ( ).بەڵام حیزبی توده و کیانوری سکرتێری کە د.قاسملوی ڕێبەری دیموکراتیان بە نەیاری سەر سەختی خۆیان دەزانی و تەواو لە پەرەگرتنی نفوزی جەماوەری حیزبی دیموکرات لە کوردستانی ئێراندا هەراسان بوون، تاقە مەرجێکیان بۆ پەیوەندی و هاوکاری وەلانانی د.قاسملو بوو لە پۆستی ڕێبەرایەتی دیموکرات، ئەو مەرجەی کە ڕێبەرایەتی حیزبی توده بە نامەیەك خستبییە بەردەم ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات و لە لایەن عەلی گەلاوێژی بەرپرسی کۆمیتەی کوردستانی حیزبی توده وە خوێندرایەوە( )، کارێکی دوور لە ئسووڵ و ڕەوشتی حیزبایەتی بەو شێوە جگە لە ئاکاری خۆبەزلزانانە و نەخوێندنەوەی بەرامبەر لە لایەن سەرانی حیزبی تودەوە شتێکی دیکەی نەدەگەیاند.

وەختێکیش بە دەرکردنی فەتوای جیهادی خومەمینی لە 19ی ئابی 1979دا لەشکرکێشی پاسداران و هوروژمی سوپای ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بۆ قەڵتوبڕی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دەستی پێکرد، ئەوەی کە بە شەڕی سێ مانگە ناو دەبرێت، بەشێکی بەرچاوی ڕێکخراوە ئێرانییەکان ئەو لەشکرکێشییە و تاوانەکانی پاسداران لە :پاوە، دووئاو، قاڕنێ...هتد، هەروەها کۆمەڵکوژییەکانی )خالخاڵی (سەرۆکی دادگای سەرپێی ئینقیلابی ئیسلامییان ڕیسوا کرد، و هەوڵە پاوانخوزییەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیان لە کوردستان، بە سەرەتای لادان لە ئاراستەی شۆڕش و وەك هەوڵێك بۆ دامەزراندنی دیکتاتۆرییەتێکی مەزهەبی لە ئێران دا دایە قەڵەم، کەچی حیزبی توده کە خۆی وەك حیزبێکی


www.pertwk.com

وەفادار بە خەتی ئیمام و قوڵکەرەوەی )شۆڕشی ئیسلامی (دەناساند، لە پەیجوی ئەوەدا بوو ئەم لەشکرکێشییە وەك هەلێك بقۆزێتەوە، تا لە لایەك خۆی لە خومەینی و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی نزك بکاتەوە، ولە لایەکی دیەوە نفوزی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستانی ئێراندا بەرێتە پێش.

لە ڕاستیدا حیزبی تودە دەیویست وا نیشانبدات کە بەشێکی زۆری هێزو ڕێکخراوە سیاسی وکۆمەڵایەتییەکانی کوردستانی ئێران داردەستی ئەمەریکا و زایۆنیزم و ئەڵقە لە گوێی ڕژێمی بەعسی عێراقن، و لەو هەرێمەشەوە پیلانێك بۆ لە نێو بردنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران جێبەجێدەکرێت، ئەو هێزانەی حیزبی تودە بە )دژی شۆڕش (ناوی دەهێنان ، و گوایە مەسەلەی ستەمی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستانیان بۆ پیلانگێران و ئاژاوەنانەوە دژی شۆڕش قۆزتۆتەوە، هەر بۆیە ڕێبەرایەتی شۆڕشی ئیسلامی پێویستە بە حیکمەتی خۆیان جیاوازی لە نێوان خەڵك و ئەو جۆرە هێزانەدا بکەن و هەوڵی ئەوە بدەن خەڵك بە دژی )دژی شۆڕش (ڕا پەڕێنن، خەڵکی کوردیش پێویستە ناسکی قۆناغەکە و ئەرکی گرنگی دژی ئیمپریالیزمی شۆڕشی ئیسلامی لە بەر چاو بگرن و لەو پێناوەدا قەناعەت بە
وەدیهاتنی لانی کەمی مافەکانیان بکەن و خۆیان لە مەسەلەی پێکدادان لەگەڵ هێزەکانی برا پاسدارەکاندا بپارێزن و بۆ سەرکەوتنی شۆڕش بە ڕابەری ئیمام بچنە سەنگەرەوە.

( مردم(ی ئۆرگانی ناوەندی حیزبی تودە کە لەو قۆناغەدا بە کوردی دەستی بە بڵاوکردنەوە کردبوو، لە وتارێکیدا بە ناونیشانی )براکوژی لە کوردستان (...نووسیویە "وەکوو دەزانین حیزبی تودەی ئێران هەوەڵین ڕێکخراوەیەکی سیاسی بوو، کە نادروست بوونی ڕێگای چارەسەرکردنی نیزامی هێنا گۆڕێ و تێکۆشا کە بۆ ڕزگارکردنی نیشتمانەکەمان لەو کارەساتە خوێناویەی کە بە دەستی ئیمپریالیزم و سەهیۆنیزم و کۆنە پەرەستی لە کوردستان هەڵگیرساوە، یارمەتی ڕابەرایەتی شۆڕش و دەوڵەتی کاتی کۆماری ئیسلامی ئێران بدات، ئەوا جارێکی دیکەیش بە گیانێکی پڕ لە خۆشەویستی و پەیوەندییەوە لەگەڵ شۆڕشی ئێران و پتەوکردن و بە قەوەت کردنی نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران، سەرنجی بەر پرسیارەکانی وڵات بۆ لای ئەم مەسەلەیە ڕادەکێشین ....ئێمە دەزانین کە هێزەکانی ئیمپریالیستی و سەهیۆنیستی و پاشماوەی ڕژێمی ڕووخاوی پەهلەوی کارەساتی کوردستان دەنە دەدەن و ئاگرەکەی خۆش دەکەن.(145) "

هەروەها لە وەڵامێکی ڕۆژنامەی )اگلاعات (دا کە باسی لەوە کردووە گوایە بۆچی لە کوردستان کەڵە پیاوێك نایەتە مەیدان کە تا ڕادەیەك شعور و لێزانینی هەبێ و ڕێگا چارەیەکی عاقڵانەی وا پێشکەش بکات کێشەکە بڕێنێتەوە؟ حیزبی تودە بێ ئەوەی نفوزێکی لە کوردستانی ئێراندا هەبێت، هەوڵدەدات خۆی وەك دەمڕاستی گەلی کورد نیشانبدات و لە ڕێگای )مردم(ەوە دەڵێت" : پێویستە بڵێین، بۆ جێ بە جێ کردنی ئەم کارە خێرە نەك تەنیا )کەڵە پیاوێك(ی داخواز، بەڵکوو هێزێکی سیاسی داخوازی خاوەن نفووز و بایەخداری وەکوو حیزبی تودەی ئێران هەیە.(146) "

شایەنی باسە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئێران لە بڵاوکراوەیەکیدا بە ناونیشانی "کوردستان چ ڕادەبرێ و مەسەلەی کوردستان چۆن شایەنی چارەکردنە"، پاش ئەوەی تێکرای ناتەواوییەکان و ئاڵۆزی هەل و مەرجەکەی ئێران و کوردستانی خستۆتە ملی "ئاغای موهەندیس بازرگانی بورژوا لیبراڵ"ی سەرۆکی حکوومەتی کاتی و ئۆباڵی تاوانەکانی کوردستانی لە ئەستۆی ڕابەری شورای ئینقیلاب و باڵی مەزهەبی توندڕەو دوورخستەوە، ئینجا هاتۆتە سەر ڕیزبەند کردنی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییە ڕەسەنەکانی کوردستانی ئێران و لە ژێر سەردێڕی 2)
ـــ دژی شۆڕش(دا دەڵێت:

" ئەمڕۆ کوردستان بۆتە گرنگترین سەنگەری هەڵسوڕانی ئاشکرای دژی شۆڕشی ئێران، ئەم دژی شۆڕشە پێکهاتووە لە دەستە و تاقمەکانی سیاسی و )مەزهەبی (و قەومی و عەشیرەتی، وە هەروەها دەستە و تاقمەکانی ڕێکخراوی سەر بە حکوومەتی بەعسی عێراق ....ڕێکخراوی چەپ نوێنی کۆمەڵە، ڕێکخراوی ڕزگاری، دارودەستەی سەرهەنگ عەلیار و هاوکارەکانی بە ناوی 0ئارا(، تاقمە کۆنە پەرەستەکانی سەر بە شێخ عوسمان و شێخ جەلالی حوسەینی لم ڕیزەدان ....ئەم دژی شۆڕشە کە لە لایەن هەموو ئیمپریالیستەکانەوەن بە سەرکردەیی ئەمەریکا، ئیسرائیل، میسر و حکوومەتی بەعسی عێراق بە هەموو چەشنێ پشتیوانی لێدەکرێ، توانیویەتی لەم مانگەنەی دوایی دا جێگای خۆی لە ناوچەکانی سەر سنووری ئێران قایم کات ....مەعلوماتی بڕوا پێ کراو نیشان دەدات کە ئەشرەفی پەهلەوی، ئووەیسی، بەختیار، پالیزبان و ئەدەشێری زاهیدی بە کۆمەکی حکوومەتی بەعسی عێراق، چەند جار هاتوونەتە کوردستان و بە چالاکی ل هاوروژاندن و ڕێکخستنی دژی شۆڕش دا هاوبەشی دەکەن.(147) "



www.pertwk.com

سەبارەت بە کۆمەڵەش کە وەك ڕێکخراوێکی چەپی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی لەو قۆناغەدا لە کوردستانی ئێران تێدەکۆشا، بڵاوکراوەکەی حیزبی تودە گوتوویە "سەرنج دانی بەخشی کاولکاری کۆمەڵە، لەم لایەشەوە گرنگە، کە ئەم ڕێکخراوەیە بە هەڵکردنی ئاڵای کۆمۆنیزم )دیارە کۆمۆنیزمی ئەمەریکایی (هەوڵی داوە یەکێ لە پایە گرنگەکانی سیاسەتی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا لە دژی ئێران .....بە جێ بگەیەنێت، بەم مانایەی کە لە هەر ڕێگەیەکەوی دەلوێ، ئاگری کێشە و ناکۆکی نێوان هێزەکانی لایەنگری ئیمام خومەینی و هێزە شۆڕشگێڕەکانی لایەنگری ڕاستەقینەی سوسیالیزمی عیلمی و تێکۆشەرە ڕەسەنەکانی خەباتی دژی ئیمپریالیستی ئێران هەڵگیرسێنێت، کۆمەڵە لە درۆ بە حیسابێکی دیاری لە )کۆمۆنیزم (دەدوی وە لە تەنشت شای لیکەوتوو، بەختیار، ئەمەریکا و ئیسرائیلەوە لە دژی شۆڕشی ئێران شەڕەدەکا، بۆ ئەوەی موسوڵمانانی تێکۆشەری دژی ئیمپریالیزم لە حاست کۆمۆنیزمی ڕاستەقینە و ڕەسەن بەد بین بکات!!!(148)"

لە بارەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیشەوە، کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودە دەڵێت" :گرنگترین تایبەتی ئەم حیزبە، نا هوچەشنی ئەوە لە هەڵوێست گرتنی سیاسیدا ...دوو دەستە لەو کەسانەی کە لەگەڵ شۆڕشی ئێران دوژمنایەتی دەکەن، خۆیان تێ خزاندووە و لە کاتی زۆر ناسك و بە هەستدا سیاسەتی حیزب دەخەنە ژێر تەئسیری دیاریکەرەوە، ئەم دوو دەستەیە بریتین لە:

أ ــ نەتەوە پەرەستەکانی بەرچاو تەنگی کورد :کە بە لای ئەوانەی خەباتی دژی ئیمپریالیستی تەواوی خەڵکەکانی ئێران لە کردەوەدا بە تەواوەتی یان بە لانی زۆرەوە لە دەستوورە و بەرنامەی ڕۆژدا خراوەتە لاوە....

ب ـــ کەسانی سەر بە ئیمپریالیزم و کوردە کۆنە پەرەستەکانی ئێران و بەعسی عێراق، هەوڵ دەدەن بە کەڵك وەرگرتن لە دروشمەکانی بە ڕواڵەت شۆڕشگێڕی و میللی خەڵك خەڵەتێن، کارێکی وا بکەن هەر جۆرە تێکۆشانێك بۆ چارە کردنی هێمنانەی مەسەلەی کوردستان و دامەزراندنی بەرەی یەکگرتووی دژی ئیمپریالیستی و دژی کۆنە پەرەستی لە کوردستان سەرنەگرێ.(149) "

سەیرتر ئەوەیە )کیانوری (سکرتێری حیزب پاش دە ساڵ زیندانی و ئەو هەموو ڕیسوایی و ئازار و مەینەتییەی لە لایەن ڕژێمی کۆماری ئیسلامییەوە بە سەریدا هێنرا، ئینجا لە بیرەوەرییەکانیدا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێکخراوی کۆمەڵ 'بە )خەمیری سوور (لە کەمبۆدیا و )کۆنترا (لە نیکاراگوا دەشوبهێنێت و دەڵێت لەو شوێنانەی حکوومەتی میللی و دژ بە ئیمپریالیزم دێنە سەرکار، هێزە کۆنە پەرەستەکانی وابەستە بە ئیمپریالیزم بۆ خرا پەکاری و ئاژاوەگێڕی و ڕێگرتن لە هەر بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕانە و نوێخوازی لەو وڵاتانەدا هانی جوڵانەوە چەکدارانە تێکدەرەکان بە دژی حکوومەتە شۆڕشگێڕ و نیشمانییە دژ بە ئیمپریالیستەکان دەدەن، کیانوری دەڵێت "لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامییەوە تا ئێستا )واتە ساڵی 1992ـــ ل (ئیمپریالیزم لە وڵاتەکەماندا بە سوود وەرگرتنی لە جۆرە )کۆنترا(یەك، بەرەنگار بوونەوەی چەکدارانەی بە دژی کۆماری ئیسلامی خولقاندووە و دەیبینین، واتە مەبەست لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی، حیزبی دیموکراتی کوردستان، تاقمی کۆمەڵە ....کە لە دەرەوەی مەرزەکانی وڵات و لە ژێر سایەی دەوڵەتی عێراقدا و لە خاکی ئەو وڵاتەدا شوێنیان بۆ کراوەتەوە و لەوێوە بە ئۆپەراسیۆنی تێکدەرانە و هێندێك کاری تیرۆریستی هەڵدەسن.(150) "

هەروەها )احسان گبری(یش لە تێکڕای بیرەوەرییەکانیدا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە :دارودەستەی قاسملو، خائینان، ئاژاوەگێڕ، خۆپەرەست، نامەسئوول و دژی شۆڕش ...هتد ناودەبات .(151)

شایەنی باسە لە کاتێکدا لەشکری کۆماری ئیسلامی و سوپای پاسداران، لە زەوی و ئاسمانەوە ئاگریان بە سەرکۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێراندا دەباران، خومەینی لە وتاری هەینیدا، کێشەی کوردستانی بە پیلانی وڵاتی بێگانان دایە قەڵەم ، و یەکێتی شورەوی بە هاندەری ڕا پەڕینی گەلی کورد لە ئێران تاوانبار کرد و دەیگوت "دەیانەوێت حکومەتی کۆمۆنیستی لە کوردستاندا بەرپا کەن.(152) "

لێرەدا حیزبی تودە بۆ بەرگریکردن لە شورەوی، لە ئۆرگانی خۆیدا وتارێکی بە ناونیشانی )اتحاد شوروی در حوادث کردستان دخالت ندارد /یەکێتی سۆڤێت پەیوەندی بە ڕوداوەکانی کوردستانەوە نییە (بڵاوکردەوە، کە تیایدا جگە لەوەی هەوڵی دابوو ئەوە بسەلمێنێت کە بەرژەوەندییەکانی شورەوی لە بەرقەرار بوونی ئارامی و ئاسایش، و لە سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێراندایە، بە پشت بەستن بە قسەیەکی


www.pertwk.com

)حجت الاسلام حسين عمادى (نوێنەری دەفتەری ڕاگەیاندنی ئیمام خومەینی، ئۆباڵی شەڕ و ڕووداوەکانی کوردستانی ئێرانی خستبووە گەردنی ئەمەریکا و ئیسرائیل، و دەست و پێوەندەکانی ئیمپریالیزم لە ئێران.(153) "

لە ڕاستیدا باڵی ئاینی توندڕەو پاش ئەوەی بۆی دەرکەوت کە لەشکرکێشییە سێ مانگییەکەی بۆ سەر کوردستان بە پراکتیك شکستی خوارد، و پاش ئەوەی پێشمەرگە کوردەکان گورزی گەورەیان لە پەلاماردەران وەشاند، و لە هەموو شارەکانی کوردستانی ئێرانیشدا خەڵکی پەلاماری دەزگا سەرکوتگەرەکانی ڕژێمیان داو پیاوەکانیان ڕاوە دوودەنان، لە هەل ومەرجێکی بەو شێوەیەی کوردستان و پاش قووڵ بوونەوەی قەیرانە ئابوورییەکانی وڵات، و توندوتیژبوونی ناکۆکی باڵە سیاسییەکان لە ناوەند، ئەو باڵە بۆ خۆکۆکردنەوە و وەك تاکتیکێك فەرمانی وەستاندنی لەشکرکێشییان ڕاگەیاند ولەو بارەیەوە خومەینی وتارێکی ئاراستەی )خەڵکی کورد (کرد، ئەو وتارەی کۆمەڵێك هەڵە و چاوبەستی گەورەی تێدابە دی دەکرا، و نە باسێکی لە ستەم و مافێکی نەتەوایەتی کورد و نە دانێکی بە ڕێکخراو و هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێراندا نابوو (154)، ئەوانەی وێڕای تێکڕای ئەو کەم وکورتیانەش هێشتا هومێدێکی زۆریان بە وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ڕێگای ئاشتی و وتووێژەوە هەبوو، هەر بۆیە داواکارییەکانیان فۆرمەڵە کرد و دەستەیەکی گفتوگۆیان پێکهێنا.

حیزبی توده وێڕای ئەوەی وتارەکەی خومەینی ناونا "پەیامی مێژوویی"، بێ لە بەرچاوگرتنی ئەوەی گفتوگۆ لە نێوان کورد و دەوڵەتدا هەیە، هێرشێکی تەبلیغاتی توندی دژی هێندێك لە هێزە کوردییەکان دەست پێکرد بوو، و داوای لە حکومەت دەکرد سەرکوتیان کات، لەوە ڕووەوە )مردم (نووسیویە" :بیروڕای حیزبی توده لە بەیان نامەکان و وتارەکان ....بە ڕاشکاوی دیارە، نەیچە وەرگرتنمان لە نرخاندنەکانمان ئەوەیە کە هێزە نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە لە کوردستان دەبێ زۆر بە خێرایی و زۆر بە ڕۆشنی بەرەی کاری سیاسی خۆیان لە بەرەی هێزەکانی سەر بە ئیمپریالیزم، دژی شۆڕش و بەعسی عێراق، لە کۆمەڵ"، شێخ جەلال )باری شێخ عزالدین ــ ل(، ڕزگاری، شێخ عوسمان و هی دیکە جیا بکەنەوە، وە بکەونە سەر ڕێگەی نەهێشتنی ئەم دوژمنانەی شۆڕشی ئێران...ئێمە جارێکی دیکە تەئکید دەکەین و بە ڕاشکاوی دەڵێین کە سەرکوت کردنی دژی شۆڕش لە کوردستان، دژی شۆڕشی سەر بە بەعسی عێراق، پاشماوەکانی ڕژێم و بەردەستەکانی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا و سەهیونیزم کارێکی پیویست و فەوری یە.(155) "

لەوەش زیاتر حیزبی توده بێ ئەوەی ڕێزێك لە دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد بگرێت کە داوای مافی خودمختاری بۆ کورستان دەکرد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتدا، ئەوان لە بەرامبەر ئەو مافە، چەمکی )خودگردانی(یان زەقکردەوە، ئەو چەمکەی کە دواتر دەوڵەتیش لێرە و لەوێ نێویان دەبرد، لە خودگردانیدا بێ ئەوەی باس لە کێشەی نەتەوایەتی و دەستنیشانکردنی سنووری کوردستانی ئێران بکرێت و زمانی کوردی بە ڕەسمی بناسرێت، تەواوی کاروبارەکانی :سنوورەکان، سیاسەتی دەرەوە، بازرگانی و گومرگ، بەرنامە ڕێژی ئابووری سەرانسەری، تەنزیمی مالییات، پۆست و تەلەگراف، ڕێگاکانی ئاسنی و هەوایی و دەریایی، کاربەدەستانی ئیدارەکانی ناوچەی خودگەردان، کارمەندانی دادگاکان، سەرۆکایەتی شارەبانی و ژاندارمەری، بەڕێوەبردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن....هتد لە دەستی دەسەڵاتی ناوەندیدا، ئەوەش کەمترین مافی بۆ هەرێمەکە دەهێشتەوە کە لانی کەمی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردیان لە کوردستانی ئێراندا دەستەبەر نەدەکرد، هەر بۆیە ئەو چەمکە لە نێو کورد دا بە )سەرگەردانی (ناوی دەرکرد .(156)

شایەنی باسە لە گەرمەی وتووێژی نێوان نوێنەرانی گەلی کورد و حکوومەتی ئێراندا، حیزبی توده بەردەوام لە بڵاوکراوەکانیدا بەرێوەچوونی پیلانگێڕانی )دژە شۆڕش(ی بە گوێی خەڵك و حکوومەتدا دەدا و لە هەوڵی ئەوەدا بوو چارەسەری کێشەی گرنگی نەتەوایەتی و گەلانی غەیرە فارس و کێشە ئاڵۆز و وەختییەکانی دیکەی ئێران بکات بە قوربانی مەسەلەی بە هێز کردنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بە ناوی خەبات دژی ئیمپریالیزم و ئەمەریکا.

بۆ نموونە لە ئاهەنگێکدا کە ڕێکخراوی مەهابادی حیزبی توده لە ڕۆژی 12ی نیسانی 1980دا لە خوێندنگای ناوەندی )شەهید عەزیزی یوسفی (گێڕای،)عەلی گەلاوێژ(ی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی توده لە وتارێکیدا

گووتی "مەسەلەی گرنگی ئەوڕۆی ئێران نەجات دانی شۆڕش و شاندنی ئیمپریالیزمە، مەسەلەکانی دیکە لە چاو ئەم دووە ناگرنگن ...مەسەلەی ئەمڕۆکەی ئێمە یەکیەتییە، یەکیەتی ئسووڵی لە سەربنچینەی هاوکاری تەواوی هێزەکانی مەردمی لە ژێر ڕابەرایەتی ئیمام خومەینیدا، کە ئسپاتی کردووە دەتوانی تەواوی میللەت لە دژی شەیتانی گەورە یەکگرتووکات ...ئەمڕۆ کە حیزبی تودەی ئێران حیزبی چەشنی نوێی چینی کارگەری ئێران بە مێژووی پڕ لە شانازی خۆیەوە ل خەتی مەردمی و دژی ئیمپریالیستی ئیمام خومەینی بە هەموو توانای خۆیەوە پشتیوانی



www.pertwk.com

دەكات، دەبێ هەمووومان دەست بدەینە دەستی یەكترەوە لەم خەتە ڤاتیمەی ئیمام پشتیوانی بكەین.(157)"
ئەمە لە كاتێكدا بوون حیزبی تودە دانی بە هیچ یەك لە ڕێكخراوەكانی كوردستانی ئێراندا نەدەنا و وەك دیترا بەشی زۆریانی بە دەسكەلای دەستی ئیمپریالیزم دەزانی، دیارە حیزبی دیموكراتی كوردستانیش لە لایەن تودەوە هەر بە هەمان چاو سەیر دەكرا، هەر بۆیە كاتێكی ئەو حیزبە لە شوباتی ساڵی 1980دا كۆنگرەی چوارەمی خۆی بەست و بەشێكی زۆری حیزبە ئێرانی و چەپەكانی جیهانی وەك :جەبهەی میللی، موجاهدینی خەڵك، سازمانی چریكە فیداییەكان، حیزبی شیوعی عێراق، حیزبی شیوعی فەرەنسا، ...هتد، بروسكەی پیرۆزباییان ئاراستەی كۆنگرە كردبوو، كەچی حیزبی تودە نەك هەر ئەوەشی نەگرتبووە ئەستۆ (158)، بەڵكوو لە بنەوە بۆ ناكۆكی نانەوە و پەرتبوونی حیزبی دیموكرات بە توندی تێدەكۆشا.

لە لایەكی ترەوە، شكستو بێ ئاكامی گفتوگۆی نێوان نوێنەرانی گەلی كورد و ڕژێمی كۆماری ئیسلامی، پاش ئەوەی باڵی ئاینی توندڕەو لە دەسەڵادا خۆی چەسپاند و بڕیاری دا كێشەی كوردستانی لە ڕێگای ئاگر و ئاسن و پەلامارێكی سەرتاسەرییەوە یەكالا بكاتەوە، هەر بۆیە لە بەهاری ساڵی 1980دا سالاوی بەرفراوانی لەشكر و سوپای پاسداران بۆ سەر كوردستان دەستی پێكرد و لە هەموو لایەكەوە شەڕە هەڵگیرساو وێرانكاری كەوتەوە .(159)

حیزبی تودە بە مەبەستی خۆنزیكردنەوە لە ئیمام و سەلماندنی خۆشخزمەتی بە ڕژێمی كۆماری ئیسلامی لە لایەك، و لە پێناو وەدیهێنانی پایە و نفووزی كۆمەڵایەتی و میوەچینی ڕاحەت لە سەر حیسابی دەرپەڕاندنی ڕێكخراوە هەرێمی و چەپە ئۆپۆزسیۆنەكان لە لایەكی دییەوە، هەوڵی دەدا ڕۆڵی چالاكانەتر بگێڕێت، ئەو حیزبەی دەمێك بوو تاكتیكی دروستكردنی ستونی لاری سەر بە خۆی لە نێو ئەو ڕێكخراوانەدا گرتبوبەر، كە جگە لە سازمانی چریكە فیداییەكان، حیزبی دیموكرتی كوردستانیشی گرتبووەوە، ئەو حیزبەی كە بەشێكی ڕێبەرایەتیەكەی )غەنی بلوریان و هاوەڵانی (پێشتر ژێربە ژێر لە لایەن تودەوە لە خشتە برابوون و لە و ڤۆناغە ناسكەدا دوو بەرەكی و ئاڵۆزییەكی مەزنیان لە نێو حیزبی دیموكراتی كوردستاندا پێكهێنا، و ئاكامەكەشی بە پەرتبوونی حیزب و جیابوونەوەی حەوت كەس لە ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە بە ڕابەری بلوریان كۆتایی هات، ئەو ڕووداوەی كە لە مێژووی كوردستانی ئێران و حیزبی دیموكراتی كوردستاندا بە )خیانەتی تاقمی حەوت نەفەرە (ناودەبرێت .(160)

لە ڕاستیدا پیلانی حیزبی تودەی بۆ قوتدانی حیزبی دیموكراتی كوردستان یا خود پەرتكردنی ڕیزەكانی، مەسەلەیەكی زۆر ڕوون وئاشكرایە و جگە لە ڕابەرەكانی تودەی وەك )احسان گبری (و )كیانوری (كە وەك بەشێك
لە سیاسەتی حیزب دانی پێدا دەنێنو )عەلی گەلاوێژ(یش دەكەنە جێبەجێكەری ئەو پیلانە، (161)، لە لایەن خودی لایەنگرانی ئەو تاقمە و سەرجەم ئەو كەسانەی لەم مەسەلەیە دوواون سەلمێنراوە، ئەو تاقمەی كە هەر بە پەرت بوون وازیان نەهێنا، بەڵكوو لە پاڵ حیزبی تودە و پاسدارانی كۆماری ئیسلامی دژی كورد و هێزی پێشمەرگەی كوردستان، چەكی ڕژێمیان كردە شان.

لەو بارەیەوە )سەعید كاوە (لە ژێر ناونیشانی )زەربێكی كوتووپڕ(دا نووسیویە:
"بەدنەدان و پیلانی حیزبی تودە، نەك هەر حیزبیان بە جێ هێشت، بەڵكوو بە پێی بەرنامەی داڕێژراوی حیزبی تودە خۆیان بۆ بەربەرەكانی دژی حیزبی دیموكراتی كوردستان ئامادە كرد.....كاتێكی فرە ناسك بوو....هەڵبڕاوەكانی لە حیزبی دیموكرات بیانەوێ و نەیانەوێ، كردەوەكەیان خەنجەرێك بوو لە بڕبڕەی پشتی نەتەوەی كوردی دا و بە قازانجی لە سەداسەدی ڕژێمی كۆماری ئیسلامی تەواو بوو ...لە شارەكانی كوردستان بە گەرمی خەریكی گێرەشێوێنی و كاری تێكدەرانە بوون و دژی حیزب بە سوودی كۆماری ئیسلامی هەڵدەسووڕان.(162) "

شایەنی باسە چەكدارەكانی سەر بە بلوریان چالاكانە لەگەڵ هێزی پاسداراندا پەلاماری سەنگەری پێشمەرگەیاندەدا و ناوچە ئازادكراوەكانیان تەسلیم بە هێزەكانی ڕژێم دەكردەوە .وەك لە ناوچەكانی پیرانشار و سەرگردە كردیان، هەر بۆیە )سرهنگ علی صیاد شیرازی(ی ئەفسەری پایە بەرزی ئێرانی لە نامەیەكدا سوپاس و ستایشی ڕەفتاری )قارەمانانە(ی بلوریان و چەكدارەكانی بە قازانجی حكوومەتی ئیسلامی ئێران دژی هێزی پێشمەرگەی كوردستان دووپاتكردۆتەوە .(163)

دەبێ بزانرێت كە پەلاماری سەر لە نوێی لەشكری كۆماری ئیسلامی بۆ سەر كوردستانی ئێران بە تانك و تۆپ و فرۆكەی ڤانتۆم، شێوازێكی



www.pertwk.com

**ترسناکی بە خۆوە گرت و ڕژێم سەرباری ئەوەش گەمارۆیەکی ئابووری سەختی بە سەر ناوچەکەدا سەپاندبوو کە هەل و مەرجێکی دژواری بۆ گەلی کورد پێکهێنابوو، لەو کاتەدا واتە لە ناوەڕاستی ئەیلولی 1980دا، )حمید درویش(ی سکرتێری پارتی دیموکراتی پێشکەوتووخوازی سوریا هاتبووە ناوچە ئازاد کراوە سنورییەکانی ئێران ـــ عێراق و ئەو مەسەلەیەی هێنابووە گۆڕێ، کە بە بەشداری پارتە کۆمۆنیستەکانی تورکیا، سوریا، عێراق و ئێران کۆنگرەیەکی نەتەوەیی لە سەر هەل و مەرجی ئاڵۆزی کوردستان و شێوازەکانی خەبات ببەسترێت، بەڵام )فاتح رەسووڵ(ی ئەندامێکی ڕێبەرایەتی حیزبی شیوعی عێراقی سەبارەت بە هەڵوێستی حیزبی تودەی ئێران لە مەسەلەیەکی وا )حەمید درویش(ی تێگەیاندبوو کە "حیزبی تودەی ئێران ...نەك هەر بەشداری لەم جۆرە کۆنگرەدا ناکەن، و یارمەتی نادەن، بەڵکوو بە پێچەوانەشەوە پڕۆپاگەندەی توند دژی فکرەکەش بڵاو دەکەنەوە، کۆسپیش دەخەنە پێش، چونکە لە ژێر کارتێکردنی ئایدۆلۆژیای ڕەگەز پەرەستی نەتەوەی گەورەو دوگماکانی ستالینیزم دا ڕزگاریان نەبوون.**(164) "

**هەروەها لە کاتێکدا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە هەوڵی ئەوەدا بوو لەرزەی جیابوونەوەی تاقمی حەوت نەفەرە هەڵمژێت و لەو هەل و مەرجە ئاڵۆزەی کوردستاندا سەنگەری بەرگری چۆڵ نەکات و هەوڵبدات ڕاستیەکان، کاولکارییەکانی سوپای پاسداران، نەهامەتییەکان بۆ نێو خۆ و جیهانی دەرەوە ڕوونکاتەوە .حیزبی تودە وەك ئەوەی بە تەواوی جەنگی لە دژی گەلی کورد و جوڵانەوە نەتەوایەتییەکەی ڕاگەیاندبێت، خەریکی چەواشە کاری و درۆهەڵبەستن و پڕۆپاگندە بوو دژ بە کورد.**

) مردم (**لە یەکێك لە ژمارەکانیدا نووسیبووی "دوکتۆر قاسملو 9ملیۆن دۆلاری لە ناتۆ وەرگرتووە"، ئەو هەواڵە کە بڵاوکراوەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بە مانشێتی گەورە بڵاویان دەکردەوە و وایان نیشانی خەڵکی سادە دەدا گوایە جوڵانەوەی نەتەوەیی کوردستان دەسکەلای ناتۆ و ئیمپریالیزمە** (165)، **ئینجا هەواڵێکی دیکەیان بڵاوکردەوە گوایە د.قاسملو و شاپور بەختیاری دوا سەرۆك وەزیرانی شا لە شارۆچکەی قەڵادزێ لە کوردستانی عێراق، یەکتریان بینیوەو دژی شۆڕشی ئیسلامی پیلانیان داڕیشتووە، یا خود هەواڵێکی دیکەیان بڵاوکردبۆوە گوایە )سەلاحودینی موهتەدی (بە پووڵی پێشمەرگەی کۆمەڵەوە ستونێکی سوپای ئێرانیان لە ڕێگای کرماشان ـــ پاوە ڕووتکردۆتەوە و نەیانهێشتووە بۆ بەرگریکردن ل مەرزی ئێران بگاتە شوێنی خۆی** .(166)

**شایەنی باسە د.قاسملو لە نامەیەکیدا بۆ ڕۆژنامەی )اگلاعات (لە** 11**ی تەمووزی** 1980**دا، هەواڵی وەرگرتنی پارەی لە ناتۆ بە درۆ خستبۆوە و سەبارەت بە حیزبی تودەش نووسیبووی" :حیزبی تودە بۆ قەرەبوو کردنەوەی شکستی سیاسەتە ناڕاستەکانی خۆی لە کوردستاندا، تاوی داوەتە ساز کردنی ئەم درۆ بێ شەرمانەیە ...بەم شێوەیە تاوانبار کردنی سکرتێری گشتی حیزبی ئێمە بە هاوکاری کردن لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمەریکا، تەنیا بە مەبەستی خۆش خزمەتی و دەربڕینی نۆکەرایەتی لە لایەن ڕێبەرایەتی حیزبی تودەوە ...جگە لە تاوانێکی ناڕەوا ...ڕق و قینی ڕێبەرایەتی حیزبی تودە دەرهەق بە بزووتنەوەی میللی و دیموکراتیکی خەڵکی کوردستان نیشان دەدا و سووکایەتی یەکی ڕاستەوخۆیە دەرحەق بە خەباتی ڕەسەنی گەلی کوردە.**(167) "

**سەبارەت بە بینینی بەختیاریش، د.قاسملو لە کورتەی ڕاپۆرتی دەفتەری سیاسی کە لە** 1**ی تشرینی دووەمی ساڵی** 1980**دا پێشکەشی کۆبوونەوەی گشتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد گووتی "دیارە ئێمە ئەگەر بمانەوێ بەختیار، ببینین، ئەوە کوردستانمان دەدەستدایە و بەختیار دەتوانێ بێتە کوردستان، پاشانیش شارەکەیان خراپ هەڵبژاردووە، چونکە من نزیکەی هەموو شارەکانی عێراقم دیوە "قەڵادزێ "نەبێ ...!! پێویستیش ناکا بڵێم کە هەرگیز لە ژیانمدا لەگەڵ بەختیار دانەنیشتووم.**(168)"...

**لەوە دەچێ بەرگری و خۆڕاگری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە تەواوی ڕێبەرایەتی حیزبی تودەی ئێرانی هەراسان کردبێت، بۆیە )مردم ( لە پێناوی کۆتاییهێنانی ئەو بەرگرییە و توندتر سەرکوتکردنی بە قەوڵی خۆی )دژی شۆڕش(، ئامۆژگاری دەوڵەتی کردووە و نووسیویە "جمهوری اسلامی باید پاسداران انقلاب باری دفاع از انقلاب بە سلاح های سنگین مجهز کند /کۆماری ئیسلامی پێویستە پاسدارانی شۆڕش بۆ بەرگریکردن لە شۆڕش بە چەکی قورس ئامادە بکات!!**(169) "

**لە ڕاستیدا هەڵوێستی نابار و هەڵپەرەستانەی حیزبی تودە لە حاست ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران و جوڵانە نەتەوایەتیەکەی گەلی**



www.pertwk.com

کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا شێوازێکی خەتەرناکی لە خۆگرتبوو، هەر وەك )فاتح رەسول (دەڵێت "رۆژنامەی )مردم (ئۆرگانی حیزبی تودە بە فارسی و بە کوردی گەلێك لە خومەینییەکانی گەرم و گورتر بەرگرییان لە رژێمی ئاخوندەکان و پەیرەوی ئیمام دەکرد...هەڵوێست و رێبازی سەرکردەکانی تودە، دەربارەی ئاپۆر و وێرانکردنی کوردستان وەك هەڵوێستی حیزبەکان شۆڤێنست تووشی گومڕا هاتبوون، گیۆیان قورقوشمی تێکدرابوو، دەویان لۆك کرابوو، دەنگێکی نارەزایی، هاوارێك، پروتستویەکلیان دەرنەچوو، نە بە ناوی مافی مرۆڤایەتی و دیموکراتیەت، یا ئایدیۆلۆژیەتی ئینتەرناسیۆنالی کە بە درۆ و سەرزارەکی فشەفشیان پێوە دەکرد، کەمێك داکۆکی لە نەتەوە لێقەوماوە ماف ژێر پێ خراوی کوردی کوردستانی ئێران بکەن ...بە هیچ جۆرێك لەم جۆرە هەڵە زلانە شەفاعەت کردن وخۆرزگار کردن سانانیە.(170) "!

پێویستە بگوترێت کە سیاسەتی هەڵپەرەستانە و خۆشخزمەتی حیزبی تودە و ئەو هەلامەزنەی سەبارەت بە یەکگرتنی هێزە پێشکەوتنخوازەکان لە پشتی ئیمامەوە بە دژی ئیمپریالیزم نابویەوە نەیانتوانی یەکێتیەکی راستە قینە و هەتاسەر لە نێوان بە قەوڵی خۆیان "موسوڵمانانی راستەقینە و مارکسیستە شۆرشگێرەکان "بێنێتە دی، چونکە پاش ئەوەی سەرەی سەرکوتکردنی حیزبی تودە گەیشت، دەزگا سەرکوتگەرەکانی رژێمی کۆماری ئیسلامی لە بەهاری 1982دا شاڵاوێکی لە ناکاویان کردە سەر حیزبی تودە و نزیکەی تەواوی رێبەرایەتی و ئەندامانی ئەو حیزبە دەستگیر کران، بە )کیانوری (سکرتێریشەوە، کە یەك بە دوای یەك هێنرانە سەر شاشەی تلفیزۆن و دانیان بە تاوانەکانیان )دژی شۆرش (دەنا، بە تایبەتی جاسووسی کردن بۆ دەوڵەتی شورەوی(171)، بەوەش حیزبی تودەی ئێران، بۆ دووەم جار لە مێژووی ژیانیدا ریشەکێش کرا.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە کاتی خۆیدا بەیاننامەیەك بە مجۆرە ریشەکێشکردنی حیزبی تودەی ئێرانی لێکدایەوە "شك لەوەدا نییە کە کارنامەی تێکۆشانی رێبەرایەتی حیزبی تودەی ئێران لە ساڵەکانی پاش شۆرشدا رەشە وسیاسەتێك کە لەو ماوەیەدا پەیرەوی یان لێ دەکرد، لە لایەن خەڵکی ئێرانەوە مەحکوومە، پشتیوانی بێ ئەم لاولا لە تەواوی کردەوەکانی کۆنەپەرەستانە و دژی گەلی رژێم...دەنگدان و نیزامی چەرخەکانی نێوەراستی ویلایەتی فەقیهی، پەسەند کردنی جینایەتەکانی رژێم دژی تەواوی خەباتی رێگای ئازادی و هەوڵدان بۆ دروستکردنی دووبەرەکی لە نێوان هێزە شۆرشگێرەکاندا ...بەشێك لە کارنامەی تێکۆشانی رێبەرایەتی حیزبی تودەی ئێرانە .... هاندانی رژێم ...بۆ درێژە پێدانی شەر لە کوردستاندا، هەوڵی سەرنەکەوتوو بۆ پێك هێنانی دوو دەستەیی )انشعاب (لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، پاڵدانی تۆمەتی نارەوا بە رێبەرایەتی حیزبی ئێمە، جاسووسی کردنی ئەندامان و هەوادارانی حیزبی تودە دژی تێکۆشانی حیزب و پێشمەرگە قارەمانەکان لە نێو شارەکانیشدا، بەشێك لە کارنامەی رەشی رێبەرایەتی حیزبی تودە بە حیساب دێ، لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو کە تەواوی ئەو کردەوانە لە ژێر سەرپۆشی خەبات دژی ئیمپریالیزمی ئەمەریکادا دەکرا.

رێبەرایەتی حیزبی تودە ...ئەو راستییە سادەیان دەرك نەکرد کە هەر حیزبێك کە بە نرخی رۆژ نان دەخوا، ئوسووڵ فیدای تاکتیك دەکا، ئۆپۆرتونیسم و هەڵپەرەستی دەکاتە بناغەی سیاسەتی خۆی و ماکیاولیزم تا رادەی سیاسەتی رەسمی خۆی بەرز دەکاتەوە، داهاتوویەکی بێجگە لە تێ شکان و لە دەست دانی نفووز و ئیعتباری خۆی لە نێو کۆمەلانی خەڵك دا نابێ.(172) "

د .قاسملۆی سکرتێری حیزبی دیموکرات کە ساڵانێکی دوورودرێژی لە هەڵسووران و تێکۆشانی سیاسی لە نێو حیزبی تودەدا هەبوو، سەبارەت لەو چارەنووسەی تودە لە نامەیەکیدا بۆ سەعید کاوەی نووسیوە "زۆر کەس ئێستا چارەنووسی حیزبی تودەی پێ خۆشە، من پێم ناخۆشە، بەلام هەر وەك لە اگلاعیە دەفتەری سیاسی دا هاتووە، سیاسەتی دوور لە ئوسووڵ ئاکامی هەر ئەوەیە.(173) "

: 2/2:ئەو فاکتەرانەی هەڵوێستی سەلبی حیزبی تودەیان لە حاست کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ئێراندا وێنا دەکرد.

لە راستیدا هەڵوێستی سەلبی حیزبی تودە لە حاست کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ئێراندا بە درێژایی ساڵانی 1941ــــ 1982 لە چەند فاکتەر و بنەماوە سەرچاوە دەگرێت کە دەکرێت بە گشتی وەك لای خوارەوە ریزبەند بکرێن.



www.pertwk.com

### 2/2/1: پێکهاتەی دامەزراندنی حیزبی تودە و پەروەردەبوون لە سایەی شۆڤێنیەتی ڕەزا شادا:

پێش هەر شتێك پێویستە بگوترێت کە زۆربەی ئەندامانی دامەزرێنەری حیزبی تودە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەو خوێندەوارە فارسە تارانییانە بوون کە تەمەنی لاوێتییان لە قۆناغی دیکتاتۆری بیست ساڵەی ڕەزاشا لە ئێران بردبووە سەر و لە سایەی ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیستی فارسگەرای پەهلەویدا لە خوێندنگا و زانکۆو دەزگا فەرهەنگییەکانی حکوومەتی شاهەنشاهیدا لە تاران پەروەردە ببوون (174)، ئەوەش کاریگەرییەکی زێدە خراپی لە سەریان جێهێڵابوو، بە چەشنێك نەتوانن درك بەو ڕاستییە بکەن، کە ئێرانی نوێ دەوڵەتێکە بە دەستی ڕەزاشا وبە قازانجی ئیستعماری بەریتانیا لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانیەوە هێنراوەتە بوون، ئەویش بە گرتنەبەری سیاسەتی کودەتا و پیلانگێڕان و لە ڕێگای پەلاماری سەربازی و سەرکوت و گۆڕینی ئیمپراتۆری قاجاری فرە گەل، جوگرافیا، کلتور و فەرهەنگەوە، پاش سەرپێدانەواندنی گەلانی غەیرە فارس و لە خوێنا گوزاندنی جوڵانەوە نەتەوایەتییەکانی و گرتن وکوشتنی ڕێبەرانیان و هەوڵدانێکی بێ ووچان بۆ بە فارسکردنیان و وەدیهێنانی سیستمێکی سەنترالیستی میلیتاریستی فارسگەرا و تۆتالیتێر .(175)

بە واتایەکی تر، ئەوانە لە ڕەهەندە مێژووییەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی ئێرانی نوێ و پێکهاتە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی نە دەگەیشتن و خوێندنەوەیەکیان بۆ نابەرامبەری پەیوەندییەکانی نەتەوەی سەردەستی فارس لە

ناوەند لەگەڵ نەتەوە ژێر دەستەکانی هەرێمەکان نەبوو، ئەوانە هەروەك پیاوانی ڕەزاشا و ناسیۆنالیستی تەنگەتیلەی فارس ئێرانی بوون و فارس بوونیان بە شێروخەتی دراوێك دەزانی، لێرەشەوە شتێکیان بە ناوی )کێشەی نەتەوایەتی (لە ئێران بە عەقڵدا نەدەهات، هەر لە بەر ئەوەش بوو چەمکی )ملت ایران /نەتەوەی ئێران(، و ئامانجی )حفظ و تمامیت خاک ایران /پاراستن و یەکێتی خاکی ئێران(ی ڕەزاشا و دەوڵەتی شاهەنشاهیان بە ڕاستیەکی ڕەها و ئەزەلی دەزانی و لە ناخەوە بڕوایان بە سەنترالیزم و فارسگەرایی هەبوو، و لە پێناویدا تێدەکۆشان.

بێ سوود نییە گەر لێرەدا )دکتۆر تقی ارانی (بکرێتە نموونە، ئەو ڕۆشنبیرە مارکسییە ئێرانییەی کە تێکڕای دامەزرێنەرانی تودە بە سەرچاوەی ئیلهام و پێشەنگی خۆیان دەزانی و بە مامۆستا و ڕێبەرێکی مەزنیان لە قەڵەم دەدا و ساڵانە یادیان دەکردەوە.

ئارانی وێڕای ئەوە لە تەورێز لە دایك ببوو، بەڵام پەروەردەی تاران بوو، ئەویش وەك زۆرینەی ڕۆشنبیرانی هاوکاتی خۆی لایەنگرێکی سەنترالیزمی دەوڵەتی و فارسگەرایی بوو، ئەو دوو پایەیەی ڕەزاشا ئێرانی نوێی لە سەر دامەزراندن، نێوبراو لە وتارێکیدا بە ناونیشانی )ئۆزربایجان مسألە حیات و ممات برای ایرانیان /ئازەربایجان مەسەلەی مردن و ژیان بۆ ئێرانییەکان(، ئازەربایجانی هەرێمی ئازەرنشینانی تورك زمانی بە لانکی ئێران نێو بردووە و دەڵێت کە ئەو ناوچەیە لە ئاکامی هێرشی مەغۆلە دڕندەکانەوە زمانی فارسی لە دەستدا، ئینجا بە ڕاشکاوی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئازەرییەکان بە هەڵە خۆیان بە تورك لە قەڵەم دەدەن و خۆ لە فارس جیادەکەنەوە، ئارانی خواستی لە بەرچاوگرتنی تایبەتمەندی هەرێمەکان و خۆ بە فارس نەزانینی گەلانی غەیرە فارسی بە هەڕەشەیەکی خەتەرناك لە سەر ئێران دەداتە قەڵەم، و بۆ ڕێگرتن لە هەر هەڕەشەیەکی مەترسیداری بەو شێوەیە لە ئایندەدا، ئارانی داوا لە دەوڵەت دەکات تاکو لەو نێوچەیەدا واتە لە ئازەربایجان زمانی تورکی بنبڕ بکات و زمانی فارسی برەو پێبدا .(176)

دیدێکی بەو چەشنەی ئارانی کە دەکرێت ناوی شۆڤێنییەتی لە سەر دابنرێ، لەگەڵ هیچ بیرێکی پێشکەوتووخوازانەدا یەکناگرێتەوە ئەو دیدەی کە لە مێژووی هاوچەخدا لە لایەن ڕۆشنبیرە فارسە مارکسیستەکانی ئێران بە گشتی و ڕێبەرانی حیزبی تودە بە تایبەت، باو و بڕوا پێکراو بوو.

### 2/2/2: تێڕوانینێکی ئابوریانەی چینایەتی سیاسییانە بۆ کێشەکانی نێو خۆی ئێران:

لە لایەکی ترەوە بەشێکی بەرچاوی دامەزرێنەران و ڕێبەرانی حیزبی تودە، لە سییەکانی سەدەی بیستەمەوە بۆ خوێندن نێردرابوونە ئەوروپا، بە تایبەتی ئەڵەمانیای نازی، بەشێکی ئەوانە سەرەتا لە ژێر کاریگەری بیری فاشیزمدا بوون (177)، پاشان هەر لەوێ بە مارکسیزم ئاشنا ببوون، مارکسیزمێك کە زادەی قۆناغێکە تێیدا جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی کۆلۆنییەکان و کێشەی نەتەوەکانی تێدا نەخەملیبوون، وێڕای تێڕوانینی ئەو فیکرە و لێکدانەوەی دیاردەکان لە کلاوڕۆژنەی ململانێی چینەکانی کۆمەڵگا و بەرژەوەندی مادی و سیاسی چینی پرۆلیتاری جیهان، ئەوەش مانای نەبوونی هەڵسەنگاندنێکی گشتگیر و هەڵوێستێکی دیار و ئاشکرای تەواوی کێشەی

نەتەوایەتی لە مارکسیزمدا دەگەیەنێت (178)، ئەوەش بۆ خۆی گرێیەکی گەورە و کەم و کورتییەکی دیکەی لە لای ڕێبەرایەتی حیزبی تودە پێکدەهێنا، چونکە ئەوانە ئاگادارییەکی وورد و خوێندنەوەیەکی زانستییانەیان ل سەر ئەو زیادەکاری و داهێنانە نەبوو کە )ڤلادیمیر ایلتش لنین (سەبارەت بە کێشەی نەتەوایەتی و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی چەوساوە و مافی چارەنووسی گەلان بە مارکسیزمی بەخشیبوو، جا هەر چەندە لینینیش تێکرای ئەو مەسەلانە هەر لە بەرژەوەندی خەباتی پرۆلیتاریاوە شەن و کەو دەکات و بە مەسەلەی خەباتی دژی ئیمپریالیزمەوەی دەبەستێتەوە و بە تەواوی مافی خۆی نەداوەتی (179)، بەڵام لە چەند شوێندا زۆر بە باشی مەسەلەکانی شیکردۆتەوە و داکۆکی لە مافی چارەنووسی گەلان کردووە و ئەوەندەی خستۆتە بەردەست کە حیزبی تود گەر ئاگایەکی کەمی لێ بوایە، دەبوایە لە سەرەتادا بە ناوی مافی نەتەوەکان و گەلانی بندەست بۆ ناویش بوایە بەندێکی لە مەرامنامەکەیدا بۆ تەرخان بکردایە.

بۆ نموونە لینین گوتوویە "هەموو نەتەوایەتییەکی بۆرجوازی گەلانی چەوساوە، چەمکێکی دیموکراتی گشتی دژ بە چەوسانەوەی هەیە، ئەو نێوەرۆکەی کە ئێمە بێ قەید و شەرت پشتگیری لێدەکەین (180) "یان لە جێگایەکدا نووسیویە "ئەوە چەوسانەوە درێژخایەنەی کە هێزە ئیمپریالیستەکان بە دژی گەلە کۆلۆنیکراو و خاوەن ئابوورییە دواکەوتۆکان گرتوویانەتەبەر، جگە لە ڕق و بێ بڕوایی، هیچ شتێکی دیکەی لە دڵی جەماوەری زەحمەتکێشی ئەو هەرێمانە، بە پرۆلیتاریاشەوە، ناڕوێنێ، ئەو گومان و بێزارییەی کاتێك زێدەتر دەبێت، کە هێزە سوسیالیستە دیموکراتەکان خیانەت لە بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار دەکەن و خۆیان وەك خزمەتکارێکی گوێڕایەڵی بورجوای ئیمپریالیستی دەردەخەن، بەوەی )مافی (چەوساندنەوەی کۆلۆنی و هەرێمە بە زۆر بەستراوەکانی پێ ڕەوا دەبینن.(181) "

2/2/3: لە سایەی تیۆری نەتەوایەتی ستالیندا.

ئاشکرایە کاتێك حیزبی تودە دەمی لە کێشەی نەتەوایەتی دا، وێڕای دەوڵەمەندی لینینیزم لەو بارەیەوە، یەکسەر تیۆری تەنگەتیلەی ستالینی لە مەڕ کێشەی نەتەوایەتییەوە کردە بنەمای دید و بۆچوون و سەرچاوەی مامەڵە کردنی لەگەڵ ئەو کێشەیە و هەڵوێست وەرگرتن لە حاستیدا، شایەنی باسە تیۆری ستالین بۆ پێناسە کردن و چۆنێتی پەیدا بوونی نەتەوە و نەتەوایەتی و دانانی )ئابووری هاوبەش (بە مەرجێکی بنەڕەتی پەیدا بوونی هەر نەتەوەیەك (182)، دەگونجێت بۆ گەلانی ئەوروپا تا ڕادەیەکی زۆر گونجاوبێت، بەڵام بۆ نەتەوایەتی گەلانی ڕۆژهەڵات و جیهانی سێهەم کە لە هەل و مەرجی پێش سەرمایەداری پیشەسازیدا دەژین ڕاستیەکی چەسپاو نییە، چونکە نەتەوایەتی ئەوە گەلانە لە بازاڕی هاوبەشی سەرمایەداری سەری هەڵنەداوە، بەڵکوو هەل و مەرجی خەبات دژی داگیرکاری و لە سەنگەری ڕووبەڕوو بوونەوەدا خوڵقاوە، ئەو ڕاستیەی حیزبی تودە بە تەواوی تەمەنی دەرکی نەکرد .

ئەمە لە لایەك و لە لایەکیترەوە بە چاولێکەری حیزبی کۆمۆنیستی ڕوس کە خوازیاری ئەوە بوو بە پێکهێنانی نەتەوەی ڕووسی مەزن و لە قاڵبدانی تێکڕای چیە پرۆلیتاریا و زەحمەتکێشەکانی هەموو نەتەوە و ڕەگەزە جیاوازەکانی نێو یەکێتی شورەوی بە هۆی پارتە کۆمۆنیستە وابەستراوەکانەوە، شێوازێکی نوێ و چینایەتی پێوەری

نەتەوایەتی بێنێتە دی، حیزبی تودەش لە خەیاڵی دامەزراندنی ئێرانێکی سۆسیالیستدا بوو بە پێشڕەوی خۆی، کە تێیدا ڕەگەز و زمانی نەتەوەی غەیرە فارسەکان شوێنێکی لەو پرۆسەیدا نەبێت، بەڵکو نەتەوەیەکی چینایەتی ئێرانی بە زمانێکی فارسی ڕەسەن و بە ئیدۆلۆژییەکی ئینتەرناسیۆنالیستی مارکسی و لە پێناو بنیات نانی کۆمۆنیستیدا ئامانج و ئاوات بێت .مەسەلەیەکی وا نە لە شورەوی و نە بۆ حیزبی تودە،



www.pertwk.com

بگره له هيچ كويێيەكى ئەم جيهانەدا نەهاتۆته دى.

:2/2/4له سايەى وابەستەيى فيكرى و سياسى به ئەنتەرناليسيۆناليستى كۆمۆنيستەوه )كۆمێنترن.(

ئەوەى نابىَ لێرەدا له ياد بكرێت ئەوەيه، وابەستەيى حيزبى توده وەك هەر حيزبێكى كۆمۆنيستى ديكەى خۆرهەلاَتى ناوەڕاستى سەردەمى جەنگى سارد به كۆمێنترن و يەكێتى شورەوييەوه كاريگەرى خۆى هەبوو، له سەر مەسەلەى بايەخدان يان بايەخنەدان به كێشەى نەتەوايەتى و مافى گەلانى غەيره فارس له ئێران، چونكه حيزبى توده له سايەى ئەو وابەستەييەدا زياتر هەلَويستى جيددى لەو مەسەلانه وەردەگرن كه له بەرنامه و جێگەى بايەخى كۆمێنترن بوون، دياره مەسەلەى نەتەوه غەيره فارسەكان به گشتى و كێشەى له ئێران به تايبەتى ئەوەنده شوێنى گرنگى پێدان و بايەخى كۆمێنترن نەبووه و نەبۆته پايەيەك مەسەلەى ستراتيژى لەو ولاَتەدا پێوه گرى بدات، ئەوەش سەرچاوەيەكى ديكەى خەمساردى ئاوەڕنەدانەوەى حيزبى تودەيه له كێشەيەكى ئالۆزى بەوه شێوەيه.

له لايەكى ديكەوه خولانەوەى حيزبى توده له بازنەى بەرژەوەنديیه سياسيەكانى شورەوى له ئێران و ناوچەكەدا، ببووه سەرچاوەى گرتنه بەرى سياسەت و خيتابێكى دەق گرتوو به مەسەلەكانى : پێشكەوتنخوازى و كۆنه پەرەستى، دژايەتى ئەمريكا و ئيمپرياليزمى خۆرئاوا، هاندانى نزيك بوونەوه له شورەوى و به پيرەوه چوونى بەرژەوەنديیەكانى له ئێران، تێكراى ئەو مەسەلانه كه حيزبى تودەيان له مەڕ مەسەلەكانى مافى مرۆڤ، ديموكراتى، پەيوەندى دەولَەت و تاك، دەولَەت و هەرێمەكان، نەتەوەى فارس و نەتەوەى غەيره فارسەكان، فەرهەنگى گەلانى ئێران ...هتد ,دوور و بىَ ئاگا ڕاگرتبوو، ئەوەش نامۆ بوونى تودەييەكانى به واقيعى كۆمەلَگاى ئێران و گرفتەكانى تۆختر كردبووه و ڕەگەزەكانى ڕۆشنگەرى و داهێنانى له لاى ڕێبەرانى ئەو حيزبەدا مردار كردبۆوه.(183 )

سەرچاوه و پەراوێزەكان:

1ـ بۆزياتر:
عبدالهادى كريم سلمان، ايران فى سنوات الحرب العالميه اليانيه، مركز دراسات الخليج العربى، البصره، 1986.
2ـ نورالدين كيانورى، خاگرات نورالدين كيانورى، موسسه تحقيقات و انتشارات ديدگاه، تهران، 1272ش، ص 67ـ 68.
3ـ محمود تربتى سنجابى، قربانيان باور و احزاب سياسى ايران، چاپ أول، انتشارات ئسيا، تهران، 1275ش، ص 320.
4ـ د .گاهر خلف البكاو، التگورات الداخليه فى ايران 1941ـ 1951، بغدا،2002، ص 93.
5ـ يرواند ئبراهاميان، ايران بين دو انقلاب، ترجمه :كاقم فيروزمند، حسن شمس ئورى و محسن مدير شانه چى، چاپ چهارم، نشر مركز، 1280ش، ص 256.
6ـ محمود تربتى سنجابى، سەرچاوەى پێشوو، ل 320.
7ـ نورالدين كيانورى، سەرچاوەى پێشوو، ل 18.
8ـ احسان گبرى، كژراهه .خاگراتى از تاريخ حزب توده، چاپ أول، انتشارات اميركبير، تهران، 1366، ص 50.
9ـ بۆ زياتر:
تيمور بختيار، كتاب سياه )درباره سازمان افسران توده(، چاپ مگبوعات، تهران، اسفند ماه 1324.
10ـ نورالدين كيانورى، سەرچاوەى پێشوو، ل 97.



www.pertwk.com

11ـ یرواند ابراهامیان، سەرچاوەی پێشوو، ل .271
12ـ هەمان سەرچاوە، ل .274
13ـ بۆ زیاتر :
پیتر ئۆوری، تاریخ معاصر ایران، ترجمه :محمد رفیعی مهرئابادی .جلد دوم، چاپ چهارم، انتشارات عگائی، تهران، 1377ش، فصل نهم.
14ـ نورالدین کیانوری، سەرچاوەی پێشوو، ل .145
15ـ احسان گبری، سەرچاوەی پێشوو، ل 78. 82.
16ـ یرواند ابراهامیان، سەرچاوەی پێشوو، ل 281ـ 282.

17ـ د .گاهر خلف البکاو ، سەرچاوەی پێشوو، ل 223ـ 224.
18ـ ئەم هەوڵە لە لایەن )ناصر فخرئرائی (ەوە ئەنجامدرا کە سەر بە ڕێکخراوی )فدائیانی اسلام(بوو، ئەو ڕێکخراوەی لە ساڵی 1946دا لە لایەن خوێندکارێکی ئاینی بە ناوی )مجتبی نواب صفوی(یەوە دامەزراو یەکێك بوو لە سەرسەختترین گروپە مەزهەبییەکان کە لە ڕووی سیاسییەوە ئەندێشەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی هەبوو،

ترۆری سیاسیشی پراکتیزە دەکرد بۆ لە ناوبردنی نەیارەکانی، ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی 1956دا بە لە سێدارەدانی دامەزرێنەرەکەی کۆتایی هات .بڕوانە:

جمعی از نویسندگان، سلسله پهلوی و نیروهای مژهبی به روایت تاریخ کمبریج، ترجمه :عباس مخبر، چاپ دوم، تهران، 1272، ص 295ـ 297.
19ـ احسان گبری، سەرچاوەی پێشوو، ل 82ـ 86، نورالدین کیانوری، سەرچاوەی پێشوو، ل 183ـ 185.
20ـ بۆ زیاتر:
سپهر زبیح، ایران در دوران دکتر مصدق، ترجمه :محمد رچا رفیعی مهرئبادی، تهران، .1263
21ـ یرواند ابراهامیان، سەرچاوەی پێشوو، ل 287ـ 288.
22ـ هەڵاتووەکان بریتیبوون لە )بقراگی، مهندس علوی، کیانوری، شاندرمنی، جوادی، صمد حکیمی، خسرو روزبه، قبادی، نوشین، دکتور یزدی و احمد قاسمی (کە لە کاتی خۆیدا دەنگۆکە وا کەوتبوو گوایا ڕەزم ئارا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی شورەوی ئەم دەرفەتەی داونێ .بڕوانە:
پیتر ئۆوری، سەرچاوەی پێشوو، ل .400
23ـ خلیل گهماسبی سەر ب ڕێکخراوی فدائیانی اسلام هەستا بە کوشتنی ڕەزم ئارا، ئەو )خەلیل (ی کە ساڵی 1955د گیراو پاشتر گوللەباران کرا .بڕوانە:
ابراهیم صفایی، رهبران مشروته، فرهنگ و هنر، تهران، .1356
24ـ یرواند ابراهامیان، سەرچاوەی پێشوو،ل 288ـ 289.
25ـ نورادین کیانوری، سەرچاوەی پێشوو، ل 242ـ 245.
26ـ ح.ارسنجابی، یادداشتهای سیاسی، تهران، 1335، ص.4
27ـ بۆ زیاتر:
مارگ.د.گازیورسکی، سیاست خارجی أمریکا و شاه، بنای دولت دست نشانده در ایران، ترجمه :فریدون فاگمی، چاپ أول، سعدی، نشرمرکز، تهران، .1271
28 - یرواند ابراهامیان، سەرچاوەی پێشوو، ل .294
29- نورالدین کیانوری، سەرچاوەی پێشوو، ل .337 -335
30- هەمان سەرچاوە، ل .352 -351


www.pertwk.com

31- احسان گبری، سەرچاوەی پێشوو، ل .238 -234
32- نوالدین کیانوری، سەرچاوەی پێشوو، ل .475 -474
33- مازیار بهروز، شورشیان ێرما نخواه، چپ در ایران، ترجمه :مهدی پرتوی، تهران، ققنوس، 1380، ص.170
34- هەمان سەرچاوە، ل 218،.219
35- بۆ زیاتر:
خلیل ملکی، برخورد عقاید و ێرا، ویرایش و مقدمه : محمد علی همایونی کاتوزیان، امیر پیشداد، چاپ دوم، تهران، .1376

36- احسان گبری، سەرچاوەی پێشوو، ل .239
37- هەمان سەرچاوە، ل .40
38- فریدون کشاورز، من متهم می کنم کمیته مرکزی حزب توده ایران را، انتشارات رواق، تهران، ص .80 -79
39- خلیل ملکی، سەرچاوەی پێشوو" اسکندری، "حزب توده و شوروی "در فصلی در گلی سرخ .شماره 3، پاییز .1365
40- نورالدین کیانوری، سەرچاوەی پێشوو، ل .137 -136
41- گەڕشتە چراغ راه ێیندااست، ل .585 -582
42- مردم، شماره 67، 23دیماه .1329
43- سپهر زبیح، سەرچاوەی پێشوو، بەشی 4وە.
44- نورالدین کیانوری، سەرچاوەی پێشوو، ل 247 -242" مازیار بهروز، سەرچاوەی پێشوو، ل .46 -45

45- گەڕشتە چراغ راه ێیندااست، ل .703
46- درباره 28مرداد، نشریه کمیته مرکزی حزب توده ایران، بهمن .1332
47- بۆ زیاتر:
جمعی از نویسندگان، انقلاب اسلامی و چرایی و چگونگی رخداد ێن، چاپ أول، قم" 1378، د .ێمال السبکی، تاریخ ایران السیاسی بین پورتێن (1979 -1906)، سلسله عالم المعرفه 250، الکویت، .1999
48- بۆ زیاتر :احسان گبری، سەرچاوەی پێشوو، ل .203
49- کیانوری، نورالدین، پرسش و پاسخ درباره مشی سیاسی حزب توده ایران، (2)، چاپ أول، شرکت سهامی، تهران، 1258، ص -24 25.
50- وەرگیراوە لە :عبدالرچا هوشنگ مهدوی، سیاست خارجی ایران در دوران پهلوی 1357 -1300، چاپ سوم، تهران، 1375، ص 484.

51ـ نورلدین کیانوری، پرسش و پاسخ.....، ل .25
52ـ هەمان سەرچاوە، ل .27
53ـ شایەنی باسە کیانوری ئەوەندە بە توندی و بێ قەید و شەرت لایەنگری باڵی مەزهەبی توندڕەوی دەکرد کە لە لایەن )د .کریم سنجابی ( یەوە ناوی )ێیه الله کیانوری (بە سەردا دابڕا .بڕوانە:
دکتر کریم سنجابی، امیدها و نا امیدی ها، چاپ اول، لندن، 1268، ص .370

54ـ مازیار بهروز، سەرچاوەی پێشوو، ل .215
55ـ سازمانی کارگەرانی ئینقلابی ئێران )راهی کارگەر (ـ کۆمیتەی کوردستان، کورتەیەك بۆ ناسینی سازمانی کارگەرانی ئینقلابی ئێران )راهی کارگەر(، بێ ش، بێ م، ل 18ـ .19


www.pertwk.com

56ـ مازیار بهروز، سەرچاوەی پێشوو، ل .48
57ـ بۆ زیاتر:

ارتشبد حسین فردوست، ڤهور و سقوگ سلگنت پهلوی، جلد أول، چاپ دوم، تهران، 1370،ص 279ـ 471.
58ـ احسان گبری،سەرچاوەی پێشوو، ل 189 -188، 228، 229، 254"
نوالدین کیانوری، خاگرات....،ل .461 -443
-59مازیار بهروز، سەرچاوەی پێشوو، ل .60 -55
-60بۆ زیاتر، احسان گبری ، سەرچاوەی پێشوو، ل .294 -267
-61بۆ زیاتر : محمد رچا پهلوی، پاسخ به تاریخ، به کوشش :شهریار ماکان، چاپ سوم، تهران، 1377، ص .349 -348
-62بروانە :خلیل ملکی، سەرچاوەی پێشوو، ل 122، 124" مازیار بهروز، سەرچاوەی پێشوو، ل .269 -263
-63گـزشته چراغ راه ئینداست، ل 151، .201
-64بۆ زیاتر:
د.یاسین سەردەشتی، کوردستانی ئێران .لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد (1979 -1939)، سلێمانی، 2003، ل .110 -67
-65یرواند ابراهامیان، سەرچاوەی پێشوو، ل .358

66- British charged Affaires to the Foreign office,Memorandum
the Tudeh Congress ,F.O 371\ persia \644\ 34 -40187.

-67گـزشته راه ئینداست، ل151، رهبر، 16 -14شهریور .1323

-68حیزبی تودە لە سەرەتای ساڵی 1945دا لقی خۆی لە شاری کرماشان کردەوە کە ناسراوترین ئەندامەکانی : محمد حسن خسروی، سید محمد کزازی، عبدالعقیم دزفولی، حسن سالمین ,حسین جمشیدی، حشمت سبحانی،فاچل بحرالعلوم و حمید سالمی بوون، ولە لایەن ئاغای شهاب پورەوە ڕابەری دەکرا، دوای ئەویش محسن علوی سەرپەرشتی کۆمیتەی کرماشانی حیزبی تودەی گرتە ئەستۆ، شایەنی باسە ڕۆژنامەی )بێستون (کە لە لایەن ئاغای مهدی فرهپور هەر لە ساڵی 1942ەوە لە کرماشان بە زمانی فارسی دەردەکرا، بووە ئۆرگانی لقی کرماشانی حیزبی تودە، ئەو ڕۆژنامەیەی کە تا ساڵی 1949 بەردەوام بوو، بڕوانە:
محمد علی سلگانی، احزاب سیاسی و ا نجمن های سری در کرمانشاه، جلد دوم، تهران، 1378، ل .304 -329

-69عمویی کە یەکێکە ل ئەفسەرە تودەییە ناسراوەکانی لەشکری ئێران، و خەڵکی کرماشانە، باس لەوە دەکات کە خەڵکی ئەودەمی کرماشان تودەیی بوون و کۆمۆنیستی و خوانەناسییان بە یەك شت دەزانی .بڕوانە : محمد علی عمویی، درد زمانه، انتشارات انزان، تهران، 1377، ل 16.

70- British Ambassador to the Foreing office, 25 September 1945
F.O. 371\ Persiq 1945\ 34 – 45 451.


www.pertwk.com

-71هێمن، تاریك و ڕوون، گوڵبژێریك له شیعرەكانی هێمن، له بڵاوكراوەكانی بنكەی پێشەوا، ل .20

) -72كریس كۆچێرا (تێكدانی حیزبی ئازادی كوردستان دەخاتە ئەستۆی شورەوییەكان و بە سەرەتای هاوكاری ئێرانی –شورەوی دادەنێت بە مەبەستی دامركاندنەوەی ڕاپەڕینە چەكدارانەكەی گەلی كورد لە ورمێ .بڕوانە:

كریس كۆچێرا، مێژووی كورد لە سەدەی 19 -20دا، وەرگێڕانی :محمد ریانی، تاران، 1369، ل .257

-73د .یاسین سەردەشتی، سەبارەت بە حیزبی ئازادی كوردستان، بەدرخان -مانگنامەیەكی هونەری ڕۆژنامەوانی گشتی ئازادە، ژمارە 38، 39، سلێمانی، 22تشرینی دووەم و كانوونی یەكەمی .2003

-74حوسێنی مەدەنی، كوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی دووەم ,بێ شوێن، 1380، ل .233 -232

-75هەژار )عەبدولڕەحمان شەرەفكەندی(، چێشتی مجێور، ئامادە كردن و سەرپەرشتی كردنی چاپ :خانی شەرەفكەندی، چاپی یەكەم، پاریس، 1997، ل .72

-76وەرگیراوە لە :حوسێنی مەدەنی، سەرچاوەی پێشوو، ل .232

-77بڕوانە :یرواند ابراهامیان، سەرچاوەی پێشوو، ل .264

-78هەمان سەرچاوە، ل .361

-79رهبر، 21 -28مرداد .1324

-80علی دهقان، سرزمین زردشت، رچاێ‌ه، چاپ أول، انتشارات ابن سینا، ص .712 -711

-81گـزشته چراغ راه ێینداست، ل .350

-82هەمان سەرچاوە، ل .352 -351

-83مردم، 18دی .1324

-84 پیتر ێوری، سەرچاوەی پێشوو، ل .388

-85لینین، کلیات ێ پار، جلد 22، چاپ مسکو، ص .164

-86نورالدین كیانوری، سەرچاوەی پێشوو، ل .129 -127

-87ایران مان 20ێبان، 10ێزر .1324

-88رهبر، 3و 6اردیبهشت .1325

-89د.رادمنش، صورت جلسات مژاکـرات مجلس، مجلس چهاردهم، 4دی .1325

-90رهبر، 4شهریور .1325

-91ایران ما، 29اسفند، .1324

-92رهبر، 12ێبا نماه 1325" مردم، 11بهمن 1324، 11دیماه .1325

-93بۆ زیاتر:

احسان گبرێ، سەرچاوەی پێشوو، ل 69 -66" خلیل ملكی، سەرچاوەی پێشوون ل .122 -116

-94كوهستان، 13ابان .1325

-95احسان گبرێ، سەرچاوەی پێشوو، ل .77 -72شایەنی باسە كیانوری لە بیرەوەرییەكانیدا بە ڕاشكاوی دان بەو هەڵە مەزنەدا دەنێت كە حیزبی تودە ئەو كاتە تێیكەوتبوون هەروەها باسی لەوە كردووە كە وەزیرە تودەییەكان ژێر بە ژێر هاتوچۆی شاهەنشایان كردووە و پەیوەندییەكان بە دەربارەوە هەبووە :بڕوانە:

نورالدین كیانوری، سەرچاوەی پێشوو، ل .139 -136

-96وەرگیراوە لەك نەوشیراون مستەفا ئەمین، حكوومەتی كوردستان ڕێبەندانی -1324سەرماوەزی 1325، چاپی دووەم، هەولێر،



www.pertwk.com

1993، ل .237

-97گـزشته چراغ راه ىَندااست، ل .482 -481

-98بەیان نامەی دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکرتی کوردستان، کۆمیتەی ناوەندی، سەرماوەزی ) 1343نوامبری .(1964

-99یرواند ابراهامیان، سەرچاوەی پێشوون ل .279 -278

-100کمیته مرکزی حزب توده، شعارهای حزب توده، رزم، 8دی .1331

-101مردم، 14بهمن .1327

-102لە ڕاستیدا بەستنەوەی کێشەی نەتەوایەتی گەلانی غەیرە فارس بە خەباتی دژی ئیمپریالیستی لە ئێراندا وەك دیدێکی زاڵ و کارپێکراو لای سەرانی حیزبی تودە تا دوا تەمەنی ئەو حیزبە بەردەوام بوو، بە جۆرێك قسەکردن لەو کێشەیە بە شێوەیەکی سەربەخۆ و هەنگاونان بۆ چارەسەرکردنی چووبووە خانەی فەرامۆشییەوە، بۆ نموونە لە یەکێك لەو کۆبوونەوانەی لە باکۆی ئازەربایجانی شورەوی گرێدران و سەرانی حیزبی تودەی لێ ئامادە بوون، کاتێك قسە لە کێشەی کورد و نەتەوە غەیرە فارسەکان هاتە گۆڕێ، ئیرج اسکندری، گوتی "ئێمە فارس و ئازەر و کورد وەك سێ منداڵی بێ باب واین، نانەکەمان لە سندووقێك دایە، لاسارێکی مل ئەستور قفڵی داوە و لە سەری دانیشتووە، دەبێ هەر سێکمان پێکەوە لە سەر سندوقی فڕێ دەین و ئەوسا نانەکەمان دەست کەوێ و پێکەوە تێربین، ئێستا باسی جیابوونەوەی ئازەربایجان و کوردستانێك نابێ بکرێ ."بڕوانە :هەژار، سەرچاوەی پێشوو، ل .345

-103خود گەردانی چەمکێکی فارسییە کە لە دوو بەش پێکدێت، ئەویش )خود/خۆ (و )گردان/گێڕان(ە، لە ڕووی سیاسییەوە واتە مافی خەڵکانی هەرێمێکی دیاریکراوی وڵاتێك کە کاروباری خۆیان لە سایەی ئەو یاسا و دەستورانەی دەسەڵاتێکی ناوەندی بە هێز بە سەریاندا دەسەپێنێت، بەرن بەڕێوە، بێ ئەوەی کاریگەرییەکی ئەو تۆیان لە داڕشتنی ئەو یاسا و پەیوەندییانەدا هەبێت کە ناوەند بۆ بەڕێوەبردنی وڵات دەیگرێتە بەر، چەمکێکی وا کە ناتوانرێت وەك سەرەتاییترین چەمکەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووس و بە دیهێنەری لانی کەمی یەکسانی نەتەوایەتی لە وڵاتێکدا لە قەڵەم بدرێت.

-104غەنی بلوریان، ئاڵە کۆك .بە سەرهاتەکانی سیاسی ژیانم، ستۆکهۆڵم، 1997، ل .78

-105هەمان سەرچاوە، ل .79

-106هەمان سەرچاوە، ل .111

-107دکتور عبدالرحمان قاسملو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، کورتەیەك لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، فەسڵی سێیەم، ل .17

-108کەریمی حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی یەکەم، سوید، 1986، ل .187 -186

-109هەمان سەرچاوە، ل .164

-110هەمان سەرچاوە، ل .186

-111سەعید کاوە، ئاوڕێك لە بە سەرهاتەکانی خۆم و ڕووداوەکانی نێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، چاپی یەکەم، بێ ش، 1996، ل .19

-112بۆ زیاتر :د .یاسین سەردەشتی، سەرچاوەی پێشوو، ل .272 -268

-113کەریمی حیسامی، سەرچاوەی پێشوو، ل .207

-114هێمن، سەرچاوەی پێشوو، ل .39

-115کەریمی حیسامی، سەرچاوەی پێشوو، ل .201

-116حیزبی یەکەمیان لە مەهاباد دامەزرا و سەر بە بەرەی شاپەرەستەکان بوو، ئەوی دیکەشیان لە شاری سنە لە لایەن )شێخ معتصم حیسامی (پێکهێنرا و پشتگیری بەرەی نیشتمانی و موسەددەقیان دەکرد.



www.pertwk.com

-117جەلیل گادانی، با نەبێتە درۆی پاش مردوو، بێ ش، 2000، ل .19
-118هەمان سەرچاوە، ل 123" غەنی بلوریان، سەرچاوەی پێشوو، ل .156 -155
-119وەرگیراوە لە:
مسعود البارزانی، البارزانی و الحرکـه التحرریـه الکـردیـه، الکـرد و پوره 14ا تموز|14 1958 تموز 11 -1958|أیلول1961 |، کـردستان، 1991، ص .253
-120غەنی بلوریان، سەرچاوەی پێشوو، ل 156" د.یاسین سەردەشتی، سەرچاوەی پێشوو، ل .308 -307
-121احسان گبری، سەرچاوەی پێشوو، ل .196 -192
-122بەیانی نامەی )حیزبی دیموکراتی کوردستان (بە بۆنەی 10ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی جەمهوری دیموکراتی کوردستان، کۆمیتەی سەرکردەیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، 10ی خاکەلێوەی .1339
-123بۆ زیاتر :مسعود البارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل .292 -255
-124کەریمی حیسامی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی سێیەم، ستۆکهۆڵم، 1988، ل .7
-125بڕوانە :هەژار، سەرچاوەی پێشوو، ل 366، 388، .402
-126کەریمی حیسامی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووەم، سوید، 1987، ل.154
-127هەمان سەرچاوە.
-128هەمان سەرچاوە، بەرگی سێیەم، ل .18 -17
-129هەمان سەرچاوە، ل .13 -12
-130بۆ زیاتر:
یاسین سەردەشتی، خوێندنەوەیەکی مێژوویی جوڵانەوە چەکدارییەکەی کوردستانی ئێران لە ساڵانی 1968 -1967دا، ئامادە کردنی بەڵگەنامە و بڵاوکردنەوەی :شازین هێرش، سلێمانی، .2002
-131نورالدین کیانوری، سەرچاوەی پێشوو، ل .433

-132بۆ دەقی ڕێکەوتننامەکە بڕوانە:
کەریمی حیسامی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی سێیەم، ل .100 -96
-133شمارە گزارش12 /189 :هـ، موچوع :ایجاد تشکیلات حزبی در ایران با ائتلاف تودەایهای ایران وعراق و حزب دمکرات کردستان ایران، تاریخ 46 /5/12در :چپ در ایران، بە روایت اسناد ساواك حزب دمکرات کردستان، جلد اول، تهران، 1378، ص .451
-134هەمان سەرچاوە، شمارە گزارش1976 :، موچوع :مخالفت حزب منحلە تودە با شورش کردستان ایران، تاریخ6/12/46 :، ص .452

-135احسان گبری، سەرچاوەی پێشوو، ل .142
-136عبدالرچا هوشنگ مهدوی، سەرچاوەی پێشوو، ل 419 -414" محمد رچا پهلوی، سەرچاوەی پێشوو، ل .262 -216
-137کەریمی حیسامی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی سێیەم، ل .126
-138هەمان سەرچاوە، ل .181
-139حیسامی دەڵێت "ڕێبەرایەتی حیزبی تودە نەك هەر بۆ یارمەتی برادەران و بە جێ گەیاندنی قەوڵ و قەرارەکانیان هەنگاویان نە هاوێشت، بەڵکوو کەوتبوونە پەلپ و بیانوش، ڕۆژێك لە پڕ نامەیەکیان بۆ ڕادیۆ نار بوو کە گۆیا بەشی کوردی پەیکی ئێران حکوومەتی عێراقی پەلامار داوە، لە کاتێکدا سرف درۆ بوو، کاك حەسەنی قزڵجی گوتی :ئەوە سەرەتای پەلپ وبیانووە، پیاو ئەگەر بە دەستی خۆی پەت بکاتە ملی خۆی ئاوا دەبێ "هەمان سەرچاوە، ل .184


www.pertwk.com

140-بۆ زیاتر :د .یاسین سەردەشتی، کوردستانی ئێران....، ل .399 -381

141-هەمان سەرچاوەن ل .422

142-بهاوالدین نوری، مژاکراتی، الگبعه الپانیە، سلیمانیە، 1993، ص .349

143-ئەحمەد بانیخێلانی، بیرەوەرییەکانم، سوید /ستۆکهۆڵم، 1997، ل .344 -343

144-جلیل گادانی، سەرچاوەی پێشوون ل .51 -50

145-مردم، ژمارە1، خەزەڵوەری 1358 بەرامبەر 23/ی ئوکتوبەری .1979

146-هەمان سەرچاوە.

147-مردم، ژمارە 21، 18ی جوزردانی .1359

148-هەمان سەرچاوە.

149-هەمان سەرچاوە.

150-نورالدین کیانوری، سەرچاوەی پێشوون ل .463

151-احسان گبری، سەرچاوەی پێشوو، ل 143، 301، 303، .307

152-سندشمارە 30، موچوع :موقعیت کردها، تاریخ2 :سپتامبر 1979در :اسناد لانە جاسوسی .کردستان (1)، ص .175

153-مردم، )مهرماه .1358

154-بۆ زیاتر:

د.یاسین سەردەشتی، سەرچاوەی پێشوون ل 440 -439، .463 -462

155-مردم، ژمارە 21، جوزردانی .1359

156-بۆ زیاتر:

مردم، ژمارە 2، 13ی بەفرانباری 1358“ عبدالله حسن زادەن نیو سەدە تێکۆشان، بڵاوکراوەی کۆمسیۆنی چاپەمەنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، گەلاوێژی 1374ی هەتاوی، ل .197 -193

157-مردم، ژمارە 15، 7ی بانەمەڕی .1359شایەنی باسە حەسەنی قزڵجی لە دانیشتنێکدا بە جەفەنگ دابووی بە ڕووی کیانوریدا و پێی گوتبوو "هاوڕێ کیانوری تۆش بەم خەتی ئیمامەت سەرمان بە فەتارەت دەدەی ....ئاخیر قوربان موللاو ئینقلابی ."بڕوانە :حەسەنی ماوەرانی، بە یادی نووسەر و ئەدیب وتێکۆشەری شەهید مامۆستا حەسەنی قزڵجی، هیوا –گۆڤار، سوید، ژمارە 9، ل .37

158-بڕوانە :گزارش کمیتە مرکزی کنگرە چهارم حزب دمکرات کردستان ایران .توسگ دبیر کل رفیق دکتر عبدالرحمان قاسملو، 1اسفند 1358/ فوریە .1980

159-بۆ زیاتر :د.یاسین سەردەشتی، کوردستانی ئێران...، ل .441 -419

160-ئەو حەوت کەسە بریتیبوون لە :غەنی بلوریان، فەوزیە قاچی، فاروق کیخسروی، ئەحمەد عەزیزی، نوید معینی، دکتور رحیم، سەیفی قاچی، مامۆستا هێمن، شایەنی باسە مامۆستا هێمن هەڵەیەکی مەزنی کرد کە پاڵی بەو بەرەیەدا، بەڵام نەکەوتە داوی خیانەتەوە، چونکە هەر زوو خۆی لەو تاقمە جیا کردەوە و شێوازێکی دیکەی بۆ خەبات هەڵبژارد.

161-احسان گبری، سەرچاوەی پێشوو، ل 299“ نورالدین کیانوری، سەرچاوەی پێشوو، ل .533

162-سەعید کاوە سەرچاوەی پێشوو، ل .215 -214

163-محاهد .نشریە سازمان مجاهدین خلق ایران .مردادماە .1364

164-فاتح رسول، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان .ڕووداو بەڵگەنامە، بەرگی دووەم، سوید، 1992، ل .188



www.pertwk.com

-165جليل گادانى،  50ساڵ خەبات.كورتە مێژوویەكی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران، بەرگی یەكەم، بی م، ل .248
-166چاو پێكەوتن لەگەڵ كاك سەلاحودینی موهتەدی، سلێمانی، .4/10/2003
-167جليل گادانى،  50ساڵ خەبات، ل .249

-168كورتە ڕاپۆرتی دەفتەری سیاسی، كە لە لایەن سكرتێری گشتی حیزب، دكتۆر عبدالرحمن قاسملووەوە لە ڕۆژی 10ی مانگی خەزەڵوەردا
-1359)ل (پێشكەش بە كۆبوونەوەی گشتی كۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران كراوە.
-169مردم، شماره 243،  4خرداد .1359
-170فاتح رسول، سەرچاوەی پێشوو، ل .35

-171بۆ زیاتر:
اعترافات كادر مركزی حزب توده، سازمان تبلیغات اسلامی، تهران، .1362
-172بڕوانە :جليل گادانى،  50ساڵ خەبات، ل .291 -288
-173سەعید كاوە، سەرچاوەی پێشوو، ل .250
-174شایەنی باسە %80ی ڕێبەرە دامەزرێنەرەكانی حیزبی تودە لە ڕۆشنبیرە فارسەكانی دانیشتووی تاران پێكدەهاتن كە ناوەندی تەمەنی تێكڕایان  37ساڵ دەبوو .بڕوانە :یرواندابراهامیان، سەرچاوەی پێشوو، ل 260، .298
-175بۆ زیاتر:
یاسین خالد سردشتی، لمحات عن الاوچاع السیاسیه و الاقتصادیه و الاجتماعیه فی شرق كوردستان 1939 -1930، مە تین -مجله سیاسیه پقافیه، الصدد 58، تشرین الپانی .1996
-176وەرگیراوە لە :یرواند ابراهامیان، سەرچاوەی پێشوو، ل .354
-177نورالدین كیانوری، سەرچاوەی پێشوو، ل .70 -60
-178بۆ زیاتر :جورج گرابیشی، المارکسیه و المسأله القومیه، الگبعه الاولن، بیروت، .1969
-179بڕوانە :ایڤان غروشیڤ، المسأ له القومیه فی الا تحاد السوفیتی . پجارب و حلول، تعریب:
فارس عچوب، بیروت، .1973
-180ڤلادیمیر ایلتش لنین، المولفات الکامله، باریس، موسکو، المجلد20، ص .161
-181هەمان سەرچاوە، المجلد 20، ص .151
182بۆ زیاتر :الیاس مرقص، الستالینیه و المسأ له القومیه، عن کتاب :الفکر السیاسی، الگبعهالاولی، دمشق، .1963
-183بۆ زیاتر :مازیار بهروز، سەرچاوەی پێشوو.


www.pertwk.com

www.pertwk.com